# هونەری
# سەرناوک و خوارناوک

هۆشیار جەمال



هەواڵنامەی کتێب

# هونەری سەرناوک و خوارناوک

هۆشیار جەمال

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: هونەری سەرناوک و خوارناوک
- بابەت: وتاری ڕەخنەی
- ناوی نووسەر: هۆشیار جەمال
- هەڵەچن: ئاری جەلال
- دیزانینی ناوەوە: هۆشیار جەمال
- دیزاینی بەرگ: محمەد زاری
- چاپی یەکەم: ٢٠٢١
- چاپ:چاپی یەکەم


هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە....

بە ڕوحی ڕۆمـــاننووس مـــحەمەد مـــوکری، کە دیـــوێکی تـــری جـــــوڵانەوەی ڕزگــــاریخوازی کـــوردی لە ڕۆمانەکانەکانیـــــدا نووسییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

زاراوەی ڕەخنە لە لاتینیدا بە(krino.kitike)هاتووە، کە بە دوو واتا دێت:

یەکەم/ جیاکردنەوە یان شیکردنەوە

دووەم/حوکومدان یان هەڵسەنگاندن.

لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی(نقد)ی بۆ بەکارهاتووە، لەزمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی (criticism)ی بۆ بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار ((فرانسۆ خوریە)) لە نووسینەکانیدا بەکارهێناوە، کە بە ڕەخنەی دەگووت (سەرلەنوێ بیرکردنەوە).

فەرهەنگی ئۆکسفۆردیش ڕەخنە بەم شێوەیە پێناسە دەکات((بەیانکردن، یاخود نیشاندانی ناڕازیبوونە لەهەمبەر شتێک، یان کەسێک بە تێگەیشتن لە هەڵە و کەموکورتییەکانی)) واتە ڕەخنە لە ئەنجامی هەڵە، یاخود کەموکوڕی دروست دەبێت.

لەم کتێبەشدا چەندین پرس و دیاردەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە چوارچێوەی زنجیرە وتارێکی شیکاری و ڕەخنەییدا خراونەتە بەر باس، واتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەمەڕەنگن و تایبەت نین بە تاکە پرسێکی دیاریکراوەوە، لە ڕووی کاتیشەوە لە ساڵێک، یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا نەنووسراون، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەکی نزیک بە ئامانجی سەرلەنوێ بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە هەندێک پرس و دیاردەی هەنوکەیی بە مەبەستی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی

دروست و خەمخۆرانە، تیشکدان لە داهاتوو و ئامادەسازییە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو و چەشنێکە لە هۆشداریدان بە ئامانجی نوێبوونەوە و گەشەسەندن.

ئەم زنجیرە وتارانە پێشتر لە بەشێک لە سایت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و کاغەزییەکانی باشوری کوردستان و هەندێک لە سایتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە.

**ئاری جەلال**

هەواڵنامەی کتێب

# سەرکردەکانی کورد و درۆ

کەم رۆژ هەیە گوێبیســـتی ئەم وتەیە نەبیــت، کە دەڵێـــت سیاســـەت هەمـــووی درۆیە، یـــاخود سیاســـییەکان زۆربەیـــان درۆدەکەن، پرۆفیســـۆرجۆن جەی میرشـــەمیر لە کتێبـی بـــۆچی سـەرکردەکان درۆدەکەن، دەڵێت"سیاسـەتمەدارەکان درۆنـاکەن، بەڵام لەوتنی ڕاستیدا ڕەزیلی دەکەن."

کتێبەکەی پرۆفیسۆرجۆندا درۆی سـەرکردەکانی جیهان ڕوون دەکاتەوە، کە بەشێکیان لە پێناو بەرژەوەنـدی هاونیشـتیمانیانی وڵاتەکەیاندا درۆیان کردووە، لە کاتەجیاوازەکاندا، ئەگەرچی درۆ کردەیەکی بێزراوە لە هەمـوو ئـاین و ئایـدۆلۆجیادا و کۆمەڵگا و کلتورێکدا.

بەڵام ئەوەی بـۆ مـن گـرنگە درۆی سـەرکردەکانی کـوردە لە قۆنـاغی شـاخ و شاریشـدا کە تەنهـا حوکـومڕانی شـاریان زیـاتر لە چارەکە سەدەیەکە.

سـەرکردە سیاسـییەکانی کـورد کەلەشـاخ بـوون بە لێـدانی دەهـۆڵی ڕۆشـنبیری و خەباتکردن لە پێنـاو ئـازادی و دادپەروەریـدا گـوێی هەمووانیـان کەڕکردبـوو، هەتـا لە شـاخ بـوون لە چـاوی قەڵەم بە دەسـتانەوە وەک بنـاغەدانەری یۆنـانی کـۆن و شـارەزای قوتابخانە فەلسەفیەکان دەبینران.

بەڵام کە هاتنەوە لە شاخ و بوون بە دەسەڵاتداریەکەم چینی کۆمەڵگـــا کە کەوتە تیرۆکـــردن و ئیهـــانەکردنی ڕۆشـــنبیران و شـاعیران کە دەبـوو یـان وەک حیزب بیربکەنەوە، یـان شـوێنێک

نـامێنێ بـۆ ژیـانکردن بۆیـان. دوای ئەوایـش درۆیەکـی تریـان کە شفبوو کە ئازادی بوو بۆ تاکەکان کە هەر هاوڵاتییەک ئینتیمای بۆحیزب نەبووبێت بە چەندین شیوە بێ بەش دەکرێ لە داهاتی ئەم هەرێـــمە، لەدوای ئەوانـــیش درۆی دادپەروەری دێـــت، سـەرکردایەتی کورد نەک نەیتوانی دادپەروەربێت بە ڵکو لەگەڵ گەیشـت بە شار دەمو دەزگا حوکومیەکانی تاڵان کرد و ئاودیوی سنوورەکانیان کرد.

یەکێکـی تـر لە درۆکـانی سـەرکردەکانی کـورد دروسـتکردنی دوژمنی وەهمی بـووە، کە زۆر بێ شـەرمانە ئیشـیان لەسـەر ئەم درۆیە کردوە،بە تایبەت لە کاتێکدا کە دەنگی ناڕازی بەرزبۆتەوە لە نـاوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردسـتان، خێرا چەنـدین درۆی گەورەیـان کـردوە و دەیان دوژمنی نـاوخۆیی و دەرەکیـان دروست کردوە.

هەروەهـــا لە ڕێگـــای درۆکـــردنەوە هەردەم ئیشـــیان لەســـەر دروستکردنی ترس کردووە لە دڵ و دەروونی هاونیشتیمانیدا،کە خۆیـان وا وێنـاکردووە ئەوان نەبـن ئەزموونەکەمـان لە دەسـت دەچێت و هەموو گەلی کورد لەناو دەچێت.

سـەرکردەکانی کـورد لە کـاتی ڕوودانـی جەنگیشـدا هەردەم درۆکانیـان ئامـادەبووە، ئەو هێزانەی لە بەردەسـتیاندابووە وەک هێزێکـی تـۆکمە لە ڕووی چەک و پێداویسـتی جەنگـی و مـادە و لایەنـی مەعنەوەیـیەوە وێنـاکردوە، بەڵام لەسـەر ئەرزی واقیـع پـێچەوانەکەی ڕاسـتبووە، ئەزمـوونی شـەڕی داعـش ئەم ئەفسـانەیەی پـوچەڵ کـردەوە، کاتێـک کە ئەگەر ئەمریکـا و

هەواڵنامەی کتێب

زلهێزەکان نەبوونایە، لە چەند سەعاتێکدا هەموو کوردستان بە دوای یەکدادەکەوت.

سەرکردە شۆرشگێرەکانی دوێنێ و مشەخۆرەکانی ئەمڕۆی سەر جەستەی تاک بە تاکی کورد لە ڕێگای سەدان دەزگای ڕاگەیاندنەوە و بەهاوکاری بەشێکی زۆری ڕۆشنبیر و ڕوناکبیران ، مامۆستایانی ئاینی و ڕۆژنامەنووسان، هەردەم پاکانە بۆ درۆی سەرکردەکانی کورد دەکەن و هۆکارێکی سەرەکین بۆ مانەوەی ئەم چەند کەسە لە حوکومڕانیدا.

گەر سەرکردەکانی جیهان بەشێک لە درۆکانیان لە پێناو گەلەکەیاندابێت، ئەوا هەموو فەرهەنگی سیاسی و ڕاگەیاندنی کوردی بگەڕێیت درۆیەک نادۆزیتەوە لە بەرژەوەندی خەڵکدا کردبێتیان، بەڵکو هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی خێڵ و حیزبەکانیاندا بووە، بۆیە ئەو وتەیەی کە دەڵێت:"پێویستە لە تەنیشت هەرسیاسییەکەوە دارێک بنێژرێت بۆ سیاسی و سەرکردەکانی کورد زۆر گونجاوە."

دواجار سەرکردایەتی کورد بە درۆکانیان ئاسمان و زەوی کوردستانیان فرۆشت و سەرجەم ئەو داهاتانەی کە لەسەر زەوی و ژێرزەوی کوردستان هەیە فرۆشتیان و کارەسات ئەوەیە لەپاش ئەو هەموو درۆیە و ئەو کارەسات و فرۆشتنی هەموو کوردستان کەسانێک هەبن بەرگریان لێبکەن و شەڕیان لە پێناودا بکەن!؟

# موزایەدەکردن بە ناوی پێشمەرگەوە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەبادی سەرۆک وەزیرانی حوکومەتی عێراق سەرکەوتنی هێزەکانی عێراقی لە جەنگی دژ بە داعشدا ڕاگەیاند و ناوی هێزی پێشمەرگەی نەهێنا،لەبەرانبەردا لە هەرێمی کوردستان هەرایەکی ڕاگەیاندنی زۆر لە ناو میدیاحیزبیەکاندا دروست کرا.

بە ناوی پشتگیری لە هێزەکانی پێشمەرگە و تەنانەت حیزب کادرەکانی هێنایە سەر جادە لە شاری هەولێر ، لەو لاشەوە کۆمەڵێ پەرلەمانتاری کوردستان کە ماوەی دووساڵ زیاتر پەرلەمانەکەیان بە فەرمانی حیزب دەرگاکانی داخرابوو، داوای ڕۆژێک پشوویان دەکرد بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە.

لە ڕاستیدا ئەم هەوڵانە هیچ نین، جگە لە مووزایەدەی سیاسی بێ نرخ و هیچ لە دۆخی پێشمەرگە ناگۆڕی، هەرلەم کاتی موزایەدەکردنە بە ناوی پێشمەرگە پێشمەرگەیەک بە هۆی هەژاریی و نەبوونی پارە بۆ کرێی خانووەکەی لە سنوری سلێمانیانی خۆی کوشت!

کەواتە حەقمە ئەو پەندە کوردیە بڵیم کەدەڵێ( بەری خۆر بە بێژگ ناگیرێ )حیزبەکانی خاوەن دەسەڵات ناتوانن چیتر بە موزایەدە و هەڵمەتی ناڕاست ڕایگشتی چەواشە بکەن.

بە گشتی هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆخێکی سەختی ئابووریدا دەژین، بەشێکی زۆریان کەسوکاری شەهید و ئەنفالی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانن، دواتریش بەهۆی سەختی ژیانیانەوە لە بیست ساڵی ڕابردوودی حوکومڕانی کوردیدا نەیان توانیوە خوێندنی ئەکادیمی تەواو بکەن و لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان بوون بە پێشمەرگە، لە ئیستاشدا جگە لە کەمی مووچەکانیان و دواکەوتنی، کە تا ئێستاموچەی مانگی (٩)یان وەرگرتووە و زۆربەیان کرێچین لە سادەترین مافەسەرەتاییەکانیان بێ بەشن.

بیانوو هێنانەوە بەوەی کە کوردستان لە قەیرانی دارایدایە بۆیە ژیانی پێشمەرگە وایە، بیانوویەکی زۆر ناڕاست و بێ بنەمایە، چونکە لە ماوەی ئەو(١١)ساڵەی کە حوکومەتی عیراقیش بووجەی هەرێمی دەنارد پێشمەرگە هەر خاوەنی مووچەیەکی کەم بوو وەک ئێستا تەنانەت وەک بێ بەهایەک سەیری پێشمەرگەیان دەکرد و ئەگەر کەسێک بێ ئیش بوویایە دەیان وت هەر پێشمەرگەش نیت؟

ئەوان نەک هەر ژیانی پێشمەرگەیان دابین نەکردوە،بەڵکو لە ماوەی ڕابردوودا ناوی پێشمەرگەیان بۆ مەرامی خۆیان بە کارهێناوە، و خۆیان بەدورگرتووە لەوەی ئەم هێزە بکەن بە هێزیکی نیشتمانی بەڵکو هەوڵیان داوە وەک هێزی حیزب دەرکەوێت دواتریش کە بە ڕژەوەندییە ئابووریی و شەخسەکانی

ناو حیزب زۆربوون هەندێک بەرپرس هێزی تایبەت بە خۆیان دروست کردووە بە ناوی پێشمەرگەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان.

# خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا

ئەگەر کەمێک ئاوڕ لە ڕابردووی نزیکی ژیان بدەینەوە، لە هەرێمی کوردستان و دروست بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگاری خۆپیشاندانەکانی ساڵی (٢٠١١)بەشێک لەداخوازییەکانی خەڵک و ڕۆشنبیرانمان بیردەکەوێتەوە.

گرنگترینیان ئەوە بوو کەبوودجەی هەرێمی کوردستان ساڵانە چوارچێوەی چەند قیستێکداحوکومەتی عێراق دەینێرێت بۆ هەرێم هەرکات بەرژەوەندی نەما، یاخود گرفتێک دروست بوو، بوودجەکە دەبڕێ، هەر بۆیە ناکرێ بوودجەی هەرێم بەم شێوەیە تەخشان و پەخشان بکرێت و بخرێتە خزمەتی شەخس و حیزبەکانەوە.

بەڵکو پێوستە ئابوورییەکی بەهێزی پێ بنیادبنرێت، کەرتی کشتوکاڵی پێ چالاک بکرێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێ، چونکە کەرتێکی گرنگە و بڕبڕەی پشتی کەرتی ئابوورییە و بەرهەمەکانی پێداویستی گرنگی بازاڕەکانی شارەکانی هەرێمن.

هەواڵنامەی کتێب

داوا دەکـرا کەرتـی پیشەسـازی بەو بـوودجە زەبەلاحە پەرەی پێبـدریێ، سـندوقی داهاتەکـان هەبێـت، چـونکە پێوسـتە پـارەی پێوسـت هەبێـت، بـۆ هەر ئەگەر و کارەسـاتێک کە ڕوو لە هەرێـم بکات، هەروەک کەسە بەناوسیاسییەکانی کورد ماوەی چارەکە سەدەیەکە دەڵێن هەموو جیهان دوژمنمانە.

ئەودەمە چەنـدین تـۆمەتی ناشـرین و پرۆسـەیەکی بەشـەیتان نیشـاندانی هەمـوو ئەوانەی بەژداربـوون لە خۆپیشـاندانەکان ڕۆژانە بەڕێوە دەچوو، تۆمەتی ناشیرین نەما نەیخەپاڵ خەڵکی، دەسـەڵاتی کـوردی خـوێنی (١٠)گەنجیـان ڕشـت و بە دەیـان کەسیش بریندار هەبوو.

ئەوکات زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشـێک بـوون لە هەرای ڕاگەیانـدنی حیزبەیەکان دژی خۆپیشـاندانەکان بـوون، بێ دەنـگ بوون لە ئاست ئەو نادادییەی هەبوو، لەبەرانبەر برێک پارە کە وەک مووچە وەریان دەگرت!

هەرچی حیزبەکانی ئۆپۆزسـوێنی ئەودەمەیە بە ڕاگەیانـدن لەگەڵ خۆپیشاندان بوون،بەڵام لە واقیعدا قاچێکیان لەگەڵ خەڵک و قاچێکیان لەگەڵ دەسەڵات بوو.

ڕۆژگـار تێـپەری و قۆنـاغی نـوێ دەسـتپێکرد ئەمجارەیـان حوکومەتی هەرێم بڕیاری فرۆشتنی نەوتی دا، بە ناوی ئابووری سەربەخۆ ،بەغدادیش مووچە و بوودجەی ڕاگرت.

شکستی حوکومەتی هەرێم لە یەکەم مانگەوە دەستیپێکرد کە نەی توانی مووچەی هاوڵاتییان لە کاتی خۆیدا بدات، کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نییە بۆ وەرگرتنەوەی مووچەکان لە لایەن فەرمانبەرانەوە.

دواتر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی هەرێم کە چەندین دۆستی ناوخۆیی و دەرەکی وتیان ئەم کارە مەکەن لە ئێستادا بەڵام لە سایەی کۆمەڵێک کەسەوە ئەو شکستە گەورەیە ڕوویدا، بەڵام کارەساتەکە هەموو کورد باجەکەی دا.

ئێستا شتەکان گۆڕاون مووچەخۆران لەپاش دووساڵ بایکۆت و خۆپیشاندان کە من پێم وایە خولانەوە بوو بە دەوری بازنەی بۆشدا، سەرجەمیان ئەمساڵ گێژبوون و چونەوە ماڵەوە، وەک بڵێی سەرجەم داخوازیەکانییان جێبەجێ کرابێت!.

هەرچی ئەو کەسانەی دەسەڵاتدارن کە تا دوێنێ دەچوونە بەغداد و بەوپەڕی فیز و خۆبەگەورەزانییەوە دەیان وت بەغداموفلیسە، ڕێک نەدەکەوتن لەگەڵیان.

ئێستا ئەوانیش لەناو بازنەی بۆشدا دەسووڕێنەوە لە دیوی دەرەوەی بازنەکەش ڕۆژنامەنووسان وەستاون و پەیتاپەیتا و هەموو ڕۆژێک لە کاتی سوورانەوە بە ناو بازنە بۆشەکەدا لێدوان دەدەن و دەڵێن ئامادەی گفتوگۆین و ڕازین بە مەرجەکانتان بەڵام بابەسبێت سوورانەوەمان لەناو بازنەی بۆشدا.

لە کۆتایدا دەپرسم ئەگەر مووچەخۆران ئەوەدەمە پشتگیری خەڵکانی بەئاگایی شەقامەکانیان بکردایە باشتر نەبوو لەوەی دووساڵ بە بەردەوامی و بەبێ سود بە لەناوبازنەی بۆشدا بسووڕێنەوە؟

دەسەڵاتدارانی ئەو دەمە کە هەر ئەم دەموچاوانەی ئێستان گوێیان لە دەنگە دڵسۆزەکانی ئەودەمە و دڵسۆزانی ماوەیەک پێش ئێستا بگرتایە لەسەر پرسی ڕیفراندۆم باشتر نەبوو لەوەی ئێستا ئاوا بەبچوکی و بە دەنگی لەرزۆک و شەرمنانەوە داوای گفتووگۆ لە کەسانێک بکەن کە ئامادەنین گوێتان لێ بگرن؟

# بۆچی شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردی ڕوونادات؟

دەسەڵاتی پاوانخوازی کوردی لە ماوەی چارەکە سەدەی حوکومڕانیدا هاوشێوەی حیزبە چەپەکانی سەردەمی سۆڤیێت، توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر سەرجەم جومگەکانی کومەڵگادا بگرێت، بەم شێوە ناشرینە درێژە بە حوکومڕانی سەقەتی بدات، کە لە ئەنجامدا بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین مافیا و چەتەی بۆینباخ لە ملی بەناو سیاسی، کە ئەم

کەسانە سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و تەنانەت ئاسمانی هەرێمی کوردستانیشیان فرۆشتووە.

ئەم کومەڵە کەسانەی کە سیاسەت دەکەن لەم هەرێمە نەبوونایە، لە هەر وڵاتێکی تر بوونایە بەم شێوەیە ئیدارەدانی خراپی دەسەڵاتیان بکردایە زۆر دەمێک بوو لە دەسەڵات هێنرابوونە خوارەوە.

بەڵام چەند هۆکارێک وای کردووە شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردی ڕوونەدا کە ئەمە بەشێک لەو هۆکارانەیە.

یەکەم/بەریەککەوتنی نێوان نەوەکان: مەبەستمە بڵێم کوردستان دابەشبووە بەسەر دوونەوەدا، نەوەیەکیان پیرەکانن کە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسیان دیوە، ئەم نەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەر چۆنێک حوکومڕانیان بکات پێی ڕازیین، چونکە تێگەیشتنی ئەمان بۆ حوکومرانی ئەوەندەیە کە دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتی کوردی نانیشمان نەداتێ و سادەترین مافیشمان نەبێ هەر باشترە لە دەسەڵاتێکی تر.

جگە لەم دووحیزبەی کە حوکمڕانن و شکستیان هێناوە لە ئیدارەدانی ڕێکوپێکی هەرێمی کوردستان کەسی تر بە شایستە نازانن، هێرشی توند دەکەنە سەر ئەو گەنجانەی کە هەر بۆچوونێکی جیاواز بڵێن. ئەم نەوەی کۆمەڵگا هەرگیز لەوە تێناگا کە مرۆڤێک ئازاردراو ئیهانەی پێکرا لە کاتی داواکردنی

مافەکانیدا لە لایەن کەسێک بە کڵاشی هەورامی و بە زمانی کوردی ئازاربدرێ هیچ جیاوازییەکی نییە لە کەسێک لەژێر عەگالی عەرەبی، یان خاوەن ڕیشێکی هاوشێوەی خومەینی، یان جەندرمەیەکی تورک ئازاربدرێ.

دووەم/تۆڕی کومەڵاتی فەیسبووک: ئەم تۆڕە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش لە وڵاتە عەرەبییەکان لە سەرەتای ساڵی( ٢٠١١) وەک داینەمۆی شۆڕش دەناسرا و دەبووە شوێنی کۆبوونەوەی نارازییەکان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تۆڕی کومەڵایەتی فەیسبووک بۆتە شوێنی خاڵی بوونەوەی زۆربەی دەنگە تورەکان، ئەگەر تەنها یەکجار بچیتە ناو ئەم تۆڕەوە تێدەگەیت کە چەند دەنگی نارازی زۆرە، بەڵام بە جنێوێک تورەبوونی خۆی خاڵی دەکاتەوە لە دەسەڵات، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی تری کەسانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیە بێ ئومێدبوونیکی وا چۆتە ناخیانەوە گەورەترین کارەساتیش ڕووبدات ئەوان هەر خەریکی نوکتە و قسەی خۆیانن و بێ باکن لەوەی چی ڕوودەدات.

سێیەم/ مشەخۆرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا:ئەم جووت حیزبە لە ماوەی ڕابردوودا توانیویانە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی لە ڕێگای حیزبەوە بکەن بە خاوەن مووچە و ئیمتیازی بەردەوامی پێ بدەن، کە لە دەرئەنجامدا بووە هۆی درووستکردنی چینێکی تووتی ئاسا کە تەنها گوێچکەکانی فەرمانەکانی حیزب دەبێستێت، لە ئێستادا

بـوونەتە بـارێکی گەورە بەسـەر حوکـومەتەوە و هەرگیـز حیـزب ڕێگەنادات مووچە و ئیمتیازەکانیان کەم بکرێتەوە.

چوارەم/ڕاگەیانـدن:حیزبەکانی دەسـەڵات لە مـاوەی ڕابـردوودا سـەدان کەنـاڵی بسـتراو و بینراو و خوێنراویـان دروسـتکردوە کە هەردەم بانگەشـەکارێکی چـاک بـووە بـۆ دەسـەڵاتی حیزبـی خۆسـەپێن، کە هەردەم و لە کـاتی دروسـتبوونی هەر دەنگێکـی نـاڕازیـدا لەسـەر شـەقام بووبێـت، یـان ڕۆشـبیرێک، یـان ڕووناکبیرێک، یاخود کە سێکی ئاینیی بووبێت ئەم دەزگایانە زۆر بە نابەرپرسـانە مامەڵەیـان لەگەڵ کـردوە و دەیـکەن، هەرچـی تـۆمەتی ئەخلاقی و ناشـرین و نازنـاوی خیانەتکاریـان داوەتە پـاڵ، کە بەهـۆی ئەوەی بەشـێکی دیاری کۆمەڵگای کوردی ناهۆشیارن لەژێر کاریگەری ئەم ڕاگەیاندنەدان.

پێنج/نەبـوونی حیزبێکی خـاوەن جـورئەت:ئەو هێزانەی تـری نـاو گۆڕەپـانی سیاسـەت، کە ئامادەگییـان هەیە بەشـێکیان بـوون بە دووکانی سیاسی و خاوەنی بڕیاری خۆیان نین و بەشیکی تریشیان تـاڕادەیەک تێوەگلاون لە خراپ ئیـدارەدانی هەرێمی کوردسـتان و بەژداربوون لە بردنی سـامانی گشـتی، کە ئەمەش وای کـردووە لە کاتی ڕەخنەگـرتن، یـاخود هەوڵـدان بـۆ جـووڵانی شـەقام خێرا لە لایەن ڕاگەیانـدنە حیـزبەییە کـانەوە هەمـوو مەلەفی ڕابردوویـان هەڵبرێتەوە. هەر بۆیە دەسەڵاتی کوردی بەردەوام دەبێت، چونکە

کۆمەڵگـــای کـــوردی خـــاڵییە لە هێزێکـــی بە جـــورئەت، کە سـەرکردەکانیان و لایەنگرانیـان لەسـەر شـەقام بـن و داوای مـافی فەوتاوی چارەکە سەدەی ڕابردووی هاوڵاتیان بکەن.

## ئۆپۆزسـیۆن بـوونی گـۆڕان هـیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێ

بـزووتنەوەی گـۆڕان ئەو هێزەی کە لە هەنـاوی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتییەوە، وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە دایک بـوو لە سـاڵی( ۲۰۰۹) وەک یەکەم هێزی دیاری ڕەخنەگری دەسـەڵاتەی یەکێتی و پارتی دەرکەوت و لە ماوەی چوارسـاڵی ئۆپۆزسـیۆن بـوونی  وەک هێزێکی خـاوەن هەڵوێسـی ڕوون و خـوڵقێنەری سیاسـەت کـاری دەکرد، سیاسـیەکانی پارتی و یەکێتی لە هەرکارێک و بڕیارێک کە دەیاندا،حسابی هەڵوێستی گۆڕانیان دەکرد .

گۆڕان خـاوەنی میـدیایەکی بەهیزی رەخنەگرانەبـوو کە بەوتەی خۆیـان بەرپرسـانی دەسـەڵات دەرگاکانیـان لەسـەر خۆیـان داخسـتووە، بیـنەری گەشـتی هەواڵەکـانی بـوون، لە مـاوەی ئەو چـوار سـاڵەدا بـاروگوزەرانی هاوڵاتیـان زۆر لە ئیسـتا باشـتر بـوو حوکـــومەتیش بە هـــۆی بـــوونی ئۆپۆزســـیۆنەوە زۆرتـــرین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرد.

دواتر بزووتنەوە گۆڕان بە دروشمی بەرەو دەسەڵات بەشداری دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی لە تەمەنی خۆیداکرد و لە پاش کێشمەکێشمێکی زۆر حوکومەتیان پێکهێنا لەگەڵ پارتی و چوار وەزارەتی وەرگرت، بەڵام لەکاتێکدا کە سەرەتای قەیرانی دارایی دەستی پێ کردبوو، هەرزووش میدیای یەکێتی کەوتە دژایەتیکردنی وەزیر و وەزارەتەکانی گۆران وەریگرتبوون. پاش تێپەربوونی نزیکەی ساڵێک لە بەشداری حوکومەت، پارتی بە هۆی دەستبردن بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆرانی دەرکرد و نەیهێشت سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە سەرکارەکەی. بەڵام گۆڕان لە حکومەت نەکشایەوە و کەچی لەمیدیاکانەوە بە حکومەتی شەقوشر ناویان دەهێنا.

گۆران لە پاش دووساڵ و لە کاتێکدا حوکومەت شکستی لەدابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزاریە گشتییەکانی خەڵکیش هێناوە و نیو مووچەکەشی بۆ نادرێ تازە هاتووە دەڵێ خەباتی ئۆپۆزسیۆن بوون هەڵدەبژێرین، کە ماوەی دوو ساڵە شەقام و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە ئەم داوایان لێدەکەن (پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بوون بە ئۆپۆزسیۆن لەم کاتەدا چی لەبارودۆخی ژیانی خەڵک دەگۆڕێ) لەکاتێکدا کە دۆخی میدیایی بزووتنەوەی گۆڕان لە دۆخێکی خراپدایە، وەک جاران میدیای گۆڕان بینەر و گوێگری نییە؟ ئایا ئەگەر خۆپێشاندان و دەنگی ناڕازی بەرزبێتەوە

هەولێرنامە کتێب

وەک ساڵی (٢٠١١) قاچێکی لەناو دەسەڵات و قاچێکی لەناو شەقام دەبێت؟ (ئایا بەڕێوەبەری ناحیەکان و قایمقامەکان و پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە و سەرجەم پۆستەکانی حوکومەتی خۆجێیی سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین وەریگرتووە واز لە پۆستەکانیان دەهێنن؟یان بەردەوام دەبن و تەنها پشتوانییەکانی هەوڵاتیان لە ڕاگەیاندنەکانیەوە دەبێت؟

## دەوڵەتی کوردیش کرایە قوربانی بیرکردنەوەی خێڵ!

هەواڵنامەی کتێب

کورد یەکێکە لە گەلە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە ململانێیە لە پێناو مانەوە و قبووڵنەکردنی ژێردەستەییدا خەباتی کردووە بە دڵنیاییەوە ئەگەر کەسێکی بیگانە، لە هەرکوێی ئەم دونیایەدا زانیاری تەواو پەیدابکات لەسەر ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی هەر چوارپارچەکەی ئەوکانزا و مادە خاوە زۆرەی کەسەرچاوەی ژیانێکی شکومەند دەبێت بۆ تاکەکانی ئەگەر حوکومڕانێکی دادپەروەرهەبێ،سەری سوڕدەمێنێ لەوەی ئەم گەلە پڕە لەهەژار و لەڕووی پێگەوە لاوازە و بێ دەوڵەتە!

لە ڕابردوودا سەرجەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد داخوازییان دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بووە، باشووری کوردستانیش کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە وەک هەرێمی کوردستان ناسێنراوە لە لایەن پارتە سیاسییە کوردیەکانەوە بەڕێوەدەبرێ، هەردەم باسی دەوڵەتی کوردی لەسەر زاریان بووە، وەک کارتێکی فشار بەرانبەر حوکومەتی ناوەندی بەکاریان هێناوە. بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع کاری جدییان بۆ نەکردووە و هیچ بناغەیەکی دەوڵەتێکی بەهێزیان دانەمەزراندووە.بەڵکوهەردەم زاراوەی دەوڵەتی کوردییان بەکارهێناوە بۆ داپۆشینی کەموکورتیەکان، یان لەوکاتەی هەرای ڕاگەیاندنی دەوڵەتیان کردوە لەژێرە کۆمەڵی مەرامی حیزبییان جێبەجێ کردووە.

دواجار ئەم کارتە بەهێزەی کورد بەبێ ئەوەی دیراسەیەکی ورد بکرێ، لەژێرکاریگەری کومەڵێ ڕاوێژکاری پارەخۆر و خانەنشینی هەندێک وڵاتی بێگانە و خۆشباوەڕی هەندێک حیزبی تر، لە شەو ڕۆژێکداو بە ناوی ڕیفراندۆمەوە لەگەڵ شاری کەرکووکدا لە دەستیاندا.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم سەد ساڵی تر و لەدوای نەمانی تەواوی ئەم سیاسیانەی کورد بە خۆیان وحیزبەکانیان و سەرجەم ئەو هاوڵاتیانەی ئەم هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی کەرکووک و قەزا و ناحیەکانی تر هیچ کەس و

لایەنێک ناتوانێ باسی دەوڵەتی کوردی و کەرکووک بکات چونکە لە سایەی عەقڵێتی خێڵەتی و تاکڕەوانەوە بەهێزترین کارتی فشارمان لەدەستدا. هیچ هاوڵاتییەک بڕوای بە حیزبە سیاسییەکان نەماوە، تا جارێکی تر باسی دەوڵەتی کوردی و پاراستن و گەڕانەوەی شاری کەرکووکی بۆ بکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو هاوڵاتیان ئێستا لە بێ ئومێدییەکی گەورە و هیلاکبوویەکی دوای جەنگ دەچن، کە تەنها مووچەیەکیان هەبێ پێی بژین و لە جەنگ دووربن هیچی تریان ناوێت.

هەواڵنامەی کتێب

# کورد لە داعشەوە بۆ ڕیفراندۆم و هەڵبژاردن

لە سەرەتای هاتنی داعشەوە بۆ خاکی عێراق و دروست بوونی مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر خاکی هەرێم، کورد خاوەنی یەک هەڵوێست نەبوو، هەتا کارەساتی جینۆسایدی یەزیدییەکانی شەنگال ڕوویدا، مەترسی کەوتە سەر شاری هەولێر بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی، بەڵام دواتر توانرا نەک هەر یەکڕیزی ناو لایەنەکانی هەرێم پتەوە بکرێت، لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هاتنە مەیدان و پاڵپشتی هەرێم بوون، ئەمەش وای کرد کەم ڕۆژ

هەبێت وەفدی وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بە داعش سەردانی هەرێمی کوردستان نەکەن.

کورد توانی بەشێکی زۆری خاکی ناوچە دابڕاوەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، چەکێکی زۆریش بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کرا، ناوی پێشمەرگە سەرجەم سنورە سیاسییەکانی جیهانی بڕی.

بەڵام لە ڕیفراندۆمێکی شوومدا کە بچووکترین دیراسەی ئەکادیمی بۆ نەکرابوو سەرجەم ئەوەی هەبوو کورد لە دەستیدا و هیچ زلهێزێک ئامادەنییە بۆ چەند چرکەیەکیش گوێ لە کورد بگرێ و گەڕاینەوە ئەو شوێنەی دەستمان پێ کردبوو.

لە ئێستاشدا سەرجەم حزبەکان بێ باک لەوەی لە شاری کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان ڕوودەدات، سەرەتای تەعریب دەستی پێ کردۆتەوە ، هەنگاو بەرەو هەڵبژاردنەکانی عێراق دەنێین و ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ئاشکرا تەنها بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی دیموکراسی دادپەروەری لیستێکیان بۆ ئەو ناوچانە پێکهێناوە بە ناوی نیشتمان.

لە ڕاستیدا ئەم هێزانە دووانیان خاوەنی پێگەی جەماوەری نەبوون لە شاری کەرکوک و هیچ کورسییەکان نەبووە،دەیانەوێ بە هەردووکیان ئەگەر کورسییەکیش بێت بۆ خۆیانی مسۆگەری کەن.

هەرچی هاوپەیمانی دیموکراسییە کە لە لایەن د.بەرهەم-ەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، یەکەم ئەزموونی بەژداری کردنێتی هەموو گرەوی خۆی لەسەر ئەوە کردوە بتوانێ بەهۆی ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتۆبەرەوە ئەو دەنگانەی لە یەکێتی توڕەن، وە کۆمەڵیک دەنگی کەمیش کە لە سیاسەتی پارتی نارازین بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆخۆی بەرێ.

پارتی و یەکێتیش جۆرێک لە بێ دەنگیان هەڵبژاردوە، چونکە توشی جۆرێک لە ئیحراجی بوون بەرانبەر خەڵکی ئەو ناوچەیە.

بەڵام کارەسات ئەوەیە ئەم فرە لیستییە بە دڵنیاییەوە پەرتەوازەی و دۆڕان و ئاشبەتاڵێکی تری بەدواوەیە، کە هەموو حیزبەکان لێی بەرپرسن.

مخابن ئەو دەمەش هەموو حیزبەکان لە ڕیگای بەشێک لە کادرە بێ شەرمەکانیانەوە شاشەی هەموو کەناڵە ئاسمانییەکان داگیردەکەن و تۆمەتی خیانەت بە لایەنەکانی تر دەفرۆشنەوە.

# دیسانەوە مادەی ١٤٠

کەرکووک ئەو شارەی لە سەدسالی رابردوودا هەردەم جێگای ململانێ و خالی ناکۆکی نێوان حوکومەتی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردبووە، کە گرنگییە ئابوورییەی کەی، خۆی دەبینێتەوە لە بوونی یەدەگێکی زۆری نەوت لە ناوچەکە، کە هۆکارێکی سەرەکی ئەم ململانێ بەردەوامە بووە.

هەر ئەمەش بووە وای کردووە ئەم شارە خۆی و دانیشتوانە رەسەنەکەی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کە نیشتەجێی شارەکەن هەردەم زۆرترین قوربانی بدەن، بە تایبەت لە سەردەمی حوکومرانی حیزبی بەعسی رووخاودا، کە هەموو جۆرەکانی راگواستن و تەبعیس و تەعریبی بەرانبەر بەکارهێنرا و کە پشکی شێری بەر نەتەوەی کورد کەوتووە.

حیزبی بەعس رووخاو دەسەڵاتی کوردی گەیشتە کەرکووک و بەشیکی زۆری ناوچەکانی چواردەوری، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بەهۆی هەڵپەی پلە و پۆستی بەغداد و دەست کەوتنی زۆرترین پارە و سامان نەیتوانی شارەکە بگەرێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئایندەی شارەکەی سپارد بە مادەی (٥٨)و دواتر (١٤٠)ی دەستووری عێراق!

ئاخر لە کوێی دونیادا بووە نەتەوەیەک دڵنیابێت لەوەی خاکەکە هی خۆیەتی بیخاتە چوارچێوەی مادەیەکی دەستووری بڵێ دوای ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە با راپرسی، یاخود سەرژمێری بکرێت، هەموان دەڵێن نیشتیمان دایکە کەس هەیە

دایکی، بنێریت بۆ پشکنینی (DNA)، یان خۆی بچێت بۆ تاقیگه تاوەکو دڵنیابێتەوە کە دایکێتی یان نا؟

هەروەهــا دەســەڵاتی کــوردی لەجیــاتی بەکارهێنــانی نــاوی کەرکــووک وەک بەشــێک لە نیشــتمان، وشــەی نــاوچە جێناکۆکەکانی لە ڕاگەیانـدنەکانەوە ناسـاند بە هەمـووان، وەک بڵێیت کە گومانیان لە کوردستانی بوونی هەبێت!

بەشێک لە هاوڵاتیـانیش هۆکارن بـۆ ئەم دۆخەی کەرکـووک، چـونکە پارەی قەرەبـووی مـادەی (١٤٠) یان وەرگـرت ، لەجیـاتی ئەوەی بچـنەوە لە شـار و شـوێنەکانی خۆیـان نیشـتەجێبن، بەڵام هەر لە ناوچەکانی پێشـتریان لە هەرێـم مـانەوە، کەسێک ئامـادە نەبێت بچێتەوە شـارەکەی خـۆی ئەی بـۆ لـۆمەی عەرەبی هـاوردە بکرێت کە بۆ ئەوانیش پارەی قەرەبوویان وەرگرت نەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵکو تەنها گەڕەکەکەیان گۆڕی، ئەوان جێگایەکی پڕخێریان دەست کەوتوە بە بێ بەرامبەر چۆن جێی دەهێڵن؟

لەدوای بەعس زیاتر لە(١٢)ساڵ کورد حـاکم و دەسـەڵاتداری ئەو ناوچـانە بـوون، نەک هەر نەیتـوانی کەرکـووک بگەڕێنـتەوە سـەر هەرێمی کوردسـتان، بەڵکـو نەشـی تـوانی تەبـایی و ڕوحی پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکە دروست بکات، لە پێناو ئەوەی ئەوانـیش تێگەیشـتنیان بگۆڕێـت بـۆ کـورد و حوکـومرانی کورد حەزبکەن لە چوارچێوەی هەرێمدا بژین نەک عێراق.

لەدوای هاتنی داعش و کۆنترۆڵکردنی شارەکە و سەرجەم ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی هەرێــم بە خــوێنی پێشــمەرگە و هاوکاری خەڵکی ناوچەکە، لەجیاتی ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و

بەیەکرپزی هەوڵی گفتوگۆبدەن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و عێراق بۆ گێڕانەوەی کەرکووک بە پلانی وردەوە، وتیان سیاسەتی ئەمری واقیع جێبەجێ ئەکەین و مادەی (١٤٠) کۆتایی هات و کەرکووک گەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان!

کە بە بۆچوونی من خراپترین جۆری سیاسەتکردبوو، چونکە لە عێراق سنوورەکان لەنێوان هەرێم و بەغداد ناجێگیرن و سیاسەتی ئەمری واقعیش واتە کێ دەسەڵاتداربوو ئەوە حوکمی ڕەها دەکات، ڕیفراندۆم کرا و دوای کەمترلە دوو مانگ لە شەو ڕۆژێکدا کەرکووک هەموو ناوچەکانی تر کەوتووە دەست حوکومەتی عێراق، ئێستا ئەوانیش بە سیاسەتی ئەمری واقیع حوکوم دەکەن، ڕۆژێک ڕێگا لە چوونی کتێب دەگرن بۆ کەرکووک و ڕۆژێک عەرەب دەنێرنە سەرگوندە کوردییەکان و دەریان دەکەن و جیاوازی لە خزمەتکردنی گەرەکەکاندا و دابەشکردنی پرۆژەکان دەکەن.

ئێستاش حیزبە کوردییەکان پۆل پۆل بەرەو بەغداد ڕۆیشتوون، هەر لەسەر ئاستی شەخسی و پەرلەمانتار تا سەرۆکی حیزب، بەسەرۆکی ئەو حیزبەشەوە کە پێشرەوی ڕیفراندۆم بوون، بڕیاریان دابوو بە هاوڵاتیان بە پاسپۆرتی دەوڵەتی کوردی و دراوی کوردیەوە سەردانی بەغداد بکەن، لە پێناو پۆست و پارە و دەسەڵاتدا لە دەرگای هەموو حزبە عێراقیەکان دەدەن، بەڵێنی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەدەن.

بەڵام کەرکـووک و مـادەی(١٤٠) لە ئەجێنـدای هـیچ کـام لە سـەردانەکانیاندا نیـیە و ئامادەشـن بـۆ چەنـدین مـاوەی تـر پارێزگـارێکی عەرەب حـوکم بکـات، بەس کوردێـک نەبێـت و هەمووانیش خۆیان بێدەنگ کردوە بەرانبەر ئەوشارەی ڕووبارێك خوێنی لە پێناودا ڕژاوە و ئەو شارەی دانیشوانەکەی ئازار نەماوە تاقی نەکەنەوە.

# ئێمە و مەرگی سپی

لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە تایبەتی ڕۆژ نییە هەواڵی گیان لەدەستدانی ئەزیزانمان ڕامان نەچەڵکێنێت، مەرگیان نەبێتە سەردێڕی هەواڵەکان ئەویش بە هۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە کە بە مەرگی سپی ناسراوە.

بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی تەنها لەساڵی(٢٠١٩) دا لە سنوری سلێمانی بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە (١٩٠) کەس گیانیان لەدەستداوە، زیاتر لە(٣) هەزار کەسیش بریندار بوون،کەبەگوێرەی ئەم ئامارانەبێت لەهەر ڕۆژێکدا (١٠) کەس بوون بە قوربانی!

زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان شکستی حوکومەتی هەرێم دەردەخات وەک چۆن لە سەرجەم بوارەکانی تری خزمەتگوزاری شکستی هێناوە، لە چارەکە سەدەی حوکومڕانیدا نەیتوانیوە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ستراتیجی جێبەجێ بکات.

تەنانەت لە بواری ڕێگاوبان و هاتووچۆدا نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت لە فراوانکردن و دروستکردنی ڕێگاوبانی نوێ، کە

لەگەڵ گەشەسەندنی دانیشتوان و ژمارەی شۆفێران و ئوتومبێلەکانی هەرێمی کوردستان بگونجێت، لە کاتێکدا کە بەدرێژای حکومرانی ئەم حیزبانە ملیۆنان دۆلار بۆ ڕێگاکانی هاتووچۆ تەرخان کراوە، بەڵام بەهۆی گەندەڵی و دزیەوە لەجیاتی دروستکردنی جادەی نوێ و فراوانکردنی هەر ماوەی جارێک دەچنە سەر جادە کۆنەکان و دەست دەکەن بە پینەکردنی بە ناوی نۆژەنکردنەوەی جادەکان، لەکاتێکدا هەر ئەو کاتەی سەرقاڵی پینەکردنی بەشێک لە جادەکەن فەوزا و قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەری دروست دەبێت، کە دواتر دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕوداوی هاتوچۆی تر.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەردەوامی ڕوداوەکانی هاتووچۆ هاتنی بەردەوامی ئوتومبێلە لە ڕێگای کۆمپانیاکانی هێنانی ئوتومبێلەوە کە بەشێکی زۆریان هی بەرپرسەکان و ئەو سەرمایەدارانەیە کە بەرپرسانیان لە پشتەوەیە، کە بەبێ ئەوەی حساب بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و جەنجاڵی شەقام و ڕێگاوبانەکان بکەن.

هەروەها هۆکارێکی تری ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە لە هەر چرکەیەکدا بێت ئەبێ بە ئاسایی وەربگرین یەخەی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بگرێت، ئەو گەندەڵییە زۆرەیە کە لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شۆفێریدا دەکرێت، کە ئەمیان دووسەرەیە واتا چەندێک

حوکـومەت و دەزگـای پەیوەندیـدار لێی بەرپرسـە لەوەی کەسـی نەشیاو و ناشارەزا مۆڵەتی شۆفیری پێ ئەدرێت لە ڕێگای واستە و خزمخـزمێنەوە، ئەوەنـدەش تاکەکانی کۆمەڵگا بەرپرسـن، چـونکە ئەو گەنــدەڵییە یــان هاوشــێوەی سیاســیەکان لا ئاســاییە و پێکەنییـان پێـدێت کە پێیـان دەڵـێن گەنـدەڵ، کە بە بـێ ئەوەی توانــای شــۆفێریان هەبێــت ئەم مــۆڵەتە بەنایاســای بەدەســت دەهێـنن، لە کاتی ڕۆشـتنیدا بەتیژرەویەکی زۆر دەڕۆن و ڕەچـاوی هــیچ یاســا و ڕێنمــاییەک نــاکەن و کەســانی تــریش دەکەن بە قوربانی.

یاساش بەدەرنییە لە زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، چونکە ســزای کەم دەســەپێنێت بەســەر ئەو کەســەی بەهــۆی خێـرا ڕۆیشـتنەوە ژیانی لە کەسـانی تر دەسـەنێتەوە، بە تـایبەت کاتێـک تۆمەتبارەکە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ بکرێت لە دەرەوەی یاسا، لەدوای شـەش مانـگ لە حوکومـدانی دەگەڕێتەوە نـاو کۆمەڵگا و زۆربەیـان بەهەمـان ئەقڵێتی پێشـوە وە دەگەڕێـنەوە بـۆ شـۆفێری کـردن، هاوشـێوەی ئەقڵێتی ئەوسیاسـیانەی حوکـومڕانی هەرێـم دەکەن و بە هیچ شـێوەیەک پلان و بەرنامەیـان نییە ئەم گـرفتە گەورەیە چارەسـەربکەن، هەمـوو کەسـێک دەبێـت لە چـاوەڕوانی مەرگی خۆیدابێت.

# کاریگەری بایکۆتی کاڵای تورکی دەرکەوت

ئەگەر خەیاڵیکی خێرا بکەین بە چارەکە سەدەی ڕابردوودا لە باشوری کوردستان لە بواری پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بوونی بەرهەمی ناوخۆیی بۆمان دەردەکەوێت، کە وڵاتانی دراوسێمان بە تایبەت ئێران و تورکیا بازارەکانی باشوری کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە قۆرغ کردووە ساڵانە داهاتێکی زۆریان لە باشوری کوردستان دەست دەکەوێت، کە بە جۆرێک قەبارەی بازرگانی تورکیا و باشوری کوردستان زیاتر لە چەندین ملیۆن دۆلاربووە، ئەمەش وای کردووە کە باشوری کوردستان هەرێمێکی مشەخۆر بێت و هیچ بەرهەمێکی ناوخۆیی نەبێت و دەسەڵاتدارانی باشوریش زۆر گرنگیان بەم پرسە هەستیارە نەدەدا لە پێناو قازانجی مادی خیرا بۆ خۆیان، چونکە لە باشوری کوردستان بەشێکی زۆری بازرگانەکان وابەستەی حیزبە جیاوازەکانی باشورن.

هەر ئەمەش بوو وای کردبوو کە هەردەم تورکیا و ئێران لە کاتی بوونی هەر گرفتێک لە باشور هەڕەشەی ئەوەبکەن کە دەرگاکانیان بە ڕووی باشووردا دادەخەن، بە تایبەت

لەســـەروبەندی پرۆســـەی ڕیفراندۆمـــدا بەڕەســـمی ئەمەیـــان ڕاگەیاند، ئەم پرۆسەی بازرگانییە بەردەوام لە گەشەکردندابوو، تـا ئەوکاتەی حوکـومەتی تورکیـای فاشیسـت و ڕەگەزپەرسـت لە ئۆکتـــۆبەری ســـاڵی (٢٠١٩) دا هێرشـــی کـــردە ســـەر ڕۆژئـــاوای کوردســـتان بە ئامـــانجی لەنـــاوبردنی ئەزمـــوونی خۆبەڕێـــوەبەری کوردی و قڕکردنی گەلی کورد و گەلەکانی ناوچەکە و دەستدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی کورد لە ڕۆژئاوا.

ئەمەبـوو وای کـرد کاردانەوەی خێرا لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دروست بێت و لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانش بانگەشەی بایکۆتی کـاڵای تـورکی و گەشـتکردن بـۆ تورکیـا دەسـت پـێ بکـات، لە ڕاستیدا بایکۆتی کاڵا و خواردەمەنی و گەشتکردن بۆ وڵاتی تورکیا زۆرپێشـــتر و لە ســـاڵانی ڕابردووشـــدا لە لایەن چالاکوانـــان و هەنـــدێک دەزگـــای ڕاگەیانـــدنەوە کـــاری لەســـەر دەکـــرا، بەڵام ناهۆشـیاری خەڵـک لەو قۆنـاغەدا وای کـرد ئیـرادە نەبێـت بـۆ بایکۆتی کاڵای تورکی.

بەڵام ئەمساڵ لە ساتەوەختی دەستپێکردنی هێرشەکانەوە لە باشـوری کوردسـتان خەڵکی بە بێ ئەوەی چاوەڕێی حوکومەت و حیزبە سیاسیەکان بکەن خۆیان کەوتنە بایکۆتی کاڵای تـورکی و خۆپیشـــاندانی خۆرســـکی سەرتاســـەری لە پێنـــاو ڕۆژئـــاوای کوردستان و یەکڕیزی نەتەوەییدا، هەر ئەمەیە وای کـردووە لەم

چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەرپرسانی (میت) بێنە سەرخەت لەسەر ئەم پرسە سەردانی هەولێر بکەن و یەکێک لە باسەکانیان باسی بایکۆتی کاڵای تورکی بێت، کە چۆن کۆتایی پێ بێت و قەبارەی بازرگانی لەگەڵ باشور گەشە پێ بدەنەوە. کە ئەمە جێگای دەستخۆشییە بۆ گەلی باشور، چونکە ئامانجەکەی پێکاوە و زیانی گەورەی لە ئابووری ئەو وڵاتە داوە، بە بێ بوونی چەک و خۆماندووکردن تەنها لە بازار وماڵەکەی خۆیەوە بڕیاری بایکۆتی داوە، نە کەسیش مرد لە برساو نە کەسیش بەڕووتی گەڕا لە بازاڕدا.

هەر بۆیە پێویستە ئەم بایکۆتە بەردەوام بێت، نەک بۆ ماوەیەکی کاتی و بازرگانانیش هەڵوێستی مرۆڤایەتی و نەتەوەییان بخەنە پێش قازانجی مادییەوە، هەر بۆیە بەردەوامبوون لەسەر بایکۆتی کاڵای تورکی ئەگەر قۆناغ بە قۆناغ ئەم بایکۆتە فراوان بکرێت و زیاتر حوکومەت و خەڵکی سەرمایەداران لەباشور هەوڵی ئابووری خۆبژێوی بدەن، تا لە کۆتایدا قەبارەی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی باشوردا کە هەموویان دوژمنی نەتەوەی کوردن و بە ئەقڵیەتی فاشیزم حوکوم دەکەن، لەسەر خاکی داگیرکراوی کوردستان، بە تەواوی کەم بێتەوە و بە یەکجاری باشوری کوردستان رزگار بێت لە دەست هەڕەشەی ئەم دەوڵەتانە، ئەوکات باشور دەبێتە هاوکارێکی باشی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پارچەکانی تری کوردستان، خۆشی لە کاتی هەر هەنگاوێک بە ئامانجی سەربەخۆیی زیاتر لە مەترسی خنکان، یاخود ئابلۆقی ئابووری ڕزگاری دەبێت.

# کۆمەڵگای خەوتوو

زیاتر لە هەشت ساڵ پێش ئێستا لە وڵاتی تونس، گەنجێک بە ناوی محەمەد ئەلبوو عەزیزی لە بەرانبەر دەست بەسەراگرتنی عەرەبانەکەی، کە سەرچاوەی بژێوی بوو ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، پاش ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا، بەڵام بویە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆرش لە چەندین وڵاتی وەک (تونس، میسر، لیبیا، بەحرەین، یەمەن، سوریا ) کە ئەمەی دواییان تا ئێستاش دۆخی وڵاتەکەی ناجێگیرە. خۆسوتاندنی محەمەد ئەلبوو عەزیزی کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری زین عابدین بن عەلی و لە ماوەیەکی کەمدا شۆڕشگێڕان بە خۆپیشاندانی مەدەنی لە وڵات وەدریاننا. گەر خۆسوتاندنی ئەلبووعەزیزی سەرەتای شۆڕش بێت، ئەوا بەئاگایی و هۆشیاری خەڵکی تونس بوو لە ئاست مافەکانی وای

کــرد درێــژه بە خۆپیشــاندانەکان بــدەن هەتــا گەیشــت بە دەرئەنجامێک.

دەرئەنجامەکانی شۆڕشی عەرەبی، یاخود بە هاری عەرەبی، بەباش، یاخود بە خراپ هەرچیەک بووبێت بۆ من گرنگ نیە لە ئێســتادا، بەڵام ئەوەی بــۆ مــن گــرنگە، کە هەمــان شــێوازی خۆسوتاندن وەک ناڕەزاییەک لەلایەن گەنجێکی شاری ڕانیەوە لە چەنـد ڕۆژی رابـردوودا لە بەردەم شـارەوانی شـارەکەیدا هێمـا و پەیامی گرنگە، کە وا کەسانێک هەن ناڕەزایەکەییان گەیشتۆتە ئاستێک، ئامادەن خۆیان بسوتێن بەهۆی ئەو دۆخە سەختەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان.

چیرۆکـی خۆسـوتاندنی ئەم گەنـجەی هەرێمـی کوردسـتان، ئەوەیە کە داوای کــردووە زەویەکەی بکــات بەخــانوو، بەڵام شـارەوانی شـارەکە ڕێگـرە چـونکە بەرشـەقام دەکەوێـت، لەگەڵ چەسپاندنی یاسادام ،بەڵام دەزگاکانی حوکومەت پێش ئەوەی قـورگی هاوڵاتیـانی بـێ دەسـەڵات بگـرن و یاسـایان وەک خـۆی لەسەر جێبەجێ بکەن، بچن لەو هەزاران زەوییە بکۆڵنەوە ، کە کرا بە ڤێلا و باخی بەرپرسی حیزبەکەکانی هەرێم بە دەسەڵات و زۆریــنەی حیــزبە بە نــاو چاکســازیخوازەکان، و پاشــدزەکانی چواردەوری بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە و شەوان ژیانی شاهانەی

وەک میرەکـانی وڵاتە عەرەبیەکـانی تێـدا دەبەنە سـەر و ژیـانی خەڵکە کەشیان وەک هاوڵاتیانی ئەفریقایە.

سیاسـییەکانی ئەم وڵاتە هەتـا لە شـاخ بەرپـرس بـوون لەژێـر نـاوی شـۆر گێریـدا، نەوەی سـاڵانی ٧٠ و ٨٠ کـانی سـەدەی ڕابردوویـان خەڵەتانـد، دوای راپەڕیـن کە گەیشـتنە دەسـەڵات هەموو هەوڵێکیان لە پێناو خۆیان و خانەوانەدەکانیان خستەگەڕ ،سامانی سەرتاسەری کوردستانیان دابەش کرد بۆ خۆیان.

پاشان هەر ئەم کۆمەڵە سیاسییە، کاتێک بۆنی نەوت مەستی کـردن و ژمـارە بێ کۆتاییەکانی داهـاتی نەوتیـان دی، لەژێر نـاوی چاکسازی و پاکسازی و حیزبی نوێ دا چەندین حیزبیان دروست کـرد و نەوەی دوای ڕاپەڕیـن دەخەڵەتـێن، کە ئەم نەوەیە کـوڕ و کچی ئەو دایـک و بـاوکەن، لە قۆنـاغی شـاخ خەڵەتێندران لە ژێـر پەردەی شۆرشـەوە زۆرترین قوربانیان دا، بەڵام کەمترین مافیان دەسـت کەوت! ئەم حیزبـانە، کە بەنـاو شـەڕی دادپەروەری دەکەن، سەرە گەورەکانی سەرەوەیان هاوبەش و هاوکاری هاوڕێ کۆنەکانیـانن لە حیـزبە دەسـەڵاتدارەکان و ئامانجیـان تەنهـا پەردەپۆشـکردنی شکسـتەکانی دەسـەڵات و کپکردنـی دەنگـی ناڕەزایی خەڵکە.

ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە کۆمەڵگای کوردییە کە ساڵانە سەرباری ئەوەی لە سەرجەم پسۆرییە جیاوازەکانی بازاڕی

کـار و سـه‌رچاوه مرۆییه‌کـان و زانسـته جیاوازه‌کـان و زمـانه جیاوازه‌کان ده‌رچـوو پێـده‌گه‌یه‌نێت، هاوشـانی ئه‌وه‌ی له‌چه‌نـدین زانکۆی ده‌ره‌وه و ناوه ده‌رچووی ماسته‌ر و دکتۆرای هه‌یه، که‌چی کۆمه‌ڵگایه‌کی خه‌وتووه، بێ ده‌ربه‌سته به‌رانبه‌ر خوێن و که‌رامه‌تی مرۆڤێکـی هـاودین و زمـان و نه‌ته‌وه‌که‌ی و هـیچ ڕووداوێـک ڕای ناچه‌ڵه‌کێنێـت ، ته‌نـانه‌ت ئه‌گه‌ر خۆسـوتاندنی مرۆڤێـک بێـت له پێنـاو مـافێکی ره‌وای خۆیـدا. هه‌ر ئه‌م که‌سـانه که زۆربه‌یـان گه‌نجن و وزه‌ی چالاکی کۆمه‌ڵگان و له تۆڕه‌کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان وته و قسه‌کانیان ده‌بینی، هه‌ر یه‌که‌یان بۆخۆی فه‌یله‌سوفێکه، به‌ڵام له کرداریـدا ناتوانن پێشڕه‌وی بچووکترن په‌یامی ناڕه‌زایی بکه‌ن، بـۆ سـاده‌ترین مـافی خۆیـان، که پـاش چـاره‌که سـه‌ده‌یه‌ک له حوکـومڕانی کـوردی به ده‌سـتیان نه‌هێنـاوه، وه‌ک ئـاو و کاره‌بـا و هه‌لی کار.

هه‌ر چه‌نـد بیـرده‌که‌مه‌وه ناکرێـت وه‌ک مـرۆڤ بژیـت و ئه‌و هه‌مـوو نـادادپه‌روه‌رییه‌ی هه‌یه، ببینـت له‌م هه‌رێـم ، که هه‌ر حیزبێک بارسته‌ی قه‌باره‌ی خۆی به‌رده‌که‌وێت، و هه‌موو سامانی سـه‌رزه‌وی و ژێـر زه‌وییـان بـۆ خۆیـان بـرد و ئاسـمانیش که زانیـان بۆیان نابرێ ناچار ژینگه‌که‌یان پیس کرد که بۆته هۆی ده‌رکه‌وتنی چه‌نـدین نه‌خۆشـی له ئێسـتادا، له‌به‌رانـبه‌ردا ڕووداوێکـی وه‌ک

خۆســـوتاندنی گەنجێــک ڕاتنەچەڵەکێنێـــت، بـــۆ داواکردنـــی سادەترین مافەکانی خۆت و لە خەوی قوڵ بە خەبەر نەیەتەوە.

# کۆمەڵگای پڕ لە جنێو

گەر چـاوێکی خێـرا بگێـڕین بە نێـو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان و کەنـاڵە ئاسـمانییەکان، هەروەهـا ئاوڕێـک لە چواردەورمـان بدەینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی هەنگـاو بە هەنگـاو بەرەو کۆمەڵگـایەکی جنێـوفرۆش هەنگـاو دەنێـت، کە ئەمەش جـگە لە کـاریگەرییەکی خـراپە لە ئێسـتادا سـەرەتایەکی خـراپە بـۆ نەوەکـانی داهـاتوو، چـونکە دێـنە سـەر کەلتورێکی وێرانە.

کەلتـوری جنێـو مێژوویەکی تـاڕادەیەک کۆنی هەیە لەنـاو حیزبە سیاسـییەکانی کوردسـتاندا، ئەوان هەر کـات بەرژەوەنـدیان لەگەڵ یەک نەبووبێـت و لە کـاتی جیـابوونەوە و پەرتبوونـدا لە جیاتی قبووڵکردنی یەکتر، کەوتوونەتە جنێودان و تۆمەتیان بۆ یەکتر هەڵبەستووە.

لەدوای جیـابوونەوەی بـاڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی بە هـۆی تێڕوانینـی جیـاوازەوە بـۆ شـۆڕش و حوکـومڕانی و حیـزب، بە چەنـدین شـێوە جنێـو و تـۆمەت دەدرایە پاڵیـان، ئەم کەلتـورە

حیزبەکانی تریش هێنایان لەگەڵ خۆیان، تا ڕاپەڕین و دواتریش لە شەڕی ناوخۆ گەیشتنە ئەوپەڕی، جنێوی ناشیرین و خراپ نەما نەچێتە گوێی هاوڵاتییانەوە، جیابوونەوەی باڵی ڕیفۆرم لە یەکێتی و لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕان بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک جنێوی توندی سیاسی کە هەردوولا هۆکاربوون.

تا ئێرە ڕووە سیاسییەکە بوو، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جۆرێکی تری جنێو حزوری هەیە، کە پیاوانی ئاینین، بەشێکی زۆریان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە هەفتانە و ڕۆژانەش لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانیانەوە جنێو بڵاودەکەنەوە، هونەرمەندێک نووسەرێک شاعیرێک هەر بۆچوونێکی هەبێت کە جیاواز بێت لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەوان دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ چەندین جنێو و ئیهانە، لە کاتێکدا زۆربەی جار وتاری نووسەر یان کتێبەکەی، یاخود شیعری شاعیرەکەیان نەخوێندۆتەوە.

ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە زۆر زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەستی ئاینی و ڕووداوی سیاسی ، چونکە تا ئێستاش کۆمەڵگایەکی تەقلیدیمان هەیە، بۆیە ئەم جنێوە بە شێوەیەکی خێرا بە نێو کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، ڕاگەیاندنەکانیش هۆکارێکی سەرەکین، بە تایبەت کەناڵە ئاسمانییەکان و

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان بە دیـاریکراوی فەیسـبووک، چـونکە لە ئێستادا دەچنە هەموو ماڵێکەوە.

لە ئێسـتادا چەنـد هـاوڕێیەکی بەڕێـز سـەرقاڵی دامەزرانـدنی ڕێکخـراوێکن بە یـارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ ئەوەی هەوڵبـدەن ڕێگـا لە زیـاتر بڵاوبـوونەوەی ئەم کەلتـورە ناشـیرینە بگـرن، کە بە نـاوی ئـازادییەوە دەردێکی کوشـندەی بێ ناونیشـانە هاتۆتە هەموو ماڵێکەوە.

مـن پـێم وایە لە ئێسـتادا درەنـگ نیـیە، وەک چـۆن بەشـێکی کۆمەڵگا تـوانی بە چەنـد سـاڵێک ئەم کەلتـورە بـۆ مەرامی خـۆی بڵاوبکـاتەوە، ئـاواش بەشـێکی تـری کۆمەڵگـا بە هەسـتکردن بە بەرپرسـیارێتی دەتوانێـت ڕێگـا لە تەشـەنەکردنی ئەم کەلتـورە بگرێـت، لە پێنـاو نەوەکانی ئاینـدە کە ناکرێـت چـاو هەڵبێـنن لە دونیـادا و ڕاسـتەوخۆ بەرکەوتەی لەگەڵ کۆمەڵگـایەکی جنێوفرۆشدا بێت.

لەکۆتایـدا دەمەوێـت بڵـێم ژیـانی ئـێمەش بریتی نیـیە لە (خەو، هەسـتان، خـواردن، سـێکس) بەڵکـو بـۆیە ڕێگـادراوە بـژین، تـا بەرپرسیارێتی بخەینە سەر شانمان، جۆرێک بژین بە لایەنی کەم خۆمـان ئاسـوودە کردبێـت، نەک ویژدانمـان ئازارمـان بـدات کە هیچ بەرهەم و چالاکییەکی گشتیمان نەبوبێت.

# گەنجان و حیزب

گەنجـان چینێکی دیـاری نـاو کۆمەڵگان، کە بە چالاکترین و پـر وزەترین چین ئەژماردەکرێن، کە دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە خزمەت کـردن لەسـەرجەم بوارەکانی ژیان و بەڕێوەبردنی ئیدارەی حیزبی و حوکومڕانی لە هەرێمی کورستان.

بەڵام بەداخەوە ئەم چیـــنە چـــالاکە پـــر وزەیە لە چینێکـــی چـالاکەوە کـراوەتە چینێکـی ناچـالاکی گـوێرایەڵی پەراوێزخـراو، ئەگەر سـەیرێکی شێوانی بەڕێوەبردنی حیزبە کوردییەکان بکەین، بۆمـان دەردەکەوێـت لە زۆربەی جـومگە هەسـتیار و دیـاری نـاو حیزبەکان کە شوێنی بڕیاردان، بە دەستی کۆمەڵە کەسانێکەوەن کە لە شاخەوە هاتوونەتە شارەکان.

مـاوەی زیـاتر کە چـارەکە سـەدەیەکە حوکـومڕانییەکی شکسـت خـواردویـان لەم هەرێمەدا کـردووە، کە بە شـێکی زۆریـان خـاوەنی بڕوانـامەی نـزمن، یـاخـود هەر هـیچ بڕوانـامەیەکی ئەکادیمیـان نییە، کە لە کۆمەڵێک سیاسی بیرکورت بەولاوە هیچی تر نین!

ئەم کـۆمەڵە کەسـە بە نـاوی شـۆرشـە و ئەزمـوونەوە نەک هەر گەنجانیان پەراوێز خستووە ،وەتوانیویانە و سـەرکەوتووش بوون

لەوەی هەرکات بیانەوێت گەنجان بەکاربهێنن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان.

هەردەم سەرانی حیزبەکان لە کاتی دروستبوونی تەنگەژەی ناوخۆ و سازدانی خۆپیشاندان،کە هەندێک جار گرژی و قوربانیشی لێ کەوتۆتەوە، گەنجانی خۆیان ناردۆتە سەر شەقامەکان، دواتریش ئەگەر بە سودی حیزبەکە خۆی تەواوبووبێت ئەوا خێرا سەرکەوتنەکانیان وەک دەستکەوتی سیاسی بۆخۆیان بردووە، لە کاتی شکستیشداخۆیان بێ بەری کردووە و گەنجانیش بە تاوانبار ناساندوە.

هەربۆیە پێویستە گەنجانی ناو حیزبەکان چ سیکۆلار و چ ئیسلامییەکان بەئاگابێتەوە. بە بیری خۆیانی بهێننەوە،کە ئەوە ئەوانن دەبێت حوکومڕانبن، و بڕیار بە دەستی حیزبی و حکومی بن، وە ڕۆڵیان هەبێت لە بوونیاتنان و بەرەوپێشچوونی هەرێمەکەیان، نەک کۆمەڵێ کەسی بەناو سیاسی بۆ مەبەستی سیاسی و شەخسی و مەرامی تایبەت بە کاریان بهینێن.

کە بەشێکی زۆری ئەم سیاسیانە تێوەگلاون لە گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی حیزبی و حکومی و ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە شکسی ئیدارەدانی کوردستان.

# بێ ئومێدکردنی گەنجان

گەنجـان لە زۆربەی جیهانـدا دارێـژەری سیاسـەت و ئـابوورین، هەروەهـا لە ناوەنـدی ڕۆشنبیریشـدا ڕۆڵ و پـێگەی خۆیـان هەیە،بەڵام لە کوردسـتان ئەم دەنـگە پـر وزە و چـالاکە هەردەم بە چـاوی کەمەوە سـەیرکراوە، تواناکـانی بەکەم بینـراوە و دووچاری چەندین شکان و قسەی ڕووخێنەر دەبنەوە ڕۆژانە.

لەسـەر ئاسـتی سیاسـی هەلـومەرجی گونجـاو نـیـیە بـۆ بەژداری گەنجان لە سیاسەتدا ڕێگایان پێنادرێت تواناکانیان بخەنەگەڕ و لەسـەر ئاسـتی کـۆمەڵایەتی بەهـۆی زاڵبـوونی هەسـتی خێڵەکی بەسـەر کەسە گەورەکانی نـاو خێزان ڕێگایـان لێدەگرێت، لەسـەر ئاستی ڕۆشـنبیرییش بە هەمان شێوە خەون و ئەندێشـەکانیان لە بواری هونەری و ئەدەبی بەکەم دەبینرێت و قسـەی ڕووخێنەریان بەرانبەردەکرێت.

لە مـاوەی ڕابـردوودا هـاوڕێیەکی بەڕێـز باسـی ئەوەی کـرد، کە لە تەنیشـت خوێنـدەوەی کتێـب هەسـتم کـردووە توانـای نوسـینم هەیە، بەڵام لای کەسێکی تـر باسم کـردوە کە لەجیاتی ڕێنمای و هاوکاری وتوویەتی پێویست ناکات تۆ بنووسین مەخوێنەوە تۆ لە خوێنـدنەوە فێری هـیچ نابیـت و هیچـت بـۆ نانووسـرێت ئەوەی دەینوسیت هیچ نییە!

بەڕای مـن دیـارە ئەم بەڕێـزە خـۆی هـیچە بـۆیە وا بە هـیچەوە گرتوویەتی، خوێندنەوە بۆ ئەوە نییە هەمووماـن ببین بە نووسـەر و شـاعیر و وەرگێر، ئەشێت ئێمە بخـوێنینەوە و ببین بە مـۆمێکی

بچوک ورووناکییەک بدەین بە منداڵەکانمان و یان چرایەک بین بـــۆ دوارۆژی کەســـانی چواردەورمـــان، ئەگەر قـــانعی شـــاعیر نەبوایەتە چرایەک ڕەنگە ئێستا ڕۆشـنبیرێکی وەک مەریـوان وریـا قـانع مـان نەبـوایە، کە دەنگێکی دیـاری نێـو کایەی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی کوردە.

هەروەهـا لەتیـف هەڵمەتـی شـاعیر.کە چـاوی کـردەوە کەوتە نێـــوکتێبە کـــانی بـــاوکیەوە کەدواتـــر کـــاریگەری تەواوی لەســەرهەنگاونانی هەڵـمەت بەرەو دنیـای خوێنـدنەوە و نوسـین بردوە.

دەمەوێت کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە و لە ساڵی (٢٠١٢) کتێبی (چێشـتی مجێـور) ی مامۆسـتا هەژار موکریـانیم خوێنـدەوە کە مامۆسـتا هەژار باسـی ڕووداوێکـی گێڕایەوە کە کـاتی فەقێیەتـی ڕوویـداوە مامۆسـتا دەڵیت:"ڕۆژێـک لەگەڵ فەقێیەکـی هـاوڕێم بـووم،منیش شـیعرێکم نوسـیبوو بـۆم خوێنـدەوە وتی ئەو شـیعرە هی کێـیە؟ منـیش وتـم هی مسـتەفا بەگی کـوردیە،ئەویش وتـی زۆرجوانە ڕەحمەتی لێبیت ئادەی جارێکی تریش دووبارەی کەرەوە ،وتـی بـۆ دووەم جـار دووبـارەم کـردەوە ئەویـش دووبـارە کەوتە پەسنکردنی، منیش خۆم بۆ ڕانەگیراو وتم وەڵا کاکە ئەو شیعرە هی خـۆمە جـا لە وکاتەدا لەجیـاتی دەسـت خۆشـی هـاوڕێکەی هەژار وتبووی توخوا ئەوەشیعرە کۆمەڵی قسـەت ڕیزکردووە و بێ سـەرەوبەرە نووسیوتە، جا هەژاریش وەک خۆی نووسـیویەتی زۆر پێی شکاوەتەوە.

بەڵام دەرئەنجام چی ڕوویدا هەژار نەکەوت و سەرەڕای سەختی ژیانی بوو بە شاعیرێکی گەورەی کورد و خاوەنی دیوانێکی جوانە بە ناوی بۆ کوردستان،چوار نامیلکەی دکتۆر عەلی شەریعەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە تا ئێستاش لەناو خوێنەرانی کوردستانی باشووردا خوێنەری هەیە و ساڵانە چاپ دەکرێتەوە،دیوانی مەلای جەزیری شیکردۆتەوە کەسامانێکی ئەدەبی گرنگە، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی ئامادەکردەووە کە ئێستا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێدەبینرێت،بەهۆی شارەزایی وردی لە زمانی فارسی توانی چوارینەکانی خیام زۆر بەجوانی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی. داستانی مەم و زینی گۆڕی بۆ کوردی سۆرانی،هەروەها کتێبی چێشتی مجێور کە پڕە لە یاداشت و ڕووداوی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشور،جگە لە مانەش شەرحی قورئانی پیرۆزی کردووە، لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت ئەو فە قێیەی هەژاری شکاندەوە خۆی چی کرد؟ چی لە هەگبەی دابوو؟ لە چ بوارێک خزمەتی کرد؟

هەر بۆیە ئەم چیرۆکەی هەژارموکریانی شاعیر زۆرگرنگە بۆ گەنجانێک کە دەیانەوێت خۆیان دروست بکەن و نەکەونە ژێرکاریگەری کەسانی ڕووخێنەر و بێ هیوا و ئومێد لە ژیان و لە کاری نوێ و داهێنانی نوێ جا لەهەر بوارێکدابێت.

# چیم دی؟

دروســت لە ســاتەوەختی گەرمبــوونی بانگەشــەی هەڵبژاردنــی پەرلەمانی کوردستاندا گرتەیەکی ڤیدیۆیی کەسێک بڵاوبۆیەوە، کە هێرشـدەکاتە سـەر هاوڵاتییەک کە کێشـەی کۆمەڵایەتی هەیە لەگەڵ کەســەکەدا، بەڵام لە ڕێگـای دادگـاوە چارەســەری ناکـا، بەڵکو بە پاڵپشـتی شـەخس، یاخود حیزب دەمانچەکەی دەستی کەرامەتـی مرۆڤێـک دەشـکێنێت و ئیهـانەی پێـدەکات، هەروەهـا جنێو بە دامودەزگاکانی حوکومەت دەدات؟.

هەر زوو پـۆلیس رایگەیانـد:" کەسـی تۆمەتبـار مـاوەیەك پـێش ئێستا لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکدا دەستگیرکراوە.

دیارە ئەم جۆرە کارانە بەرئەنجامی لاوازی یاساکانە لە هەرێمی کوردســـــتان، هەروەهـــــا دەســـــتکەوتنی چەکە لە لایەن هەمووکەسـێکەوە بە ڕێگـایەکی ئاسـان یـان لەکـاتی بانگەشــەی هەڵبژاردندا دەبەخشرێتەوە بەسەر ئەندام و لایەنگرانی حیزبدا.

هەروەها بەرپرسە حییزبیەکانیش هۆکارن، چونکە نەیانتوانیوە بـێ لایەنــبن لە کاتێکــدا تۆمەتبارەکـان ڕاپێچـی دادگـا دەکــرێن تەداخــول دەکەن و هەنــدێکیان دەبــنە تەرەف لە گــرفتەکەدا، لاوازی دەسـەڵاتی دادوەریـش هۆکـارێکی تـرە بـۆ زیـادبوونی ئەم جۆرە حاڵەتانە.

بەڵام لە هەمـوو بێ شـەرمانەتر میـدیاکانی حیزبە جیاوازەکـانی هەرێمە، کە نەیانتوانیوە بێلایەنانە کار لەسەر ئەم حاڵەتە بکەن و ببنە کارتی فشار لەسەر دەزگاکانی ئەمنی و دەسەڵاتی دادوەری و

بەرپرسـان لە هەرێمی کوردسـتان، بەڵکـو هەر زوو بـۆ مەبەسـتی بانگەشـەو کۆکردنەوەی دەنگ کەوتنە بڵاوکـردنەوە و بەکارهێنـانی بۆ مەبەستی حیزبی.

میـدیاکانی یەکێتی هەر زوو هەوڵیانـدا، وا نیشـانی بـدەن کە دەسـتگیرکردنی تۆمەتبـار بەسـە بـۆ کۆتـایی هـاتنی ئەم هەرایەی دروستکراوە.

پـارتیش چ لە رێگـای میـدیای بیسـتراو ، بینـراو ، خوێنـدراوی رەسمییەوە چ لە ڕێگای ئەو هەموو سایتەی کە بە پارەی میللەت دروسـتکراون و بەڕێوەدەبرێـت کەوتە هەرا، وەک بڵێی خەڵکی بێ ئاگـان و ڕووداوەکـانی چەنـد مـانگی ڕابـردووی سـنووری ژێـر دەسـەڵاتیانی لەبیـر چـووبێتەوە کە چـۆن لە کـاتی خۆپیشـاندانەکاندا شەقشـەقێنیان بە مامۆسـتایەکی بەتەمەن کـرد و دکتۆریـان بەر زلە دەدا و دوایـش لەدادگـا بـێ شـەرمانە داوای قەرەبوویان لێدەکرد!

ڕەنـگە ئەو میـدیایانە بیریـان چـووبێتەوە کە هـێمن نـاوێکیش هەبـوو پێشـمەرگەبوو، بەڵام هەمـوو ڕێـز لێگرتنێکیـان ئەوە بـوو نیـوەی سـەری تاشـراو ڕەوانەی سـنووری سـلێمانی کـرایەوە، حەقمە بیرسم ئەوەبوو حورمەتی پێشمەرگە ؟

یاخود میدیاکانی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان بیریان چوو چەند مەتریـک ئەولای کەناڵەکەیـان لەنـاو گـردی زەرگەتە لە ڕۆژنامەنووسیکدرا کە چەندین ساڵ ڕەخنەی توندی دەگرت لە نەیارانی گۆڕان و خزمەتی پرۆژەی گۆڕانی دەکرد، بەڵام کەڕووی قەڵەمی رەخـنە و زمـانی گـۆڕا بـۆ بـزووتنەوەی گـۆڕان بەشـێك

لەوانەی ڕەخنەیـان قبـووڵ نەبـوو پەلاماریانـدا و لە گـردەکە دەریان کردا!

ئەمەوێت بڵێم ئەرکی میدیایە شەربکات لە پێناو کەرامەتی هاوڵاتییان و پاراستنی شەخسیەتی هەموو کەسیک بێ جیاوازی ئاینی و ئایدۆلۆجیا و حیزبی، نەک بەپێی بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی کەرامەتی مرۆڤ وەک پارچە قوماشێک لێبکات چۆنی بوێت ئاوا بیبڕێ و دوایی بەدڵی خۆیان بیدورن.

لە ڕاستیدا دەبێت هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە هەردەم لەخەمی ئەوەدابن کە تووشی کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و هەندێکجار یاسایش نەبن، لەگەڵ هیچ کەس و گروپێک بۆ ئەوی نەبنە قووربانی لاوازی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی حکومەت و کەرامەتیشیان ئەوەندەی تر نەشکێنرێ لەلایەن حیزبەکانەوە.

# تەقەی بەناو خۆشی

یەکێک لەو دیاردە ناشارستانی و ناشیرنانەی نێوکۆمەڵگای کوردی، دیاردەی تەقەکردنە کەناو دەبرێت بە تەقەی خۆشی، کە ڕیشەی ئەم دیاردە ناشرینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی لە گوندەکان ئاهەنگی هاوسەرگیری سازدەکرا،لەو کاتەدا وەک دەربڕینی خۆشی تەقە بە ئاسماندا دەکرا!

ئەگەر جاران دواکەوتوویی کۆمەڵگا هۆکاربووبێت بۆ ئەم دیاردەیە، و ڕوانینی تاکی کورد لەوەدا کورت بووبێتەوە ژنهێنان لە گوندیکی تر، یان عەشرەتێکی تر یان تەنانەت لەو هەمان گوند و بنەماڵەدا ڕەمزی سەرکەوتن بووبێت، ئەی ئیستا و لەم سەردەمی تەکنەلۆجیا و جیهانگیری و مۆدێرنەدا دەمی هەر تاکێکی کورد بکەیتەوە لە شوێنە گشتییەکان یاخود سەیری بڵاوکراوەکانی بکەیت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە یەک کاتدا سەدان مامۆستای ئاینی و فەیلەسوف و ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی و کۆمەڵناس و پسپۆری دەرونی و شەرەزای فەلەک ناسی و ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و هونەرمەند و شاعیر نووسەر، هەموو ئەمانە دەبینیت قسەدەکات ، گوێ لە هیچ کەسی تر ناگرێت و خۆی وادەردەخات دواین حەقیقەت لای ئەوە!

بەڵام لە حەقیقەتــدا کۆمەڵگــایەکی وێــرانەین، هەمــوو ئەو پێشگری نـاوانە سـود وکاریگەری نەبووە، نەک لەسـەر خەڵکانی تر بەڵکو لەسەر خودی کەسی قسەکەر خۆشی!

تـا ئێسـتا تـاکە ڕێگـای دەربڕینی خۆشـی لە کـاتی سـەرکەوتنی لایەنێکـی سیاسـی لە هەڵبژاردنەکانــدا دیـاردەی تەقەکردنــی هەرەمەکییە بە ئاسمانی نـاوچە جیاوازەکانـدا، کە ئەم دیـاردەی تەقەکـردنە هەمووجارێک چەنـدین قوربـانی لێکەوتـۆتەوە، چ بە بریندارکردن و چ بە کوشتن.

کوشــتنی مرۆڤێــک و لێســەندنەوەی مـافی ژیـان جــگە لەوەی تـاوانیکی گەورەیە و لە ڕووی یاسـاییەوە سـزای قورسـی لەسـەرە واتای ئەوەشـە کە خێزانێک لەبەریەک هەڵدەوەشێنرێت و جەرگی دایکێـک، یـان باوکێـک دەسـوتێنرێت و زۆرجـار ژنیـک بێـوەژن دەبێــت منــداڵێک بـێ دایـک یــان بـێ بــاوک دەبێــت، کەسـی تەقەکەریـش زۆر بێ شـەرمانە وبەجـورئەتەوە باسـی ژمـارەی ئەو فیشـەکانە دەکات کە تەقاندویەتی، یان باسی جۆری چەکەکەی دەکات!

لایەنە سیاســییەکان و حوکــومەت هۆکــاری ســەرەکی ئەم دیـاردەیەن و بێ بـاکن لە سـەندنەوەی مـافی ژیـان لە مرۆڤەکان، چـونکە چەک دابەش دەکەن بەسـەر بەشـێک لە لایەنگرانیانـدا لە بـۆنە جیاوازەکـان و حکـومەتیش مـۆڵەتی چەک هەڵگـرتن بـۆ هەنــدێ کەس دەکــات هەنــدێجار کە هــیچ هۆکــارێکی بــڕوا پێکراویشی پێ نیە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکە.

هەر زووش لە ساتەوەختی دەستپێکردنی تەقەکانەوە لایەنە جیاوازەکان لە ڕاگەیاندنەکانەو دێنە سەر شاشە و دەڵێن خۆشییەکانتان بە تەقەکردن دەرمەبڕن، وەک بڵێی ئاگایان لە هیچ نیە، کە خەڵک چۆن چەکیان دەست کەوتوە.

جگە لە تەقەی خۆشی دیاردەیەکی تریش لە بۆنەکاندا بەدی دەکرێت ئەویش یارییە ئاگرینەکانە کە دیاردەیەکی زۆر ناشرینە و نایاسایشە، و لە کۆڵانەکان و ناو گەڕەکەکاندا بەبێ ئەوەی حساب بۆ دانیشتوانی بکرێت دەتەقێنرێت.

ئەگەرچی زۆرجار تێبینی ئەوەم کردووە کە هێزە ئەمنییەکان هەر زوو دەگەنە ناوچەکە بۆ ئەوەی کەسانی فرۆشیار دەستگیر بکەن، تا ئێرە شایەنی دەست خۆشییە بەڵام دەپرسم کە ئەوەندە نایاساییە و هەمووان دەزانین سەرچاوەی بێزارکردنی خەڵکییە بۆ لە سنورەکانەوە بەئاسانی دێتە خاکی هەرێم و لە ناو بازاڕەکاندا وا بەئاسانی بڵاودەکرێتەوە؟

بۆ چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی جیهانەوە بە یاسای و نایاسایی دەکڕێت یاخود وەک هاوکاری دێت بۆ هێزە ئەمنییەکان، بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هاوڵاتیان و پاراستنی سنورەکان و ئامادەباشی بۆ هێرشی دوژمنان بەڵام وا بەئاسانی دەگاتە دەستی کادری حیزبەکان و بەئاسانی مامەڵەی پیوەدەکرێت و لە بۆنەکاندا ئاسمانی کوردستانی پێ گولەباران دەکرێت و پێش کەوتنە سەرزەویش جەستەی مرۆڤێکی بێ گوناهی پێ خوێناوی دەکرێت؟

# کلتووری دەنگدان لە کۆمەڵگای کوردیدا

لە سەدەی رابردوودا کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتوو هەژمار دەکرا، هاوڵاتیانی ئەم کۆمەڵگایە زۆرینەی ڕەهایان خوێندەواریان نەبووە و بیرکردنەوەی خێڵەکی و عەشرەتگەرایی بەسەریدا زاڵبوو، هەر بۆیە لە سەدەی رابردوودا ئەو نوخبە کەمە دیارەی رۆشنبیران و شاعیرانی کورد هەموو هەوڵێکیان داوە، تاوەکو کورد ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت و هانی خەڵکیان دەدا کە منداڵەکانیان بەبێ جیاوازی بنێرنە بەر خوێندن لە پێناو ئەوەی لە سەرجەم بوارەکاندا بڕوانامەی بەرزبهێنن و ڕۆڵیان هەبێت لە خزمەتکردنی وڵاتەکەیان و ڕۆشنبیربوون.

دواجار ئەم هەوڵە سەرکەوت و لە بیست ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای کوردی زۆرینەی ڕەهای تاکەکانی بوون بە خاوەنی بڕوانامەی جیاواز تەنانەت لە ئێستادا، ئەوەندە بڕوانامەی بەکالۆرێۆس و دیبلۆم هەیە کە ئەوەندە ژمارەیان زۆرە حوکومەت ناتوانێ هەلی کاریشیان بۆ دابین بکات.

بەڵام ئەوەی جێگای داخە بەدەست هێنانی بڕوانامە و بەسەربردنی چەندین ساڵ لە خوێندن نەیتوانیوە تاکەکانی کورد لەو قۆناغی بیرکردنەوەی خێڵەکییە دەربازبکات، تا ئێستاش چەندین کەسی خاوەن دکتۆرا و مامۆستا و پزیشک و تەنانەت

بەشێک لە شاعیران و نووسەران شانازی بەو عەشرەتگەریەوە دەکەن و پاشگری ناوی خێڵ و عەشرەتەکەیان هەڵگرتووە هەر بۆیە ئەم خولانەوەیە بەدەوری خێڵ و عەشرەتدا بەردەوامی هەیە.

ئاخر کارەساتێکی گەورەیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کاندیدی یەکێك لە حیزبەکان سەردانی شارۆچکەیەکی دیاری هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بانگەشە بۆ خۆی و حیزبەکەی، بەڵام هەر لەناو بارەگای حیزبەکەی خۆیدا پێیان وتوە " خەڵکی ناوچەکەی ئێمە لە چەند عەشرەتێک پێکدێت، دەشزانین چەندیان لەگەڵ ئێمەن تەنها بچۆ بۆ لای سەرۆک عەشرەتەکان ئەوان بەڵێن بدەن ئەوا دەنگی زۆرینەی ئەندامانی عەشرەتەکە بۆ تۆ مسۆگەرە."

دەبێ چی هەبێ لەوە کارەساتتر سەرۆکی عەشرەتێک کە ئاستی زانین و خوێندەواری سفر بێت، بەڵام بڕیار لە دەنگ و ویژدانی کەسەکانی چواردەوری بدات کە بە دڵنیاییەوە زۆربەیان خاوەنی بڕوانامەی بەرزن؟!

کەسانی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر و مامۆستایان و پزیشکان کە خۆیان بە پێشەنگی کۆمەڵگا دەزانن حەقە لە خۆیان بپرسن بۆچی کەسێکی تر کە لە سادەترین مافە تاکەکەسیەکانی خۆشی بێ بەشەو لە عەقڵێکتی و داخراو لە کارکەوتوو زیاتر هیچی تری نییە بڕیار لەسەر چارەنووس و ئایندە و دەنگی من بدات.

# بانگەشـــەی هەڵبــژاردن و ترازانـــی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

پرۆسـەی هەڵبـژاردن وەک یەکێـک لە ڕێگـا مەدەنییەکـان بـۆ دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات، یـاخود چـوونە پەرلەمـان و بە ئۆپۆزسـیۆن بـوونە، عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش لەدوای رووخانی حیزبی بەعسی قەدەغە کراو چەندین هەڵبژاردنی گرنگی تێدا ئەنجامدراوە، لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەگشـتی نـزیکەی مانگێـک بانگەشـەی هەڵبـژاردن ئەنجـام دەدرێـت و حیزبەکـان و کاندیـدەکان بە چەنـدین شـێوە بانگەشـە ئەنجـام دەدەن، بەڵام ئەوەی گـرنگە چـۆن ئەم بانگەشـەیە ئەنجـام دەدرێـت، بەداخەوە لە هەرێمی کوردسـتان لە کـاتی گەرمبـوونی بانگەشـەی هەڵبژاردن بەشـێکی زۆر لە کەناڵەکانی راگەیانـدن بە بینـراو و نووسـراو و خـوێنراوەوە ئەوەنـدەی کـار لەسـەر شـکان و خـراپ نیشـاندان و ناشـیرن کردنـی نەیارەکانیـان دەکەن نیـو ئەوەندە پرۆژە و کاری خۆیان باس ناکەن.

ئەم خـراپ نیشـاندان و ناشـیرینکردنەی یەکتری بە کـردنەوەی دەرگای توندوتیژی دادەنرێت، زۆرجار دەچێتە سەر شەقامەکان و شـەڕ و ئـاژاوەگێڕی لێـدەکەوێتەوە، هەمـووان بـووین بە کەسـی سیاسی و قسـەی لەسـەر دەکەین و هێرشی توونـد دەکەینە سـەر لیستەکان، کەسی بەرانبەر کە بیروڕای جیاوازە لە تۆ، لێرەوە ئەو پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتییەی کە لە نێـوان خـزم و هـاوڕێ و

دراوسێکان و تەنانەت هەندێکجار لەناو ئەندامانی یەک خێزانیش کەم دەبێتەوە تووشی ترازان دەبێت.

ڕۆژی (١٣)ی مایس هەڵبژاردنەکان تەواو بووە و هەمووی چەند هەفتەیەک دواتر لایەنەکانی کوردستان بە گوێرەی ئەو دەنگەی هێناویانە کۆدەبنەوە و هەوڵ دەدەن بە پلان و ئەجێندای گشتییەوە بچنە بەغداد و ئەوان کێشەیەکی ئەوتۆیان نامێنێت، وەک خۆیان دەڵێن تای هەڵبژاردن سارد دەبێتەوە.

بەشێک لە ئەندام پەرلەمانە تازەکانیش هەوڵدەدەن کەسە نزیکەکانی خۆیان لە چوار دەوری خۆیان دامەزرێنن، وەک پاسەوان، ئەوان تا چوار ساڵی تر ڕێکدەکەونەوە، بەڵام ئەوەی ڕێکناکەوێتەوە و دروست نابێتەوە ئەو ڕێز و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە جوانە بووە کە پێش بانگەشەی هەڵبژاردن لە نێوانماندا هەبووە.

بۆیە پێویستە دوور لە زمانی تەشیر و توندوتیژی بانگەشەبکرێت، باشتروایە بە ڕێگای گفتوگۆ و دوور لە تەخوین کردنی یەکتری بیروڕا بگۆڕینەوە و هەوڵی قەناعەت پێکردنی کەسی بەرانبەر بدەین کە بیروڕای بگۆڕێت گەر مەبەستی گفتوگۆکە ئەوەبێت.

# هونەری سەرناوک و خوارناوک

لە دوو ڕۆژی ڕابـــــردوودا یەکێـــــک لە هەواڵە گەرمەکـــــانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان و سـایتە کـوردی و عێراقییەکـان بـابەتی شەڕی نێوان دوو فڕۆکەوانی عێراقی بوو لە ئاسماندا، لە بەرزی (٣٧)هەزار مەتـرەوە ڕوویـداوە، شـەڕەکە لەسـەر خـواردن بـووە، ژیانی سەرنشینانی ناو فڕۆکەکەیان خستۆتە مەترسییەوە.

گەر ســـەیرێکی سروشـــتی کۆمەڵگـــای عێراقـــی بکەیـــن لەوە تێـدەگەین کە دوو شـت زۆر گـرنگە بەلایەوە کە وەک هونەرێـک دەبیبیـــنم ئەوانـــیش هـــونەری ســـەرناوک و خـــوار نـــاوکە، کە هەردووکیان سەرچاوەی کێشەن لەم وڵاتە.

کۆمەڵگای کوردی و عێراقی کۆمەڵگایەکی بخۆرە،جاگرنگ نییە چـــی دەخـــــوات و چەنـــد دەخـــــوات هەردەم ئەوەی بە لای تاکەکانیەوە گرنگ بـووە چـۆن بتوانێـت زۆرتـرین پـارە بە دەسـت بهێنێـت، تـا زۆرتـرین و بە تـامترین خـواردنی لێ بکـڕی و بیخـوات، سیاسـییە دەسـەڵاتدارەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتییش هەمـان کێشـەیان هەیە لە کاتی میوانـداری میوانەکانیـان، ئەوەی گـرنگە لەلایـان چـۆن بتـوانن زۆرتـرین جـۆری خـواردن بـۆ میوانەکانیـان دابنێن بۆ ئەوی گلەیان لێ نەکەن.

ئەم زۆر خـۆریە زۆرجارکـاریگەری کـردۆتە سـەر تەندروسـتی کەسەکان کە بەڕاستی کارەساتە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە سەخترین کـاتی ژیانیـان ئەو کـاتە بێـت لایـان کە پزیشـک ئاگاداری کـاتەوە

لەوەی هەندێک جۆری خواردن نەخوا لە پێناو تەندرووستی خۆی، یاخود تەشەنە نەسەندنی هەندێک نەخۆشی درێژخایەن!

هونەرێکی تر هەیە کە پێی دەگوترێت هونەری خوار ناوک ئەمەش ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە جیهان بەگشتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، کە لە ئەنجامی کڕی سێکس دروست بووە لای هەردوو رەگەز بە تایبەت ڕەگەزی نێر، بۆتە سەرچاوەی سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی ناو خێزان و دادگاکان، چەندین ڕووداوی کوشتی و لێکهەڵوەشانی خێزانەکانی لێکەوتووەتەوە.

ئەم هونەرە تەنها تاکەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری سیاسییەکانی گرتۆتەوە کە هەردەم ڕەگەزی بەرانبەریان وەک نێچرێک بینیوە و خۆشیان ڕاوچی، هەردەم هەوڵیان داوە لە ڕێگای پۆستەکانیانەوە بگەن بە جستەی ڕەگەزی بەرانبەر و خوارناوکیان تێرکەن.

بەڵام ئەوەی لەم وڵاتە پەراوێزخراوە هزر و بیری مرۆڤە لە کاتێکدا چۆن سێکس و خواردن گرنگە  پێوستی ڕۆژانەیە ئاواش عەقلی مرۆڤ پێوستی بە تێرکردنە، کە ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوەی بەردەوامی کتیب و گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی دەبێت.

بەڵام تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە هیچ گرنگی بە عەقڵ نادەن، ئەوانەش کە دەخوێننەوە و لەڕێگای کتێبەوە پێشگری شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند یان سینەماکاریان هەڵگرتوە، ئەم ناوانەیان کردۆتە ئامرازێک بۆ دووبارە تێرکردنی سەرناوکیان

و خوارناوکیـــان، کە بەشـــێوەیەکی بەرنـــامە بـــۆ دارێـــژراو کـــاری بۆدەکەن.

خۆیـان نزیـک دەکەنەوە لە سیاسـییەکان و دەنووسـن لە پێنـاو پارەدا، کە دواتـر سـەرناوکیان تێردەکەن لە خـواردنی جۆراوجـۆر لەسەر مێزی سیاسییەکان، هەروەها بەو پارە زۆرەی بە دەستیان هێنـــاوە و لە ڕێگـــای بەکارهێنـــانی ڕۆشـــنبیری و کتێـــب و پیشـەکەیانەوە هەوڵی تەواو دەدەن بـۆ ئیسـتخلال کردنی ڕەگەزی مێینە لە پێناو گەیشتن بە تێرکردنی خوارناوکی خۆیاندا.

# کرۆزانەوە بۆ بڕیار

فەرهەنگی کرۆزانەوە بۆ بەدەسهێنانی بەزەیی بەرانبەر بەشێکە لە کەسایەتی کورد. ڕەنگە بێ دەوڵەتی و ژێردەستەیی درێژخایەنی دەسـەڵاتی بێگانـە لـە دروسـتکردنی ئـەم فەرهەنگـەدا کاریگـەر بـووبێ، تـاکی کـورد بـۆ بـە دەسـهێنانی مافەکانی،لـەجیاتی ئـەوەی خـۆی بـە خـاوەن هـەق دابنێ و داکۆکی ڕەوا لـە خواسـتەکانی بکا، هـەوڵ ئـەدا لـە ڕێی ئـەوەوە کـە ( گوناحـە، نەگبەتـە، بەدبەختـە، لێقـەوماوە، لاواز و زۆرلێکـراوە) بـە پاڕانـەوە و لالانـەوە و نوزانـەوە هەسـتی بـەزەیی لـە بەرانبەرەکـەی دا ببزوێنێ و خواسـتەکەی پێ بسەلمێنێ. ئـەوە لـە کەسـایەتی بـە کۆمـەڵی کوردیشـدا، لەوانـە لـە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، ڕەنگی داوەتەوە

ئەم پەڕەگرافە لە کتێبی "مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس ١٩٩١" نەوشـــیروان مســـتەفا نووســـیویەتی و تائێســـتاش بەردەوامە، دوێنی کوڕی شەهید ئاسۆ لە تەمەنێکی کەمدا گیانی لەدەســـتدا و ڕاگەیانـــدنی کـــوردی وچالاکەکـــانی تـــۆرە کۆمەڵایەتییەکان و هاوڵاتیـان هەموویـان بە جارێـک کەوتـوونەتە کـڕوزانەوە و شـیعر وتـن بەباڵایـدا و هەر حیـزبە و لەسـەری دێـتە جواب ڕۆژنامەنووسە و وێنەی کۆنی بڕیاری کۆچکردووی بە ئاڵای حیـزبەوە بڵاودەکـاتەوە و پەیـام دەنێـرت، بـۆ حیـزبەکەی ئـاخر منـــداڵێک لەو تەمەنەدا حیزبـــایەتی چـــوزانێ؟ تـــاوانی چیـــیە ڕاگەیاندن لەجیاتی نیشاندانی بەرنامەی تەمەنی خۆی حزبایەتی بـۆ ئەکاتە نـاو ئـاو و نـانەوە ، ئـاخر بـۆیە هەرچی مرۆڤی کوردە لە دوای بیسـت سـاڵیدا ئەنیشـێ بە دیـار مـاوەی منـاڵانەوە چـونکە مناڵیی خۆی نەدیوە.

ســـتۆری و فەیســـبووک و ئینســـتاگرام پـــرە لەوێـــنە و هەر پەخشـــانە شـــعر و ئەنووســـرێ پـــێش مردنەکەشـــی کە لە نەخۆشخانە بـوو زانـرا دۆخی لە مەترسـیدایە خێرا بەرپرسـەکان گەیشـتنە ئەوێ وەک خەمخـۆر خۆیـان نیشـاندا بەڵام کەمترین قسـە لەسـەر هۆکـاری مـردنەکەی دەکرێـت و دوور لە سـۆز و هەست کەمترین کەس قسە دەکەن.

کەس ناپرسێ و جورئەتی ئەوەی نیە بڵێ خێزان تـا چەنـد ڕۆڵی هەبـوو لە تێکچـوونی دۆخی دەروونی ئەم منـداڵە چـوار سـاڵە؟ کەسێک نییە بڵێ بڕیار کۆچی دوایی کرد پاش هەفتەیەک چۆن ڕێز لە کەسوکاری دەگرێت؟ ئێستا هەموو کورد بووە بە شاعیر و

هـۆنراوە بەباڵایانـدا دەڵـێن، کاربەدەسـتانیش بڵـێن ژیانیـان بـۆ فەراهەم دەکەیـن، بەڵام پاش هەفـتەیەک و کە بـابەتێکی تـر بـوو بە باسـی میـدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکـان کەس بیـری ئەو ئـازارەی نامێنێ!

منداڵی شـەهید لە زانکۆکان لەکرێی خوێندن ئەبەخشرێن هەتا کۆتـایی سـاڵ (١٠)کتـابی پێ ئەهێن و ئەبەن گوایە ئەمە چییە بێ بەرانبەر دەخوێنن.

بڕیـار کـۆچی دوایـی کـرد بەڵام سـەدان بڕیـاری تـر هەن کـوڕی شـەهیدن و کچی شـەهیدن و کەس لێـان ناپرسێ (١٠)سـاڵە زانکۆیـــــــان تەواوکـــــــــردووە و کاریـــــــان نیـــــــیە! مووچەیەکیـان بـۆ بـڕاوەتەوە ملێۆنێـک جاریـان داوە بە دەم وچاویاندا.

جـا قـوڕی خەسـت ئەوکـاتە ئەگیـرێتەوە کچ و کـوری شـەهید خۆیـان خـاوەنی بڕیـاری خۆیـان بـن و بیریـان کـردبێتەوە سـەر بەلایەنیکی سیاسـی تـر بـن، جـگەلە و حیـزبەی باوکیـان شـەهید بووە تێیدایە بۆ نموونە کچەکە لەچکێکی لەسەر بێت و کوڕەش لەحزبیکی دەرەوەی جوت حیزب بێت یان لایەنی کەم بۆچوونێکی ڕەخنەیی هەبێت ئەوە ئیتر بۆ ئەبەد ئەبێ لە ماڵەوە دانیشن.

# زیـادبوونی ڕووداوەکـانی کووشــتن و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان

گەر ڕۆژانە چـــاوێکی خێـــرا بە ســـایتە ئەلکترۆنییەکـــان و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانــدا بگێـڕێن لە هەرێمی کوردســتان کەم ڕۆژ هەیە نە بیـنە خـوێنەری هەواڵی کـوژران و خۆکوشـتن، کە وەك هەواڵێکی بەپەلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەنووسرێ ئەمرۆ کچێـک خـۆی کوشــت، کەمێـک پـێش ئێسـتا پیاوێـک ژنەکەی کوشت و دواتر خۆی کووشت.

ئەمــانە و چەنــدین هەواڵـی تــری لەم شــێوەیە بەردەوام لەم کۆمەڵگـایەدا ڕوو لە زیــادبوونە، دەزگاکـانی راگەیانــدن خێـرا و بەپەلە کاری لەسـەر دەکەن و هەوڵدەدەن هەریەکەیان پێشـەنگ بـن لە بڵاوکـردنەوەی هەواڵەکە، بەڵام ئامـادەنین بەدواداچـوون بـکەن لەوەی هۆکاری خۆکوشـتنەکە چییە؟ بـۆ ئەم ڕوداوانە لە حاڵەتەوە بوون بە دیاردە؟

مامۆسـتایانی ئـاینیش لە مینـبەری مزگەوتەکانەوە مسـوڵمانانی بۆرمـا و فەڵەسـتینی و وڵاتـانی عەرەبیـان هەمـوو بەسـەرکردنەوە، بەڵام لە تەنیشــت خۆیــان و لە هەرێــمەکەی خۆیــان تەنــانەت هەنــدێکجار نزیــک لەمــاڵەکەی خــۆی ڕووداوەکـانی کوشــتن و خۆکوشـــتن ڕویانـــداوە، بەڵام وتارێکیـــان تـــایبەت نەکــرد بە هۆکارەکانی زیادبوونی ئەم حاڵەتانەو هەوڵێک بۆ چارەسـەرکردنی

بـــدەن لە ڕێگـــای هۆشـــیارکردنەوەی هاوڵاتییـــانەوە هەوڵبـــدریت چارەسەری کێشەکانیان بەگفتوگۆ بکەن نەک کوشتنی کەسی تر و خۆکوژی، هەوڵبدرێت ژیان لای هاوڵاتیان جوان بکرێت.

دەزگاکانی پەیوەندیداری حوکومیش خۆیان بێ دەنگ کردوە لە ئاســت زیــادبوونی تــاوانە کۆمەڵایەتییەکــان و هەڵوەشــانەوەی خێزانەکان، پێوستە هۆکارەکانی روون بکرێتەوە دواتر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

یەکێـــک لە هۆکـــارە ئاشـــکراکانی زیـــادبوونی ئەم تـــاوانە کۆمەڵایەتییـانە دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو دۆخە سـەختەی ئـابووری کە بەرۆکـی هاوڵاتیـانی گـرت لە ئەنجـامی شکسـتی حوکـومەت و حیزبەکان کە هەموویان لە سەرهەڵدانیدا بەشدارن.

خراپـی دۆخـی دارایـی هاوڵاتیـان وای کـردوە چەنـدین کەس بەهۆی هەژاریەوە خۆی کوشتوە و چەندین کەس بۆ گەیشتن بە بڕێک پارە رێگای نایاسایيان بەکارهێناوە،چ لە ڕێگای دزیکردنەوە بێـــت کە هەنـــدێکجار بـــۆتە هـــۆی ئەوەی کەســـەکە کەســـی بەرانـــبەریش بکووژێـــت، بـــۆ پـــارەکەی یـــان ئوتـــومبێلەکەی، کە دواجـار نەک هەر بە تـاوانی دزی دادگـایی دەکرێـت، بەڵکو وەک بکوژێک دادگایی دەکرێت.

شکســتی کەرتەکــانی تــری حوکــومی و بــێ ئومێــدی قــوڵ لای گەنجــان و نەبــوونی هەلـی کـارکردن و دانەمەزران لە سـێکتەرە جیاوازەکاندا و شکستی کەرتی تایبەت و ئیفلاسبوونی بەشێکیان کە بە دەرکردنی کارمەندەکان کۆتایی هاتووە.

هەموو ئەو هۆکارانەی باس کران هۆکاری سەرەکین و پێوستە نەك قسەی لەسەر بکرێت بەڵکو چارەسەری بە پەلەیان بۆ بدۆزریتەوە بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت تاوانە کۆمەلایەتیەکان کەم بێتەوە.

لە ئێستادا نەک هەر ڕووداوەکانی کوشتن، بەڵکو لە هەرێمی کورستان دیاردەیەکی تر دەبینرێت کە میدیاش وەک پێوست کاری لەسەر نەکردنەوە ئەوەش جیابوونەوەی هاوسەرەکانە لە یەکتری کە لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکانی دادگاکانی هەرێمدا هەتا کچ و کوڕیک گرێبەستی هاوسەرگیری دەبەنە بەردەم دادوەر چەندین ژن و پیاوی تر لێکجیادەبنەوە لەبەردەم دادوەر بەهۆی خراپی دۆخی دارایی و نەبوونی هەلی کارکردن، تا ژیانێکی سادە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن.

زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە واتای هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و بێ دایک و باوک بوونی منداڵەکان، کە دەبنە قوربانی سەرەکی ئەم جیابوونەوەیە و دۆخیکی دەروونی خراپ ڕوو لە دایک باوکەکەش دەکات، منداڵەکان دەبێت چاوەڕێی ژیانێکی قورس و سەخت بن لە ئایندەدا.

زیادبوونی تاوانەکانی کوشتن و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان کاریگەریە خراپەکانی لە ئایندەدا دەردەکەوێت بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم و ئەوسا دەزانن چ هەڵەیەکیان کردووە کە نەیان توانیوە پلانی ستراتیژییان هەبێت بۆ حوکومڕانی کردنی هەرێمی کورستان کاتێك بەئاگادێنەوە چارەسەرکردنی دۆخەکە ئەستەمە.

# پرۆســـــەی هاوســــــەرگیری لە مەترسیدایە!

پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە پرۆسە هەرە جوانەکانی نێوکۆمەڵگا جیاوازەکان، کە بریتییە لە بە یەکتر گەیشتنی دوو ڕەگەزی جیاواز کە نێر و مێن، لە پێناو ژیانێکی ئارام و بەختەوەر و پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییە ڕوحی و جنسییەکانی نێوان ئەو دوومرۆڤە. خستنەوەی وەچە بە ئامانجی بەردەوامی ژیان و دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە لادانی ئەخلاقی و دروست نەبوونی بۆشایی دەروونی، کە مرۆڤەکان هەست بەتەنیایی بکەن، هاوسەرگیری ڕێگاش دەگرێت لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

هاوسەرگیری بە یەکترگەیشتنی دوو کەسە پاش بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندیان بۆ یەکتر دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ژیانیان بێ یەکتر زەحمەتە و گەیشتوونەتە قۆناغێکی تەمەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێوستیان بە بە یەکتر گەیشتنە. دواتر بۆ ماوەیەکی درێژ بەیەکەوە دەبن، ئەگەر مەرگ، یاخود کێشە و گرفتی گەورە نەیەتە ڕێگایان، لە ماڵێکی خنجیلانەدا و لە سایەی یەکتردا ژیان دەبەنەسەر، ئەگەر خوداش منداڵی پێ بەخشین ئەوا هەموو

ژیانیـان دەکەنە قوربـانی لە پێنـاو پەروەردەکردنێکـی درووسـتی منـداڵەکە و دابینکردنـی ژیـانێکی ئـارام بـۆی، بە ئامـانجی ئەوەی مرۆڤێک بەرهەم بێت کە ببێتە مایەی خێر بۆ کۆمەڵگا و خێزان و کەسـانی چـواردەوری، کەسـێکی دەسـتپاک و داوێنپـاک بێـت لەسەر ئەو کار و لێپرسراوییەی کەدەکەوێتە دەستی.

بەڵام لە ئێستادا پرۆسـەی هاوسـەرگیری لە بەردەم هەڕەشـە و مەترسییەکی گەورەدایە، بە پێی دوایـن ئاماری فەرمی دادگاکانی هەرێـم لە سـاڵی (٢٠١٨) ڕێـژەی جیـابوونەوەی هاوسـەران لە شارێکی وەک سلێمانی سێ هێندەی ساڵی پێشتربووە.

بە پێی ئەو ئامـارەی بڵاوکـراوەتەوە ڕێژەی تەڵاق و جیـابوونەوە لە هەولێر لە ساڵی (٢٠١٧)دا (٢٩٨٥) حاڵەت و لە ساڵی (٢٠١٨)دا، بووە بە (٣٥٩٨)حاڵەت و بەمەش (٦١٣) حاڵەت زیادیکردووە.

هاوکات لە ئامارەکەدا هاتووە لە ساڵی (٢٠١٧)دا لە سلێمانی (١٣٦٠) حـاڵەت بـووە بەڵام لە سـاڵی (٢٠١٨)دا ڕێـژەکە بە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـادیکردووە و بـووە بە (٤٠٨٥)حـاڵەت و بەوپێیەش (٢٧٢٥) حـاڵەت زیـادیکردووە، لە پارێزگای دهـۆکیش (١٣٨٤)حـاڵەت و لە سـاڵی(٢٠١٨)دا (١٥٠٩)حـاڵەت بـووە و (١٢٥)حاڵەت زیادی کردووە.

ئەم ئامـارە فەرمیـانەی حوکـومەت مەترسـیدارن ودەرگـایەکی گەورەیـان کـردۆتەوە لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی خێزانەکـان لە کوردستان، کە بە گشتی دەرئەنجامی چەندین هۆکاری دیارن کە خێزانـی کـوردی ڕۆژانە دەسـت و پەنـجەی لەگەڵ نەرم دەکـات و خۆی و بەویستی خۆی ژیانی خێزانی خۆی وێران دەکات.

ئاشــــکرایه لەدوای ڕووخانـــدنی ڕژێمـــی بەعســـی عێراقـــی، کوردســـتان بە ڕووی ســنورەکاندا بە شــێوەیەکی خێرا و فــراوان کــرایەوە و دۆخی دارایی خەڵـک بەرەو باشـی چـوو، بەردەوامـیش ڕۆژانە تەکنەلۆجیــای پێشــکەوتووی جیهــانی دەگـاتە هەرێـم کە هەمــووی بــۆخزمەتی مــرۆڤە، بەڵام لە کوردســتان بەکارهێنــانی تەکنەلۆجیـــــا وەک مۆبایـــــل و کۆمپیـــــوتەرو ئایپـــــاد و هاوچەشــنەکانیان بەهــۆی نەبــوونی ڕۆشــنبیری گشــتی تاکەکـان ئەوەندەی بوونە مایەی ئازارو کێشـە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و زیــادبوونی خیــانەتی زەوجی و بەلارێــدابردنی کچــان و کــوڕان نەبوونەتە هۆی خزمەت کردنیان .

پاشـان فراوانبـوونی ڕاگەیانـدنەکان کە بەشـێکی زۆری دوور لە هەمـوو بەهـایەکی کاری ڕۆژنامەنووسی و بە شـێوەیەکی پیلان بـۆ داڕێژراو لە ڕێگای درامای تورکی و بیانی و چەندین چاوپێکەوتن و دروســت کــردن و ئاراســتەکردنی  پرســیاری بــێ واتــا کردنــی لە گەنجان بە ئامانجی نەمانی شـەرم و ئەدەب لەنێوان کەسەکان و خێزانەکـان توانیـان کۆمەڵێـک گەنـج دروسـت بـکەن کە جنێـو فرۆشتن بێتە هێمای ڕۆشنبیری تاک لایان.

پێویسـتە کۆمەڵگای کوردی بە ئاگابێتەوە لەو خەوە قورسـە و لە ئاست ئەم کارەساتە بێ دەنگ نەبێت، کە لێکەوتەکانی هیچی کەمتر نییە لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، بەڵام ئەبێت بە ئەنفـال و هەڵەبـجەی سـپی نـاوی بەریـن، کە دەرگـای چەنـدین

نەهامەتی دەکاتەوە بەڕووی هەمواندا، وەک زۆربوونی خانەکانی لەشفرۆشی و زیادبوونی فەسادی ڕانەگەیەنراو، هەروەها زۆربوونی منداڵی بێ سەرپەرشت کە دواجار پێوستە لەناو خانەکانی بێ سەرپەرشتان بەخێو بکرێن کە ئەوەش دوای گەورەبوونیان کێشە گەورەکانیان دەردەکەوێت، چونکە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێیانە و لەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی گەنجی ئەو پرسیارە ناخی دەکۆڵێ، کە دەڵیت من کێم؟ چۆن بووم؟ باوکم کێیە؟ دایکم کێیە؟ پاشان بە تەمەنێکی کەمەوە دەکەوێتە بەرکارکردن و ناوبازاڕەکانی شار، لەوێشەوە توشی چەندین کاری ناهەموار و قورس و دەستدرێژی و توش بوون و ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان دەبێت، هەروەها توشی داروخانێکی دەروونی قورس دەبێت .

هەروەها هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان و بڵاوبوونەوەی کاری نائەخلاقی دەرگای چەندین نەخۆشی ترسناک دەکاتەوە لەنێوکۆمەڵگا، وەک نەخۆشی ئایدز، هەر بۆیە پێویستە هەموان لە خەمی ئەم کێشە گەورەیەدابین، نەک ببینە بەژدار لەم تاوان و کارەخراپانە و ڕەواج بەو میدیا ناشیرینە بدەین، پێویستە دوای ئەنجام دانی هاوسەرگیری و خستنەوەی منداڵەکانمان خۆمان پەروەردەیان بکەین،نەک ڕاگەیاندنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

# قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر گوندەکان

گوندەکان لە زۆربەی جیهاندا بە هۆی ئەو چالاکییانەی تێیدا ئەنجام دەدرێت بە بڕبڕەی پشتی شارەکان هەژماردەکرێت، چونکە زۆربەی دانیشوانی گوندەکان چالاکییەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەنجام دەدەن و بەرهەمەکانیان ڕەوانەی شارەکان دەکەن بە ساخبوونەوەیان و پڕکردنەوەی پێداویستەکانی دانیشتوانی شارەکان، هەر ئەمەشە وای کردووە کە پەیوەندی توونددوتۆڵ دروستبێت لە نێوان شارەکان و گوندەکاندا بە بەردەوامی.

گوندەکان لە زۆربەی جیهاندا بەهۆی ئەوچالاکییانەی تێدا ئەنجام دەدرێت بە بڕبڕەی پشتی شارەکان هەژماردەکرێت، چونکە زۆربەی دانیشوانی گوندەکان چالاکیەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەنجام دەدەن، وبەرهەمەکانیان ڕەوانەی شارەکان دەکەن بە مەبەستی ساخبوونەوەیان و پڕکردنەوەی پێداویستەکانی دانیشتوانی شارەکان، هەرئەمەشەوای کردوە کەپەیوەندی توونند و تۆڵ دروستبێت لە نێوان شارەکان و گوندەکاندا بە بەردەوامی.

گونــدەکانیش کوردســتانیش پــاش ئەوەی بەو بیــانووەی دانیشـتوانەکەی یـارمەتی ڕاسـتەوخۆی بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کـوردی داوە، لە کۆتـایی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتدا لە لایەن ڕژێمــی بەعســی ڕووخــاوە وە زۆربەی کــاولکراو بەشــێک لە دانیشــتوانەکەی ئەنفــال کــران و بەشێکیشــی بە زۆرەملــێ لە ئۆردوگاکان و ناحیەکانی چواردەوری گوندەکان نیشتەجێ کران، کە چەندین کاریگەری خراپی لێکەوتەوە، وەک زۆربـوونی دەستی کــار لە شــارەکان و نەبــوونی کــاری پێوســت کە بــووە هــۆی دروستبونی بێ کاری گەورە و ناجیگیری باری دەروونی دانیشوانی گونــدەکان کە ماڵەکانیــان کــاول کرابــوو، وە ڕاگواســترابوون و نەمــانی بەرهەمــی نــاوخۆ، کە بەشــێک لە پێداویســتی نــاوخۆی پڕدەکردەوە.

بەڵام لەگەڵ دامەزرانــدنی حوکــومەتی هەرێمــی کوردســتان گونــدەکانیش بە هاوکــاری ڕێکخــراوە خێرخوازییەکــان و هەوڵــی دانیشـوانی گوندەکان دووبـارە ئاوەدان کـرانەوە، بوونە پاڵپشتێکی گەورە بـۆ شـارەکان بە تـایبەت لەو دەمەدا کە بە هـۆی بـارودۆخی سیاسی نـاوچەکە و بـوونی هەرەشـەی بەردەوام لەسـەر ئەزمـوونی حـوکمڕانی هەرێم و بـوونی شـەری نەگریسی نـاوخۆ، تـا ڕادەیەک بازاڕەکانی شارەکانیان بە بەرهەمەکانیان پڕکردبۆیەوە.

بەڵام دووبارە و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی(٢٠٠٣) بە هۆی بێ پلانی حوکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گوندەکان دووبارە زۆربەی چۆڵ بووەوە. کۆچ بەرەو شارەکان دەستی پێ کرد، بە هۆی بوونی هەلی دامەزراندن لە کەرتەکانی حوکومی کەرتی سەربازی بە تایبەتی، کە لەدوای دروستبوونی قەیرانی دارایی کاریگەرییە خراپەکانی دەرکەوت.

ئەگەر چی حوکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی کشتوکاڵی و پێشینەی خانووبەرەی بۆ گوندەکان کردەوە لە پێش دروست بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، هەندێک خزمەتگوزاری وەک بنکەی تەندرووستی و کردنەوەی خوێندنگە و گەیاندنی کارەبا بە بەشێک لە گوندەکان، بەڵام چونکە پلانی پێشوەختە نەبوو، هەروەها درەنگ وەخت بوو نەیتوانی ڕێگا لە کۆچی بە لێشاوی گوندەکان بگرێت بۆ شارەکان.

لەگەڵ دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کورستان و نەمانی هەلی کار لە شارەکان و دواکەوتنی بەردەوامی مووچەی فەرمانبەران و بوونی سیستەمی پاشەکەوت، تا ڕادەیەک کۆچی پێچەوانە دەستی پێ کرد لە شار و قەزاو ناحیەکانەوە بە گشتی بەرەو گوندەکان، ئەمەش هەنگاوێکی زۆرباش بوو بە ئاراستەی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان، بەڵام ئەوەی گرنگە حوکومەتی

هەرێم لەگەڵ باش بوونی باری دارایدا کە لە ئێستادا سەرەتاکانی دەرکەوتوە، پێش ئەوەی دووبارە کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان دەست پێبکاتەوە،هەوڵبدات سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستن و گرنگن بۆ گوندەکان جێبەجی بکرێت، وەک کردنەوەی بنکەی تەندرووستی و خوێندنگە و گەیاندنی کارەبا جادەی قیرتاو کراو بەوگوندانەی تا ئیستا پێی نەگەیشتووە و نۆژەنکردنەوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشتر ئەنجام دراون، بەڵام پێویستیان بە نوێکردوە هەیە.

هەروەها کاربکرێت بۆ پێدانی دووبارەی قەرزی کشتوکاڵی بە بەردەوامی و فەراهەم کردنی بازار بۆ ساخکردنەوە ی سەرجەم بەروبوومەکان جا چ بەروبوومی شیرەمەنی بێت ،یان کشتوکاڵی، بە جۆرێک کە جوتیار بتوانێت بەدەر لە دابینکردنی پیداویستیە مادییەکانی لە ڕێگای داهاتی بەرهەمەکانیەوە پاشەکەوتیشی لێ بکات، بەرهەمەکانی بە نرخی گونجاو ساخ بکرێتەوە، هۆکارێک بێت بۆ نیشتەجێ بوونی لە گوندەکان نەک هەردەم لە بیری جێهێشتنیدا بێت.

# زانکۆ و کتێب

زانکۆ لە سەرتاسەری جیهاندا شوێنی زانین و زانست بووە و هەردەم لەگەڵ ناوهێنانی زانکۆدا کتێبیش وەک سەرچاوەی زانست وزانیاریی دێت، لە سەرجەم زانکۆکانی جیهان ڕۆژانە فێرخوازەکان بەشێکی کاتەکانیان بە خوێندنەوە لە زانکۆ بەسەردەبەن و کتێب بەشێکی گرنگی ژیانی زانکۆ پێکدەهێنێت و لە ئەنجامیشدا جگە لە خۆڕۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، خوێندنەوە دەبێتە هۆکارێکیش بۆ پێشخستنی ئاستی زانستی زانکۆ و ئەو بەشەی فێرخواز لێی دەخوێنێت.

بەڵام لە زانکۆکانی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی پتەو نیە لەنێوان فێرخوازان و کتێب و کتێبخانەکانی زانکۆ و کۆلێجەکان، کە ئەمەش بۆخۆی کارەساتە، خوێندکار گەر بۆ ڕاپۆرتێکی ناچاری نەبێت کە مامۆستاکەی ڕای دەسپێرێت ئامادەنییە هەرگیز بچێت بۆ کتێبخانەی زانکۆ، یان کۆلێجەکەی، لە ڕاستیدا ئەوەندەی سێڵفی گیراوە لە زانکۆکان نیو ئەوەندە کتێب بخوێندرایەتەوە، لە ئێستادا بەدەر لە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری فێرخوازەکان ئاستی زانستی زانکۆکانیش بەرەوپێش چووبوو.

تەنها چەند ڕۆژێک دەوامکردن بەسە بۆ شارەزابوون لەو وێرانبوونەی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەیە و لەو دێڕەی چیرۆکنووس مامۆستا شێرزاد حەسەن تێدەگەیت کە دەڵێت:"لەزانکۆکانی کوردستان فێرخوازێک ئەگەر بیەوێت

بخـــوێنێتەوە ئەوا بەشـــەرمەوە کێبێـــک دەگرێـــت بەدەســـتیەوە، چـونکە توشـی تـانە و تەشـەر دەبێـت لە لایەن هاوڕێکـانیەوە" لە ڕاســـتیدا ئەم جـــۆرە بیرکـــرنەوەیەی خوێنـــدکارێک بـــۆ کتێـــب بەرئەنجامی چەندین هۆکاری کەڵەکە بووی پێشترە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە.

فێرخـــوازان پـــێش زانکـــۆ لە قۆنـــاغی ئامـــادەیی و ناوەنـــدی فێرنەکـراون بخـوێننەوە جـگە لە مادەکانیـان، چـونکە بەشـیکی زۆری مامۆســـتایان خۆشـــیان نـــاخوێننەوە بەڕاســـتی کارەســـاتە مامۆسـتا بیـت و کتێبخـانە لە ماڵەکەتـدا نەبێـت، ڕۆژانە تـووتی ئاســـا تەنهـــا ئەو چەنـــد لاپەڕەیە بلێـــتەوە کە کـــردووتە بە ئەرک بەسـەر فێرخوازەکانتەوە.و دواجـاریش هەر کۆمەڵێکی تـووتی ئاسـا جێگەی دەگرێتەوە.

دواتریش لە ساڵی کۆتایی ئامادەیی کە دەگاتە پۆلی (١٢)فێرخواز دەکـــرێتە دوژمنـی زانســـت و کتێـــب، چـــونکە ســـاڵیکی تەواو لە شـــوێنیکدایە هیچـی کەمتـر نیـــیە لە دۆزەخ و هەمـــوو ئاینـــدەی دەبەسـتن بە چەنـد کـاتژمێرێکی شـومەوە، کە زۆرجـار لە هەر لە ترسی هینـانی نمرەی کەم بـاری دەروونی تێک دەچێت و نمرەی کەم دەهێنێت.

هەر بـۆیە کە دەگـاتە زانکـۆ خـاڵییە لە هەمـوو جـۆرە زانـین و زانیارییەک، کتێبخانەکانی زانکۆش لە ئاستی پێوستدا نین، ڕاستە ڕەنگە بە هەزاران سـەرچاوەیان لا دەسـت کەوێت، بەڵام زۆربەی ئەو سەرچاوانە کتێبی زۆر کۆنن وکوالیتییان لە ڕووی چاپەوە زۆر خراپە، کە بۆ کەسێک گەر بیەوێت بخوێنێتەوە بەبەردەوامی ئەوا

ئەبێــت حســابی کزبــوون و لاواز بــوونی چاوەکــانی بکــات، لە ئێستاشــدا هــیچ ئاســۆیەکی ڕوون نیــیە بــۆ چارەســەرکردنی ئەم گرفتە و ئاشتکردنەوەی خوێندکاری زانکۆ و کتێب.

## لە زانکۆکـــانی کوردســـتان چـــی دەگوزەرێت؟

هەرکاتێک ناوی زانکۆ بەرگوێی هەر کەسێک بکەوێت، جا ئەو کەســە هــاوڵاتی وڵاتێکــی پێشــکەوتووی ئێســتای جیهــان، یــان وڵاتێکــی خــاوەن شارســتانی مێژوویــی، یــاخود وڵاتێکــی تازەپێگەیشــتووی کە لە ســەرەتای بنیادنــانی کۆمەڵگا و دەزگا و دامەزراوەکــانی دەوڵەت،یــان هەرێمەکەیانــدابن، یەکســەر ئەندێشە و خەیاڵی کەسی گوێگر لەوکاتەدا بە بیستنی ناوی زانکۆ دەچێــت بــۆ لای گەورەتــرین ناوەنــدی مەعریفــی وڵاتەکەی،ناوەنــدێک کە لانــکەی زانســت و داهێنــانەو ســاڵانە هەزاران فێرخواز پێدەگەیەنێت لە پسپۆرییەجیاوازەکاندا.

مامۆســتایان و فێرخــوازانی زانکــۆ لە جیهانــدا ســاڵانە چەنــدین تــوێژینەوەی گرنگــی زانســتی ئەنجــام دەدەن و پــلان و پــڕۆژە و پێشنیاریان بۆ لایەنی پەیوەندیدار هەیە لە پێناو پێشخستنی وڵات.

بەڵام لە زانکۆکانی باشوری کوردستان کە تەنها ژمارەی زانکۆ حکومییەکان بریتییە لە (١٨)زانکۆ ، زانکۆ ئەهلییەکانیش بریتین

له (١٩) زانکـۆ ، کە ئەمەش دەریـدەخات ژمـارەیەکی زۆری زانکـۆ بـوونی هەیە لە باشـوری کوردسـتان، بەڵام ئەم زانکۆیـانە لە قەیرانی قـووڵی زانستی و مەعریفەییدادەژین، چـونکە فێرخـوازانی ئەم زانکۆیـانە هـیچ گرنگی بە ئاسـتی زانسـتی خۆیـان نـادەن بە تایبەت فێرخوازانی زانکۆ حکومییەکان.

فێرخـوازای زانکـۆ لە باشـوری کوردسـتان دەبێـت بە زۆر و لە پێناو نمرەدا ناچاربکرێن کە ڕاپۆرتێکی سادە ئامادە بکەن و چەند کتێبێـک وەک سـەرچاوە بەکاربهێنن و سـەردانی کتێبخانەکانی نـاو زانکــۆ بــکەن لە کاتێکــدا کە بە هەزاران کتێبـی زانســتی لەم کتێبخانانەدا هەن.

دۆخی زانکۆکانی باشـوری کوردسـتان بەجۆرێـک خـراپە کە لە یــادی ڕۆژی زمــانی کوردیشــدا ئەمســاڵ ڕێژەیەکـی کەمــی فێرخوازئامــادەی چالاکیەکــان بــوون، بەڵام لەکــاتی هــاتنی گـورانیبێژێکی میللی بـۆ زانکـۆ بەمەبەسـتی سـازدانی کۆنسـێتێک هەمـوو کورسـییەکانی یەکێـك لە گەورەتـرین هۆڵەکـانی زانکـۆی سلێمانی پڕبووو!

فێرخـــوازانی زانکۆکـــانی باشـــوری کوردســـتان نـــوێنەرایەتی دووچینی کۆمەڵگای کـوردی دەکەن، ئەو فێرخـوازانەی لە زانکـۆ حکومییەکــان دەخــوێنن نــوێنەرایەتی چینــی هەژار و ئاســـت مامناوەنـدی کۆمەڵگـا دەکەن، کە بەشـێکی زۆری ئەم چیـنە بە تـایبەت ڕەگەزی نێر جگە لە خوێنـدنی زانکۆ کارێکی تـر دەکەن بە مەبەستی ئەوەی لایەنی مادییان پربکەنەوە، کە ئەمەش وادەکات گرنگــی کەمتــر بــدات بە خوێنـــدنی زانکـــۆکەی، لەڕووی

خوێندنەوەشـــەوە بە کلتورنەبـــوونی خوێنـــدنەوە لە باشـــوری کوردسـتان هۆکارێکە بـۆ دووری لە کتێـب، هەروەهـا خراپی ئەو پسۆریانەی لە زانکۆکاندا هەیە.

کە بەشێکی زۆری ئەم پسـۆریانە لە زانکۆکان دەخوێندرێت لە ئێسـتادا هـیچ پێوسـت نـین، بۆحوکـومەتیش لە کەرتـی گشـتی پێوستی پێیان نییە و هەلی کاریان بۆ دابین ناکات، هەر ئەمەشە وای کـردووە کە مـاوەی چەنـدین سـاڵە هەزاران دەرچـووی زانکۆ بـێ کـارن و دەنێـردرێنە مـاڵەوە.بۆتە هـۆی ئەوەی فێرخـواز ساردبێتەوە لە خوێندنی ئەکادیمی و هەوڵدان بۆبەدەست هێنانی بڕوانامە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سودبەخش.

هەرچی زانکـۆ ئەهلییەکانی باشـوری کوردسـتانە، فێرخـوازانی ئەم زانکۆیـانە لەڕووی ئاسـتی زاسـتییانەوە لەپشـترن، چـونکە لە بەشێک لە زانکۆ ئەهلیەکان پێویستە فێری زمانی زیندوی جیهان بیـت، کە ئینگلیزییە بـۆ وەرگێـران وەک فێرخـواز لەم زانکـۆیە، وە ئەم فێرخـوازانەی لەم زانکۆیـانە دەخـوێنن نـوێنەرایەتی چینـی کەمینـەی کۆمەڵگا دەکەن کە کـچ و کـوڕی دەوڵەمەنـد ودەسـت ڕۆیشـتوو و بەرپرسـەکانی باشـوری کوردسـتانن.بۆیە تـاڕادەیەکی زۆرکچ و کوڕی خێزانی ئاسایی ناتوانێت لەم زانکۆیانە بخوێنێت لە کاتێکدا سالانە بەشی نوێ بە پێی پێوستی هەلی کار زیاتر لەم زانکۆیـانە دەکـرێتەوە. کە ئەمەش دووبـارە سـتەمێکی تـر لە فێرخـوازی زانکـۆ حوکومییەکـان کە نـوێنەرایەتی بەشـێکی زۆری کۆمەڵگا دەکەن.

# هونەر و ماچەکەی زانکۆ

لە ئێستادا هونەر سیمای گەلانە و ئەوەندەی میللەتان لە ڕێگای هونەرەکەیانەوە دەناسرێن نیو ئەوەندە بە هۆی سیاسییەکانیانەوە ناناسرێن، چونکە هونەری ڕاستەقینە ڕۆحی مرۆڤ ئاسودە دەکات بە هۆی جوانیەکانییەوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا هونەر لە کوردستان لە کارەساتێکی گەورەدایە، ڕۆژانە بەناو هونەر چەندین گۆرانیبێژی میللەوە گوێی هەموان پەردەکەن لە وشەی ناشیرن و سووکایەتی کردن بە مرۆڤ و توێژەکانی کۆمەڵگا.

لە ماوەی ڕابردوودا دوو گۆرانیبێژ گۆرانییەکیان بڵاوکردەوە کە پڕ بوو لە جنێوو سوکایەتی پێکردن بە زانکۆ پەیمانگاکان کە دەڵێن (زانکۆ جێی ماچ و مووچە) یان (چیبکەم بۆ گولەیەکی برنوو، لەگەڵ ڕیزێ دەمانچە، تەقەکەم لەو سەگبابە بیفرێنم بۆ هەڵەبجە)تەنها ئەم سێ دێرە بەسە بۆ ئەوەی بزانین لە چ کارەساتێکدا دەژین، لە کۆمەڵگایەکدا کە تائیستاش زۆربەی چەکدارە و ماڵەکان پرن لە چەک وە منداڵان و مێردمنداڵان بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵی لە ناو ماڵەکانیاندا.

زانکۆ ناوەندێکی مەعریفی گەورەیە، کە پێویستە بەردەوام کار بۆ بەرەو پیشچوونی بکرێت، نەک بچووککردنەوەی لەوەی ئایا کچ کوڕی ماچ کردووە یان نا، گریمان وایە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت، هۆکارەکەی چییە ؟بۆ ئەوحاڵەتە هەیە، نەک وەک تانەوو تەشەر بە خوێندکار بفرۆشرێتەوە.

خوێنـدکارانی زانکـۆ لە پـاش چەنـد سـاڵ خوێنـدن،بێ بەش دەبن لە هەموو هەلیکی دامەزراندن و پێکەوەنانی ژیان و ناتوانن ژیـانی هاوسـەرگیری پێـک بهێـنن، بەشـیکی زۆری کـچ وکـوڕی ئێسـتای هەرێمی کوردسـتان تەمەنیـان نزیـک دەبێـتەوە لە سـی سـاڵ و کەچـی نـاتوانن خێـزان پێکەوەبنـێن، بـێ بەش بـوون لەهەموو ئیمتیازێک،وە ئاسۆیەکی ڕوونی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە.

کەواتە لەزانکـۆ یـان لە هەرشـوێنیکی تـر حـاڵەتی لەو شـێوەیە لەنێـــوان هەردوو ڕەگەز بـــۆی هەیە ڕووبـــدات، بەڵام بـــۆ بە مەبەسـت زانکـۆ باسـدەکردێت و خـاڵی دەکـرێتەوە لە ئەرکـی سەرەکی خۆی؟

یـاخود بەکارهێنـانی جنێـو بـۆ کەسـی بەرانـبەر کە بەحسـابی گـــۆرانیبێژ وشـــەی (سەگباب)،وشـــەی( فڕانـــدنن)بۆ خۆشەویسـتەکەی بەکاردەهێنێـت، کە دیسـانەوە سـوکایەتییە بە ڕەگەزی بەرانـــبەر و ڕوانیـــنە لێـــی وەک کـــاڵایەک، نەک وەک مرۆڤێک.

گەر لە سـەرەتادا تۆرەکۆمەڵایەتییەکـان بـووبێتنە شـوێنی بڵاوبـوونەوەی ئەم گۆرانیە،ئەوا لە ماوەی ڕابردوودا لە چەنـدین کەناڵی ئاسمانی ئەم گورانیبێژە بەرنامەی بۆ کراوە بە مەبەستیش لە هەموو بەرنامەکان ئەم گۆرانییەیان دەگوتەوە.

ئاشکراشە لە هەرێمی کوردستان خێزانەکان هەموویان پێکەوە سـەیرکردنی بەرنـامە تەلەفزیۆنیەکـان دەکەن، کە ئەمەش کاریگەری خراپ جێدەهێڵێت لەسەر پەروەردەی منداڵەکان.

پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەناڵەکان ئاگاداربکاتەوە کە ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدەن بەناوی هونەرەوە سوکایەتی بە چینێکی کۆمەڵگا بکات و ئەو هەموو جنێوەش بە ناوی گۆرانییەوە بخزێنرێتە ناو مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگاوە.

## ئەرێ سەدام فریشتە بوو؟

لە دوای هاتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و فراوان بوونیان لە هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانیان لەلایەن زۆرترین هاوڵاتییەوە بە بەردەوامی، ئەمە وای کردووە جۆرێک لە فەوزا و پشێوی دروستبێت، بە جۆرێک هەرچی ڤیدۆ و قسەی نەشیاو و وێنەی نەشیاو هەیە بێ سانسۆر بڵاودەبێتەوە، لەشکرێک لە خەڵکیش لە تێچێن قسەدەکات و دەنووسێت بە بیانوی ئەوەی هەڵوێستی هەیە، یاخود ڕای خۆی دەردەبڕێت.

ئەوەی مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم وێنە و وتە و ڤیدۆکانی گەورەترین دیکتاتۆری سەدەی ڕابردوو (سەدام حوسێن)ە، کە لە لایەن چەندین پەیج و ئەکاونتی کوردییەوە وێنە و ڤیدۆی بۆ بڵاودەکرێتەوە و ستایش دەکرێت وەک فریشتەیەک نیشاندەدرێت!

جا ئەوەندەی من چاودێری ئەو پەیجانەم کردبێت دەگەڕێن ئەو ڤیدۆ و لێدوانانەی سەدام بڵاودەکەنەوە کە باسی کورد دەکات و پاکی خۆی نیشان دەدات، بۆنموونە سەدام سەردانی ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانی کردووە لەگەڵ کوڕە جوتیارێک

قســەدەکات و دەڵێــت: "مــن گونــدەکان ئــاوەدان دەکەمەوە و کارەباتـان بـۆ دەهێـنم و ژیانتـان پارێزراودەبێـت، بەڵام پێشـمەرگە کە ئەو بە تێکــدەر نــاوی دەبــات وێرانــی دەکەن، یــاخود لە ڤیدۆیەکی تردا سـەدام لە هـۆڵی دادگادا هەوڵی جوڵاندنی سـۆزی خەڵکی دەدات و دەڵێت: "لەکاتی شـەڕی (کوێت)دا، کە خـۆی بە ڕزگارکردنی کوێت نـاوی دەبـات ئەفسـەرێکی عێراقی دەسـتدرێژی کـردۆتە سـەر هـاوڵاتییەکی عەرەب، کە نە عێراقی بـووە و نە کوێتی بـووە، بەڵام من لیژنەم بۆ دروسـتکرد بـۆ سـەلماندنی تـاوانەکە لە کۆتایـدا فەرمـانم کـرد بە لە (سـێدارەدانی و سێ ڕۆژ تەرمەکەیـم هێشتەوە تا ببێت بە عیبرەت، ئایا ئەوە لە ڕیشی من دەوەشێتەوە بهێڵم دەستدرێژی بکرێتە سەر گەلی کورد؟)

جـا لەکـاتی قسـەکردنەکەی سـەدامدا میـوزیکێکی غەمگـین دانـراوە لەگەڵ دەنگەکەدا، لە تێچێنـیش لەشـکرێک لە هـاوڵاتی کـوردی بـێ ئاگـا و بەئاگـاش ڕەحـمەت و پەسـن و ستایشـی بـۆ سەدام نوسیوە.

لە ڕاسـتیدا سـەدام هیچی کەمتر نەبـوو لە هیـتلەر و سـتالین و دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیست، هیتلەر هۆڵۆکۆستی کردبێت ئەوا ســەدامیش ئەنفــالی ئەنجامــداوە، کە هیچــی کەمتــرنییە لە هۆڵۆکۆسـتی جـولەکە، کە ئێسـتا حـوکمی جیهـان دەکەن و گەلی کــوردیش لە باشــور هەر لە خەمــی ئەوەدایە مانگــانە بــڕە مـووچەکەی وەرگرێـت یـان نـا، پارچەکـانی بـاکور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش کوردبـوونی لێسـەندراوەتەوە و زمـان و کلتـور و هــزری نەتەوەیــی لەنــاو دەدرێــت لە لایەن داگیــرکەرانەوە، لە

ڕۆژئاوای کوردستانیش هەرچی هێزی تیرۆرستییە هەر ڕۆژە و لەژێر ناوێکدا دروستی دەکەن و زلهێزەکان دژی کورد بەکاری دەهێنن.

سوپاکەی سەدام لە ئەنفالدا هەرچی جۆری سزایە بەکاری هێنا لە دژی کورد، نووسەر محمەد ڕەئوف لە کتێبی (پاکیزەکانی ئەنفال)دا، کە لێکۆڵینەوەیەکی وردە لەسەر کچە فرۆشراوەکانی ئەنفال زۆر بەوردی کاری لەسەر پرسی ژنی کورد کردوە لە ساتەوەختی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال و لە زیندانەکانی بەعسدا.

کە چەندین چیرۆکی ڕاستەقینەی کچە کوردەکانی تێدایە کە ئەستمە بۆ کەسێك کەمێک مرۆڤایەتی لە ناخیدا هەبێت شۆک نەبێت، یاخود نەگری لەبەردەم چیرۆکی ئەو کچانەدا، لە لاپەرە (٦٨)ی کتێبەکەدا چیرۆکی ژنێک دەگێڕێتەوە بەناوی (ڕەحمە عبدولکەریم) کە دەربازبووی ئەنفالەو دەڵێت: " بە چاوی خۆم لە سەربازگەی تۆبزاوە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانم بینوە، کچێکی زۆر جوان کە ناوی بەیان بوو خەڵکی گوندەکانی قەرەحەسەن بوو تەمەنی لەنێوان (١٤ – ١٥)ساڵ بوو، عەسکەرەکان پەلاماریان دەدا: تا لەتاوا شێت بوو، دواتر بە زنجیر دەیانبەستەوە بە پەنجەرەکانەوە".

هەروەها ئافرەتێکی هەڵهاتووی عەرعەر دەگێڕێتەوە: ڕۆژی وا هەبووە (١٢)پیاو هاتوونەتە لام و دەستدرێژیان کردۆتە سەر ناموسم.

ئەمانە دوو نموونەی زۆر کورتن، بەڵام ئاوێنەی هەزاران تاوانی ناو ئەنفالن، کە دیکتاتۆری گەورە سەدام حوسێن ئەنجامی داوە، ئێستاش لێیان کردوین بە فریادڕەس.

لە ڕاستیدا من پێم وایە پێویستە حوکومەت لەڕێگەی یاساوە ڕێگە نەدات ئەم جۆرە تێگەیشتنە بڵاوبێتەوە، لەناو کوردا و هەرچی ئەکاونت و پەیج هەیە کە لەم شێوەیەن دابخرێن و کەسانی پشت ئەم کارانە سزای یاسایی توند بدرێن، بەڵام ئەو هاوڵاتیانەی تێچێن دەنووسن لەو پەیجانە و ستایش دەکەن وەک نارەزاییەک لە حوکومەتی هەرێم قسەکانیان مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، چۆن گەنجێکی ئەم وڵاتە گەیشتۆتە قۆناغێک کە ئیتر بێزاری لە ژیان و حوکومڕانی لەم هەرێمە وای لێبکات ستایشی سەدام بکات؟!

ئەو کەسانەش کە لە نائاگاییەوە لە پرسی ئەنفال و هەڵەبجە و بەعەرەبکردن و تەعریب و تەبعیس نووسیویانە پێوستە ئاشنابکرێن بەم تاوانانەی سەدام و بیرو بۆچونیان بگۆڕێت لەبەرانبەر دیکتاتۆرێکی وا گەورە کە ناموسی کوردی لەکەدار کرد.

پێویستە لێکەوتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانکردنی گوندەکان ئاشنابکرێن بە نەوەی نوێی کورد، کە چی بەسەر هاتووە تا گەیشتووە بەم قۆناغە، هەرچی پەیوەندی بەو کەسانەوەیە کە بە ئاگاییەوە تێچینەکانیان دەنوسن و ستایش و پەسنی سەدام دەکەن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لە بێزاری و بێ کاری کە بەشی زۆری زانکۆی تەواو کردووە و کەس حساب بۆ

بڕوانامەکەیان ناکات و دەستیکاری وڵاتن و سودیان لێ نابیرێت مرۆڤی پاکن، بەڵام تورەن لە دەسەڵاتی حیزب و بەتایبەت دەسەڵاتدارەکان و هەروەها ئەو حیزبانەی بە ناوی چاکسازییەوە شەریکی گەندەڵیەکانی ئەم وڵاتەن.

هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەم تێگەیشتنە لای ئەو کەسانە کە نارەزایی خۆیان ئاوا دەردەبڕن، ئەرکی حوکومەتە لە جیاتی خۆکەرکردن و بێ دەنگ بوون لەسەر ئەم بابەتە هەڵوێستەی جددی هەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵبدات ئینتیما بۆ هاوڵاتی کورد بگێرێتەوە و رێگەنەدات کە توانا و لێوەشاوەییەکانی گەنجانی وڵاتەکەی بگۆرێت بۆ جنێو و ئیهانەکردن بە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال کراوان، چونکە یەک وشە بنوسرێت بۆ پشتگیری کردنی سەدام وکلتورەکەی یەکسانە بە ئیهانەکردن بە بەشی زۆری میللەتی کورد بەگشتی و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان بە تایبەتی کە ئەمەش مایەی قبوڵکردن نییە..

# پیرەمێرد و چەپ

پێش ئەوەی بچمە سەر باسی دۆخی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستان، ئەندێشەم دەمگەڕێنێتەوە بۆ زیاتر لە شەش ساڵ پێش ئێستا، کاتێک مامۆستای وانەی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی دوانزەیی ئامادەی کە کۆتا قۆناغی پێش چوونە زانکۆیە لە سەرجەم فێرخوازەکانی پۆلەکەی پرسی ناوی تەواوی پیرەمێردی شاعیر چیە؟

پۆلەکە زیاتر لە (٣٠) فێرخوازی تێدابوو بەشێکی زۆریان خۆیان بۆ نمرەی بەرز ئامادەکردبوو، بەڵام بێ دەنگییەکی تایبەت پۆلەکەی پڕکرد، چونکە هیچ کام لە فێرخوازەکان وەڵامیان لانەبوو، تا ئەودەمە فێرخوازەکان نەیان دەزانی کە پیرەمێردی شاعیر و نوسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆلەر و وەرگێڕ ناوی (حاجی تۆفیق)ە.

بە گشتی نەزانینەکە پەیوەندی بەوەوە هەبوو هیچ کام لە فێرخوازەکان خوێنەری کتێب نەبوون، بەڵام خۆ خوێنەری کتێبیش بوونایە ڕەنگە پیرەمێردیان تەنها وەک شاعیرێک بناسیایە، یاخود بەهۆی پەندەکانیەوە بیان ناسیاییە و ئاگاداری بەرهەم و توانا گەورەکەی نەبوونایە لە بوارەکانی تردا، ئەمەش

هۆکاری خۆی هەیە کە لەدێڕەکانی ترداباسی دەکەم چۆن هەوڵی ونکردنی نووسینی پیرەمێرد دراوە لە ڕابردوودا.

پیرەمێـرد جـگە لە شـاعیری ڕۆژنامەنووسـێکی بەتوانـابووە، توانیـویەتی خزمەتێکی زۆری بـواری ڕۆژنـامەگەری کـوردی بکـات، هەروەهـا وەرگێـڕ و لێکـۆڵەرێکی بەتوانـابووە، چەنـدین سـاڵ لە ئەسـتەمبوڵ ژیـاوە و شارسـتانیەت و ڕۆشـنبیری دەرەوەی کوردسـتانی دیـوە، ئاگادارێکی وردی ڕووداوەکانی ئەودەمە بـووە، هەروەهـا ڕۆشـنبیرێکی بەئاگـابووە لە گۆڕانکارییەکـان و هـاتنی ئایـدۆلۆجیا جیاوازەکـانی جیهـان بـۆ کوردسـتان وکـاریگەری و لێکەوتەکان بۆ کۆمەڵگای کوردی و دۆزی کوردی.

لەدوای کۆتـایی هـاتنی جەنگـی یەکەمـی جیهـان و ڕووخـانی دەوڵەتـی عوسـمانی، کە بە پیـاوە نەخۆشـەکە ناسراوە،دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتیەکەی بە سەر وڵاتانی زلهێز کە لەناوچەکەدابوونیـان هەبـوو، کوردسـتانیش کەوتە ژێرکاریگەری دەسـەڵاتی ئینگلیزەکـانەوە، کۆمەڵگـای کـوردی کە ئەودەمە کۆمەڵگـایەکی هەژارنشـینی دوای جەنـگ بـوو زۆربەی هەرەزۆری دانیشـتوانەکەی نەخوێنـدەواربوون و کەمتـرین بـنکەی تەندرووسـتی و خوێنـدنگە بـوونی هەبـوو، لە ڕووی بۆچـون و بیروبـاوەڕەوە زیـاتر ئـاین زاڵبـوو بەسـەر سـەرجەم کایەکـانی

کۆمەڵگادا، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدا هێدی هێدی بۆچوون و فکری نویێ هاتە ناو کوردستانەوە.

فکری چەپ کە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)بە جیهاندابڵاوبۆیەوە،گەشەی کرد و گەیشتە کوردستانیش، لەبەرئ ەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دینی بوو ، هەروەها بە گشتی دەرەبەگ حوکمی دەکرد لە گوندەکان، چەپەکان هەوڵیاندا لە ڕێگای دوومەوە چالاکییەکانیان بکەن وکاریگەری بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاوە بەجێ بهێلن.

چەپەکان ئەوسا و ئێستا و ئایندەش سەرەکیترین دروشمیان (ئازادی)یەوە هەردەم دەیلێنەوە و پێیان وایە دەبێت خەبات بەردەوام بێت لە پێناو ئازادیدا.

پیرەمێردی شاعیریش وەک نووسەر و شاعیرێک و زمانزانێک بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە لەسەر فکری چەپ، کە لە نامیلکەیەکی تەنها (٨)لاپەرەییدا نووسیوەیەتی، بۆچوونی ڕەخنەیی توندی هەبووە و دژی فکری چەپ بووە.

(ئاوەڕەشەی ڕوسی سور) ناونیشانی ئەو نامیلکەیە کە پیرەمێرد لە ساڵی (١٩٤٠)نووسیویەتی و چاپی کردووە کە تێیدا ڕەخنە لە فکری چەپ دەگرێت،چونکە زۆر توندن و خۆیان بە پێشکەوتنخواز و دانا و ڕۆشنبیر دەزانن.بەڵام جگە لە خۆیان

کەسیان قبوڵ نییە هەموو بۆچوونێکی تر بە کۆنە پەرست و دواکەوتوو و نەزان ناوزەند دەکەن.

هەروەها پیرەمێرد ڕەخنەیان لێدەگرێت کە هەموو مێژوویان کورت کردۆتەوە لە ڕەخنەگرتن و دژایەتی کردنی (سەرمایە و سەرمایەداری) و هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لەناوبردنی هەموو سیستەمەکانی تر کە پیرەمێرد ئەمە بە توندڕەوەی دادەنێت.
پیرەمێرد لەسەر ئەم ڕەخنەگرتنە لەجیاتی وەڵامێکی ورد و قەناعەت پێکەری بدرێتەوە و لەڕێگای گفتووگۆ یان نووسین،ڕاستەوخۆ دوای چاپکردنی ئەم نامیلکەیە کە تەنها (٨)لاپەڕە و(٩٥)دێرە، چەپەکانی ئەو دەمە نەیانهێشتووە نوسخەکانی بڵاوبێتەوە و بکەویتە دەستی خەڵکی و کۆیانکردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هەردەم باسی ئازادی و گفتووگۆکردن وێردی سەر زاریان بووە. لەدوای مردنی پیرەمێردی شاعیر و ئەنجامدانی چەندین لێکۆلینەوە و چاپکردنەوەی دیوان وبەرهەمەکانی و لێکدانەوە بۆیان ئەم بەرهەمەی ونکراوە یاخود کاری لەسەر نەکراوە.

کە بە بڕوای من ئەمەش پەیوەندی بەو ڕەخنانەوە هەیە کە پیرەمێردی شاعیر لە چەپەکانی گرتووە، ئاشکراشە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کورد لە ماوەی ڕابردوودا خۆیان لەژێرکاریگەری چەپەکاندابوون، یاخودچەپ بوون، ئەم

چـاپەی ئێسـتاش لە لایەن لێكـۆڵەر( د.ئـاراس محـمەد سـاڵح).ە وەچـاپكراوە و دووبـارە نـوێ كـراوەتەوە بەهاوكاری بنكەی ژیـن كە نوسخەیەكیان لەدەستنوسـەكان لابـووە و گرنگی مێژوویـی خـۆی هەیە.

پرسـیارەكە لێـرەدا ئەوەیە ئایـا فكرێـك بەرگەی ڕەخـنەی نـاو نامیلكەیەك نەگرێت تەنها(٨)لاپەرە و(٩٥)دێرە، ئەگەر ئەم فكرە ببێتە خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسی و حوكومڕان چـۆن ڕێگا دەدات بەئـازادی كـاركردن بـۆ لایەن و گروپـی تر؟چـۆن ڕێگـا دەدات بە بـوونی بڵاوكـراوەی ڕەخنەیـی و نووسـینی ڕەخـنەی و بڵاوبـوونەی فیلم و دراما ئەگەر بە تێڕوانینێكی ڕەخنەیی بروانننە فكری چەپ، یاخود شێوازی حوكومڕانیكردنیان؟!

# تۆ مرۆڤ نیت!

کاتێـک ئەچیـتە شـاری سـلێمانی ئەو بینـا و تەلارانە ئەبینی بەنـاوی بەرگـری لە مـافی ژنـانەوە کـراونەتەوە، بـوونەتە هـۆی زۆربوونی ژن کوشتن و ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک بە تەنیشتی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانیدا دەڕۆیت و ئەو هەمـوو پیـاوە بەتەمەنە دەبینـی لەسـەر شۆسـتە و شەقامەکان و لەژێر بەفر و باران و گەرمای هاوین خەریکی تەزبیح فرۆشـتنن، لە کاتێکـدا ئەو چیـنەی کۆمەڵگـاکەن کە پێویسـتە ڕێزیان لێ بگیرێت، ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێـک ئەچیـتە نـاو بـازاڕێکی وەک کاسـۆمۆڵەوە ئەو کـچە گەنجـانە ئەبینـی کە زانکۆیـان تەواو کـردووە، هەریەکەی لە بوارێکـدا پسـپۆڕە و لەجیـاتی ئەوەی لە بـواری خۆیـان کاربکەن، وەکو کاڵا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە خولەکێکـدا ١٠ جـار ئەڵـێن تێسـت. زۆرجـار بەکـاردەهێنرێن بـۆ کـاری تـریش، تـۆش ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک ئەبینی بە ناوی ئازادییەوە کچی شارەکەت لە هەژاریدا، یان لەژێر کاریگەری ئەم دۆخەی میدیا دروستی کردووە و ژیانی هەموانی شێواندووە، چۆتە کافتریایەک و هەتا نێرگەلەیەکت بۆ دائەنێ چەندین جار تەحەروشی پێ ئەکرێ و تۆش بەوپەری سنگ بادانەوە دانیشتووی، هیچ ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک بۆ ژەمە خواردنێک ئەچیتە کام مۆڵەی گرانفرۆشە لە شارەکەدا، لە ئازاری ئەو ژن و کچە برسیانە تێناگەی کە لە بەردەم چێشتخانە ئاساییەکانی شاردا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی نانێکی نێوەڕۆیان بۆ بکڕیت، تۆش ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک بەناو بازاڕی شاردا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هاوڕێکەت، یاخود خێزانەکەت دەڕۆی بەرێدا و چەند هەنگاوێک پێش ئەوەی بگەیتە شەقامی مەولەوی باوکی شەهیدێک ئەبینی، کە هەموو ڕێز لێگرتنەکەی ئەوەیە ئیشی بۆیاخچێتی ئەکات و چاوەکانی لەسەر قۆنەرەکانتە بۆ ئەوەی بۆیاخی بکات و تۆش ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک دەگەیتە لای کتێبخانەکەی عومەری مەکتەبە و چەند هەنگاوێک خوارتر ئەچیتە ناو چایخانەی شەعبەوە بەناو ڕۆشنبیر و شاعیر و ڕووناکبیرەکانی شارەکەت دەبینی، هەموو خوێندنەوە و زانیاری و ڕۆشنبیرییان بووە بە تاوڵە و دۆمینە، ئێوارەشیان لێهات بە بەردەم ئەو هەمـــوو ئـــازارەدا شــــۆڕ ئەبـــنەوە بەرەو نـــادی مــۆزەفین، بەردەم دەرگــاکەش پــڕە لە منــاڵی هەژار ئەپــارێتەوە بنێشتێکی لێبکڕی، تۆش ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک ئەچیتە (سەرا) و ٩ ساڵ پێش ئێستات بیر ئەکەوێتەوە، کە خەڵک لەو شوێنە لە پێناو مافی خۆی شەهیدبوو و کۆمەڵێکی پێ گەورەبوون و بوون بە ئەندام پەرلەمان و خاوەنی شوقە و ڤێلا و تۆش ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێک بۆ سەیران و خۆشی و چێژبینین ئەچێتە بەرزاییەکانی شار بۆ وێنەگرتن و شەڕە تۆپەڵی بەفر، بەڵام هەر لە شارەکەت خەڵـك هاواردەکات بـۆ لیترێـک نەوت و تـۆش ویژدانـت ئـازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێـک خـۆت دەکەی بە دەمڕاسـتی دەنگی نـاڕەزایی خەڵکی ناوچەکەت، لەژێرەوەش بەناوی ڕێکخراوی ژینگە و گەشەپێدان و میـــدیا و دەزگـــاوە خـــۆت دەوڵەمەنـــدەکەیت و ناڕەزاییەکـــانی خەڵکیش کپ دەکەیتەوە و ویژدانت ئازارت نادات.

**تۆ مرۆڤ نیت!**

کاتێـک ئەو هەمـوو سـتەمە ئەبینیـت، کە یەکەم کەس خـۆتی بـووی بە قوربـانی، گوێی خـۆت لێ خەوانـدووە و دەسـتت گرتـووە بە کڵاوەکەتەوە با نەیبات، ویژدانت ئازارت نادات.

# ڕۆشنبیری کورد کێیە؟

لە ئێســـتادا بەهـــۆی ئەو پێشـــکەوتنە خێـــرایەی لە بـــواری تەکنەلۆژیـا هـاتۆتە ئـاراوە و جیهـان بـووە بە گونـدێکی بچـووک، ڕووداوێک بەسە بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵکی لە جیهاندا بیزانن، کە زۆرجـار بەشـێک لەم ڕووداوانە دەبنە مایەی هەڵوێسـتە لەسـەر کـردن لە لایەن ڕۆشـنبیرانی کوردیشـەوە بەتـایبەت لە باشـوری کوردستان.

ڕۆشنبیران لە باشوری کوردستان هەڵوێست و قسەکانیان لە چوارچێوەی ئەوەدایە، پێیان وایە ئەوان لە پێناو مرۆڤایەتیدا دەنووسن و دژی هەر جۆرە ئازاردان و کوشتنی مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت زیان گەیاندن بە دارێک، یاخود ژینگەی کۆمەڵگان.

هیومانیزم (مرۆڤدۆستی) چییە؟

واتای مرۆیی، یان مرۆڤایەتی دەبەخشێت. بە هەموو ئەو تیۆرانە دەگوترێ کە بڕوایان بە بەختەوەری و ڕێزدانان بۆ کەسایەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی هەمەلایەنی مرۆڤ و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەیە.

هیومانیزم بریتییە لە پەیوەندی و کۆنتاکتی ڕەوشتی ناسک، کە بنەما و بناغەکەی دەرهاتووی ناخی مرۆڤە، بەمەبەستی توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ژیان و ژینگە و کۆمەڵگاکەیدا. لێرەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ شتێکی مرۆڤانە نییە کە نامۆ بێت بە مرۆڤ.

هیومانیزم، وەک شێوازێکی ژیان بە واتای مرۆڤدۆستی و ڕوانینە مرۆڤ، وەک ئەوەی کە بوونەوەرێکی هۆشمەندە و دەبێت ڕێز لە توانایی و کەرامەتی بگیرێت، بۆ ئەمەش مرۆڤەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە.

ئەگەر ئەم دێــڕانەی ســـەرەوە بخـــوێنینەوە، کە لەســـەر مرۆڤدۆســتی نووســراوە، بیرێــک لە ڕابــردوو بکەیــنەوە دەبینــین ڕۆشــنبیری کــورد لە بــارەی ڕووداوی هێرشــکردنە ســەر گۆڤــاری (شــارلی ئیبــدۆ) لە فەرەنســا هەڵوێســتیان هەبــوو، ڕۆشــنبیرێک دەنووســێت پەلامــاردانی گۆڤــاری (شــارلی ئیبــدۆ) لە ســەرەتای ٢٠١٥دا، پەلاماردانی ئازادیی ڕادەربڕین بوو.

هەروەهــا هەر بەهــۆی مرۆڤدۆســـتییانەوە زۆر گرنگــی بە وەرگێڕانی کارەساتی هوڵۆکۆس دەدەن زۆر زیاتر لەوەی کار بکەن بۆ ئەوەی ئەنفال بناسێنن بە جیهان کاریان کردووە، بۆ ناساندنی جینۆسایدی جولەکەکان لای گەلی کورد، لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرانی کورد ئەو شەڕەی دەیکەن بەناوی مرۆڤدۆستییەوە و پێیان وایە دەبێـت پێکەوەژیـانی ژێـر دەسـەڵاتێکی سـیکۆلار دروسـت بێـت، لەسـەرو تێڕوانینی ئاینەوە بەدیاری کراوی ئاینی ئیسلام بڕواننە مرۆڤ تەنها دروشم و قسەی زلە، کاتێک دێتە سەر ئازارەکانی مرۆڤی موسوڵمان بێ دەنگ دەبن و وشەیەکیان لە دەم نایەتە دەرەوە لە کاتێکـــدا لە وڵاتێکـــی گەورەی وەک چـــین کە سیستەمێکی شیوعی باڵا دەستە کەمینەیەکی موسوڵمان تێیدا دەژی، نـزیکەی (١٠٠) ملیـۆن کەسـن بە گـوێرەی پـەیمانگای سیاسـەتی سـتراتیژی ئوسـترالیا لـە ڕاپۆرتێکـدا کـە لـە ڕۆژنامـەی واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات کە بە هەزاران موسڵمانی (ویگۆر) کە دەستبەسەرن لە زیندانێکدا وێڕای ئەوەی

پێشتر سزا ئەدران و تەلقینی بیروباوەڕیان دەکرا، ئێستا بە زۆرەملێ بۆ کارکردن ڕاپێچی (٢٧) کارگە دەکرێن لە (٩) کەرتی جیاجیای چین، لە نێویاندا کارگەی پێڵاوی براندی (نیك) کە براندێکی جیهانییە لە چین.

بەپێی راپۆرتەکە ئەو دەستگیرکراوە موسڵمانانە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨ – ٢٠١٩) لە کەرتی شینگیانگ لە شوێنی کارکردن و نیشتەجێبوونیان دوورخرانەوە و بەرەو کەمپێکی زۆرەملێی هاوشێوەی زیندان بردیانن بە بیانووی بنبڕکردنی پەڕگیری ئاینی، بەڵام لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بۆ پڕکردنەوەی زیانە ئابوورییەکان، حوکومەتی چین لەنێو کارگەکاندا کاریان پێدەکەن بێ ئەوەی هیچ هەقدەستێکیان بۆ سەرفبکات.

یاخود لە وڵاتێکی وەک هندستان کە زۆرینەی هندۆسن ڕۆژانە ئازار و ئەشکەنجەی کەمینەی موسوڵمانانی ئەو وڵاتە دەدرێت، کە ژمارەیان زیاترە لە (١٧٠)ملیۆن موسوڵمان، لە تازەترین بڕیاریدا پەرلەمانی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند ڕێگەنادەین ڕەگەزنامە بە هاوڵاتیانی کۆچبەری موسوڵمانی هەرسێ وڵاتی دراوسێی کە (ئەفغانستان و پاکستان و بەنگلادیش)ە بدرێ. کاتێکیش خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەستی پێکردووە زیاتر لە ٥ هەزار کەسیان دەستگیرکردووە و چەند کەسێکیان کوشتووە، هەروەها هێڵەکانی پەیوەندیان لە ناوچە موسوڵمان نیشینەکان ڕاگرتووە.

بەڵام لەم کـاتەدا ڕۆشــنبیران بـێ دەنگیـان هەڵبـژاردووە، بە بـڕوای مـن دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی لە نـاخی زۆرینەیانـدا هەڵگـری ڕقـن لە مرۆڤی موسـوڵمان، نەک هەر مرۆڤ دۆسـت نین، بەڵکو دژی ئاینەکەشـن کە ئیسلامە، پشگیری کردن لە موسـوڵمانانیش وەک ڕێگایەک نابینن بۆ پەیداکردنی پارە، ئەگینا ئەوان کەمپینی پاراسـتنی مـافی ئـاژەڵان و پاراسـتنی دار و درەخـت و سـەوزایی و ژیــنگە دەکەن، بە دەیــان ڕێکخــراوی ژینگەیــی و سروشــتیان دروستکردووە و ساڵانە پارە و نەسریەی بۆ وەردەگرن لە حسابی ئەم مــیللەتە، لەولاشــەوە ئێوارەیــان لێهــات بەرەو بــاخی گەورە پیـاوانی حیزب ئەڕۆن بـۆ خـواردنی گۆشـتی ئاسـک و برژانـدنی بە دارودرەختی وڵات .

لە هەرێمـی کوردســتانیش لە ئێســتادا کە نەخۆشــی کۆرۆنــا پرســێکی گەرمە، ئەم قەڵەم بەدەســتانە وەک بڵێـی زۆر خەمـی خەڵکیـان بێت گەورەتـرین هەرایان لەسـەر مامۆسـتایانی ئاینی و یەکێتی زانایـان دروسـتکرد، کە ئەنجـومەنی باڵای فتـوای هەرێم وتیان ناتوانین لەم کاتەدا نوێژی هەینی بوەستێنین، بەڵام خۆیان گێــل ئەکەن لەوەی کە هەمـــان ڕۆژ ئەنجـــوومەنی پارێزگــای سلێمانی هەوڵی کۆبوونەوەیدا بۆ ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگەکان و ڕێکــاری پێویســـت بــۆ خۆپاراســتنی هاوڵاتیــان، بەڵام حیــزبە دەسەڵاتدارەکان هاتنە سەرخەت و نەیان هێشت بڕیاری لەسـەر بــدرێت، ئەی بــۆ بــێ دەنگبــوون؟ لە خەمــی بڕینــی پــارەی

سـەنتەرەکانی بەنـاو تـوێژینەوە و ناوەنـدەکانی بەنـاو ڕۆشـنبیری و پەرەپێدانی سیاسیی و میدیا سێبەرەکانتاندا بوون؟ کە تائێستا بەردێکتان نەخستۆتە سەر بەردێک، یاخود ئێوەی ڕۆشنبیر وەک ڕۆبۆت ئەبێت حیزب بتان جوڵێنێت و کات و شوێنی قسەکانتان بۆ دیاری بکات؟

ئەمەیە ڕۆشنبیری کورد، نەک هەر خەمی مرۆڤێتی لەوسەری دونیـا و خەمـی ئـاژەڵ و ڕووەک و سـەوزاییەتی، بەڵام بەهـۆی ئەوەی حیـزبەکەی لە هەنـاوی خۆیـدا دژایەتـی ئیسـلامی هەڵبـژاردووە لە ئاسـت ئـازاری ملیۆنـان مرۆڤی موسـوڵمان لە جیهاندا کەڕوڵاڵە.

# کوردستان لە سەردەمی کۆرۆنادا

لە ئێسـتادا کە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا تەنگـی بە زۆربەی جیهـان هەڵچنیـوە، سیسـتەمی تەندروسـتی زۆربەی وڵاتە پێشـکەوتووەکانی جیهـانی خسـتۆتە ژێـر پرسـیارەوە، هـیچ چارەسـەرێکی خێرایـان پێ نییە بـۆ توشـبووانی ئەم ڤایرۆسـە و ڕۆژانە سەدان کەس لە وڵاتە جیاوازەکان گیان لەدەستدەدەن و هەزاران کەسـی تـریش وەک توشـبووی نـوێ تۆمـاردەکرێن، کوردسـتانیش بـێ بەش نەبـووە لەم ڤایرۆسـە کوشـندەیە و ڕۆژبەڕۆژ سـەرباری هەوڵەکـان، بەڵام ژمـارەی توشـبوان زیـاد دەکات.

لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، تـا ئێسـتا بە فەرمی هـیچ حـاڵەتێکی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا تۆمـارنەکراوە، هەر لە سـەرەتای دروسـتبوونی مەترسییەوە کە تۆمارکردنی یەک حـاڵەتە لە سـوریا، قەدەغەی هـاتوچۆی ڕاگەیانـدووە، هەروەهـا ڕاشـیگەیاندووە بـۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لەشی مرۆڤدا، ئامێرێکیان داهێنـاوە، کە لە (٣٠) چـرکەدا دەستنیشـانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا دەکـات لە لەشـدا. بەڵام بەهـۆی هەژاری و کەمـی پێداویسـتی پزیشکی و مادی چاوەڕوان دەکرێت بەقەد دوژمنێکی هاوشێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان قوربـانی بخـاتەوە، ئەگەر هاوڵاتیـان ڕۆشـنبیری خۆپارێزیـان نەبێـت و پابەنـد نەبـن بە ڕێنماییەکانەوە.

لە بـاکوری کوردسـتانیش لەم سـەردەمی کۆرۆنـایەدا دەوڵەتـی داگیـرکەری تـورک لەسـەر سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتانەی خـۆی بەردەوامە، لە ڕۆژانـی ڕابـردوودا دووبـارە دەسـتی کـردۆتەوە بە قڕکردنـی سیاسـی و دەسـتگیرکردنی سـەرۆک شـارەوانی شـارە کوردییەکان و بەردەوامە لە هەوڵی سڕینەوەی گەلی کورد.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانیش گەشەسـەندنی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بەردەوامە، کـوردانی ئەو بەشـەی کوردسـتان بـاس لەوە دەکەن کە دەوڵەتـی ئێران هـیچ لە خەمـی خەڵکی نـاوچەکەدا نیـیە و ڕۆژانە مەرگی ئازیزانیـان دەبـین و کەرتـی تەندروسـتی ڕووی لە

شکستـــه، چـــاوەڕوانی قوربـــانی زۆر ئەکرێـــت لە نـــاو نـــاوچە کوردییەکاندا.

هەرچی سیاسـییە حوکومڕانەکـانی باشـوری کوردسـتانە لە جیاتی هاوکاری کردنی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارکردن بـۆ دۆزی کـورد لە بـاکوری کوردسـتان بە هەر ڕێگـایەک بێـت، بەڵام پاش چارەکە سەدەیەک لە حوکومڕانی ناتوانێت مووچەی مـانگێکی فەرمانبەران دابین بکات و ڤایرۆسی کۆرۆنـای کـردۆتە کاڵای دەستی بۆ چەوساندنەوەی فەرمانبەران، بە پارەی نەوتی دزراوی ئەم مـیللەتە خێر لە خـۆ نەدیـوە یەک لەشـکر میـدیای سـێبەری دروسـت کـردووە، لە کاتێکـدا کە پارێزگـاری سـلێمانی هەواڵی دۆزینەوەی چارەسـەر، یـاخود دابینکردنی دەرمان لەزاری کۆمپانیـایەکی نـاوخۆییەوە بڵاودەکـاتەوە، دەکەونە هێرشـکردنە سـەری، پرسـی ئەم ڤایرۆسـە ترسناکەشـیان کـردووە بەململانێی حیزبی، وەزارەتی تەندروستیش سەرباری ئەوەی ناوچەی سلێمانی بە زۆنـی پـڕ مەترسـی ڤایرۆســەکە دیـاری کــردووە و ڕۆژانە توشـبووی نـوێ تۆمـار دەکرێـت، بەڵام شـەوان کە ئامارەکـان بڵاودەکـاتەوە زۆربەی دەرئەنجـامی پشـکنینەکان هـی شـاری هەولێرە، لە کاتێکدا ڤایرۆسەکە لە سنوری سلێمانی بەربڵاوترە.

# کتێب و هاوێرگە

لە ماوەی ڕابردوودا لەدوای گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە هەرێمی کوردستان و بڕیاردان بە قەدەغەی هاتوچۆ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و هاندانی هاوڵاتیان بە مانەوە لە ماڵەوە، بە نەچوونە دەرەوە خۆیان هاوێرگە بکەن بۆ ئەوەی بەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵکی تردا نەبێت، بەهۆی ئەوەی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە بەشێوەیەکی زۆر خێرا و ئاسان دەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کە تەنها کەسێک بەسە بۆ ئەوەی دەیان کەس توش بکات.

هەر بۆیە لە ڕاگەیاندنەکانەوە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان زۆر گرنگی بەوە دەدەن هاوڵاتیان هانبدەن بۆ ئەوەی ئاشت ببنەوە لەگەڵ کتێب، لای هەموان ئاشنایە (کتێب خوێندنەوە) کردنەوەی دەرگای مەعریفەیە لای مرۆڤ، بەڵام لەم سەدەی بیست و یەکەدا، تا ئێستاش کتێب خوێندنەوە نەبووە بە کلتور، هاوڵاتیان لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا زۆربەی کاتەکانیان بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەسەردەبەن، کە لەجیاتی ڕۆشنبیری جەهل بڵاودەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە بۆ جەخت لە خوێندنەوەی کتێب دەکرێتەوە ؟ ئایا کتێب خوێندەوە چی بەرهەم دەهێنێت لە کوردستان؟

لە هەرێمی کوردستان ئەو نوخبەی ڕۆشنبیر و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان کە هاوڵاتیان هاندەدەن بۆ خوێندنەوەی کتێب، لە ماوەی ڕابردوودا لە جیاتی دروستکردنی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر و یاخی، لە جیاتی دروستکردنی ڕوناکبیر و نووسەری بە هەڵوێست، لە جیاتی دروستکردنی ڕۆژنامەنووسی بە جورئەت، لەشکرێک لە ڕۆشنبیری حیزبی دروستکردووە، کە لەپاش نزیکی سی ساڵ لە حوکومڕانی پڕ لە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، تازە لە نووسینی کتێبی پڕ لە ستایش و ماستاوچێتی دایە، بۆ ئەوەی خۆی شیرین بکات لای نەوەی دووەمی سیاسییەکانی شاخ، لە هەرێمی کوردستان نووسەران لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا زۆربەی هەرە زۆریان نوکی پێنووسەکانیان لە جیاتی ڕەخنەی جددی و بەجێ، بە نوکی پێنووسەکانیان ژەهریان ڕشتووە بە کۆمەڵگادا و هۆکارێک بوون بۆ بەردەوام بوونی گەندەڵی و شۆڕبوونەوەی بەناو سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگادا، نیچەی فەیلەسوف لە کتێبی (مرۆڤی باڵادا) دەڵێت:" لەدیدی مرۆڤی باڵاوە ئەم کەسانە نەفس نزمن، پارە پەرست، ماستاوچییەکان، ڕەشبینەکان، هەواڵدەرەکانی دەسەڵات و ئەو نووسەرانەی کە لەبەر خاتری پارە ئامادەن هەموو پۆخڵەواتێک بنووسن".

هەر لە مـاوەی ڕابـردوودا نووسـەرێکی بەنـاو تەنزنـووس لە بەرنـامەیەکی تەلەفزیۆنیـدا لێیـان پرسـی ڕەخـنەت چیـیە لە نووسـەران لە وەڵامدا وتی خۆیان نـادەن لە هێڵە سـورەکان، لە ڕاستیدا من چاوەڕێبووم هێڵە سورەکان لای ئەو قسەکردن بێت لەسـەر گەنـدەڵی و دەوڵەمەنـدبوونی نایاسـایی هەزاران کەس لەسـەر حسـابی کـۆی کۆمەڵگـا و نەبـوونی هێـزی نیشـتمانی و ناکارایی پەرلەمان و فاشلی حوکومڕانی چارەکە سەدەی ڕابردوو، بەڵام نووسـەری بەنـاو تەنزنـووس هێڵی سـور لای ئەوەبـوو کە بەشێک لە نووسـەران دەربارەی ئاین نانووسـن و  قسـە ناکەن، یـاخود مجـامەلەی ئیسـلام دەکەن و قسـەی جـددی لەسـەر ناکەن!؟

ئەمە جگە لەوەی لەشـکرێکی تـر کە بەنـاو ڕۆژنامەنووسـن لە پشـتی کۆمپیـوتەر و مۆبایلەکانیـانەوە، لە ڕێگـای سـایتی سـێبەر و بەنـاو ئەهلی و سـەربەخۆ و سـەدان پەیجی بێ دایـک و بـاوکەوە سـەرتاپای ڕاسـتییەکانی کۆمەڵگایـان شـێواندووە ، حەقی هـاوڵاتی کە لای دوو حیزبی دەسەڵاتە، وایان کردووە کە هاوڵاتی بە شـەو و بە ڕۆژ جنێو بە ئەو هێز و چالاکوان و ڕۆژنامەنووسانە بدات کە ڕەخنە دەگـرن لەم هەمـوو گەنـدەڵی و سـتەمکاریەی هەیە لە هەرێمی کوردستان.

وایـانکردووە خەڵکـی بێنـان و بێژیـان دەسـەڵات وەک بـێ دەسـەڵات ببیـنن و ئەو لایەنە سیاسـیانەی ڕەخـنەی تونـد و

جددیان هەیە و شەڕ دەکەن لە پێناو هاوڵاتیدا وەک دوژمن و گەندەڵ ببینن.

لە کۆتایدا دەپرسم خوێندنەوەی کتێب ئەمە بەرهەمەکەی بێت کە ئەم نوخبە ڕۆشنبیرەی دروستکردووە، خەڵکی بە چی وزە و توانایەکەوە مەیلی بۆ خوێندنەوە بچێت؟ هیوای بە کێ بێت ژیانی بگۆڕێت؟

# هەڵەبجە ئازارێکی بەردەوام

لەگەرمی شەری هەردوو دەوڵەتی دراوسێ عێراق و ئێران لە لایەک، کە ڕۆژانە سەدان کەسی لە هەردوو دەوڵەت دەکردە قوربانی.هەروا ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ تاک بە کاتی هاوڵاتیانی هەردوو وڵات دەهێنا، لەلایەکی تریشەوە  شەڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق،  کە لە لایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە بەڕێوە دەبرا، کە بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی سیاسی ئەو کاتی کورد خوێندنەوەی وردیان بۆ دۆخەکە نەبوو.

هەربۆیە بوونە بەشێک لەو ململانێ لەو شەڕە سەختەی بۆ ماوی هەشت ساڵ بەردەوام بوو. لەدەرئەنجامدا قەزای هەڵەبجە بە شێوەیەکی کاتی کەوتە دەست بەشێك لە هێزی

پێشمەرگە، پاشان ڕژێمی سەدام بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتە بۆردومانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیای قەدەغە کراو. کە لە چەند خولەکێکدا زیاتر لە (٥) هەزار کەسی شەهید کرد و هەزاران کەسی تری بریندارکرد.

برینــدارەکانی چەکــی کیمیــاوی، لەجیــاتی چارەســەر لە نەخۆشخانەکانی عێراق، ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران کران. کە تا ئێستاش ژیانی بەشێک لەو برینداران و کەسوکاری شەهیدان لەژێر کاریگەری ئەو کیمابارانەی ئەو کاتدا ماوە.

ئێستاش کە (٣٢) ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە دا تێپەڕیوە، سەرباری ئاوەدانی شارەکە و کردنی بەشێک لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بۆ شارەکە. هەروەها کردنی شارەکە بە پارێزگا، بەڵام ئەو شارە برینێکی سارێژنەبووە، ئازارێکی بەردەوامە. چونکە خزمەتگوزاریەکانی هەر لەئاستی پێداویستیدا نین. ئەمە سەرەڕایی بوون بە پارێزگا هیچ سیمایەکی شاری پێوە دیار نیە. تەنها ناوە و لایەنە سیاسیەکانیش لەجیاتی خزمەتکردنی شارەکە لەڕێگای نوێنەرانیان لە حوکومەتەوە، شارەکەیان کردۆتە شوێنی ململانێی سیاسی و لەبەرانبەردا خەڵك قوربانی دەدەن.

هەروەها تا ئێستا حوکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانیەوە وا لە حوکومەتی عێراق بکات قەرەبووی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی چەکی کیمایی لەو شارە بکاتەوە.

سەربارەی ئەوەی حیزبەکوردیەکان لەزۆربەی وڵاتانی جیهان و ئەوروپا نوێنەرایەتیان هەیە و ساڵانە پارەیەکی زۆری بۆتەرخان دەکەن. بەڵام وەک پێوست کاریان بۆ کەیسی هەڵەبجە نەکردوە بۆئەوەی لەسەر ئاستی جیهان وەک جینۆساید بیناسێنن.

بەبڕوای من ئەمساڵ بۆ خەڵکی هەڵەبجە هێمای خۆشحاڵیە! چونکە بەهۆی مەترسی کۆرۆناوە هیچ یادێک بەهۆی (٣٢)ساڵ تێپەرین بەسەر کیمیابارانکردنی شارەکەدا ناکرێتەوە.

هەربۆیە ئەمەش وا دەکات کە بۆنەی نەکردنەوەی یادەکەوە هاوشێوەی ساڵانی ڕابوردوو، پارەیەکی زۆر نەخورێ و گەندەڵی تێدانەکرێت و دواتر بەخزمەت بەشارەکەی بفرۆشنەوە. هەروەها بەڵێنی گەورەی بێ ناوەڕۆک بەخەڵکی شارەکە نەدرێت کە دواتر بەدڵنیاوە هیچی لێ جێبەجی ناکرێت.

# مافیاکانی کوردایەتی

ناسـیۆنالیزم، یـاخود کـوردایەتی لە سـادەترین پێناسـەیدا "هەوڵدان بێت بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە پاراستنی زمان و کلتـوری نەتەوەکەی، هەوڵـدان بێـت بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی و دەرچـوونی بێـت لە ژێـر دەسـەڵاتی داگیرکەرانـی خـاکەکەی، دابین کردنی ژیانێکی دادپەروەرانە بێت لە سایەی ئەو دەسـەڵاتەی حیزبانەوە کە خۆیان بە نوێنەری کوردایەتی لە هەرێمی کوردسـتان دەزانـن" ئەوا تێـدەگەین حیـزبە زلهێزەکـانی کوردستان کە بریتین لە پارتی و یەکێتی، هەتا لەشاخ بوون ئەم بابەتی کوردایەتیە ئامرازێکی باشبووە بۆ چوونە ململانێ لەگەڵ دەسـەڵاتە دیکتاتۆریەکانی عێراق و سۆزی خەڵکیان ڕاکێشـاوە. بەڵام لەناوەڕۆکدا ئەو کوردایەتییەی باسیان لێوەکردووە تەنها وەک ڕێگایەک بەکاریانهێناوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

هەردوو حیـزبەکە لە جیـاتی پاراسـتنی زمـان و کلتـور و نەتەوەکەیان، هەر لە قۆناغی شـاخدا خوێنی گەنجەکانی خۆیان دەڕشـت لە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی شەخسـی و مـانەوەی شەخسەکانی سەرەوەی حیزبەکانیان.

هەر سیاسـەتی هەڵەی ئەمـان بـووە هۆکارێـک بـۆ کارەسـاتی هەڵەبجە و ئەنفال. ئەوان کە هـاتنە شـاریش لەسـەر جەسـتەی کـوردایەتی ژیـان. بەڵام لە جیـاتی دەوڵەتـداریی و دروسـتکردنی

دەوڵەتی دامەزراوەیی، یەکەم هەنگاو کەوتنە دزینی کەرەستە و پێویستی فەرمانگە حکومەیەکانی ئەو کات، دواتر لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی دوای بەعسدا کەوتنە تەزویرکردنی دەنگی هاوڵاتیان، کە لەم ڕێگایەوە هەنگاو بەهەنگاو هەڵبژاردنیان لە ڕێگایەک بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، گۆڕی بە ڕێگایەک بۆ بێ ئومێدکردنی هاوڵاتیان لە گۆڕانی حوکومرانی.

دواتر شەڕی ناوخۆیان هێنایە بەردەرگای هەموو ماڵێکی ئەم هەرێمەوە. لە جیاتی دروستکردنی پێکەوە ژیان لە نێوان هاوڵاتیان، هەموو ماڵێکیان کرد بە دوژمنی ئەوی تر و شارچێتیان داهێنا.

لە بری پاراستنی زمان، وایان لە هاوڵاتی کرد لە سنوری سلێمانی گاڵتە بە زاراوەی خەڵکی دهۆک و زاخۆ بکات، یان بەپێچەوانەوە. تەنانەت لە نێوان زاراوەکانی سلێمانی و گەرمیاندا گرفت دروست بکەن. خەڵکیش بوو بە بەشێک لەو ململانیەی ناشیرینانەی کە ئەوان دەستیان پێکردبوو. تەنانەت ئەم حیزبانە وایان لەخەڵکی کرد لە جیاتی ئەوی هەوڵبدان لە لادێکان بژی کە دەتوانن بڕبڕەی پشتی ئابوری بن و ئاسایشی خۆراک دابین بکەن، هاوڵاتی شار ڕقی لە خەڵکی گوندبێت و هەستی خۆبەکەم زانین دروست بکات لە لای خەڵکی گوندەکان.

لەدوای ئەم کارانە قۆناغی ڕوخانی حکومەتی بەعس دەستی پێکرد کە لێرەوە کوردایەتی دووبارە خۆی نوێکردوە لە ڕووی دروشمەوە. هەر ماوەی جارێک وەک کارتی فشار بەکار دەهات، بەتایبەت پرسی سەربەخۆی کوردستان.

بەڵام لە ژێر ئەم ماسکەدا هەزاران کەس بەهۆی هاتنی ئەو پارە زۆرەی بەغداوە بوون بە ملیاردێر و سەرانی دەسەڵاتداری کورد بوون بە مافیای کوردایەتی.

مافیای کوردایەتی "ئەو کەسانەن لە جیاتی پاراستنی زمان بە بەرنامە و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کە لەسەر حسابی خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی هەرێم کە مێشکیان پرکراوە لە کوردایەتی زمانی کوردی دەشێوێن و ئەخلاقی کۆمەڵگا تێکدەدەن."

ئەمانەئاشتی کۆمەڵایەتیان شێواندووە و لە تەنیشتی دروشمی ئازادی و یەکسانی بۆ گەلی کورد، ئازادیان لە کەدارکردو یەکسانیان لە نێوان دوو ئەندامی یەک خێزاندا نەهێشت و خۆیان بوون بە خاوەنی باخ و فێلا و کۆمپانیا و سەروەت و سامانێکی زۆر لە بانکەکانی ئەوروپا

.

بەشێک لەم سەرکردایەتیەی کوردە لە جیاتی پاراستنی نەتەوە، هێزی داگیرکەریان هێنایە ناو خاکی کوردستان و

چاوساغی داگیرکەریانکرد بۆ شەری کوردانی بەشەکانی تری کوردستان.

بەرهەمی دروشمەکانی کوردایەتی بۆ هاوڵاتیان بریتی بوو: لە دورکەوتنەوەی لە ئاینەکەی، وێران بوونی زمان، ڕوخاندنی هەستی نیشتمانپەروەری، بێ هیوابوون لە هەڵبژاردن، ژیان کردن بێ مووچە و پارانەوە لەبەردەرگای ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس بۆ ژەمێک نان، نەتوانین بۆ سەردانی کردنی پزیشکێکی پسپۆر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی، نەبوونی ئاوی پاک و کارەبا کە پێداویستی سەرەتای هەر هاوڵاتیەکن.

نەبوونی هەلی کار و لەبەرامبەردا خۆ بچوککردنەوە لەبەردەمی شەخس و حیزبدا بۆ دەستکەوتنی هەلێکی کاری ناشایستە بە بڕوانامە و بوارە ئەکادیمەیەکەی خۆی.

بەڵی کە بەرهەمی دروشمەکانی کوردایەتی ئەمانە بووبێت بۆ هاوڵاتیان، ئەوا ژیانی فیرعەون ئاسابووە بۆ خاوەن دروشمەکان و خۆیان و کەسوکاریان و عەشیرەت و پاش دزەکانیان لە باشترین زانکۆکانی جیهان دەخوێن و لە باشترین نەخۆشخانەکانی جیهان چارەسەر بۆ خۆیان وەردەگرن و سوپایەکی گەورەش لە ڕاگەیاندنەوە پشتیوانیانە و بەرگریانیان لێدەکات. چینێکی کۆیلەش هەیە کەتا ئێستاش وێنەی ئەم سیاسیانەی بە گۆشەکانیماڵەکەیەوە هەڵواسیەوە لە جیاتی پێگەیاندنی

منداڵەکەی بە پەروەردەی دروست، باسی پاڵەوانی سەرۆکی حیزبی بۆ دەکات، کە ئەم وێنەکەی هەڵواسیەوە لە ژوورەکەیدا.

# تاکەی جەستەی گەریلاکانی پەکەکە بە لەت لەت کراوی ببینین ؟

پێشتر جارجار گوێبیستی هێرشی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا دەبووین بۆ سەر گەریلاکانی پەکەکە، لە زنجیرە چیای قەندیل و دواتر هەواڵی شەهیدبوونی گەریلایەک یان چەند گەریلا بڵاودەکرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەوەیە لە دوو ساڵی ڕابردوودا فرۆکەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا بە ئاشکرا سنوری بۆردومانەکانیان فراوان کردوە، نەک هەر قەندیل بەڵکو لە شەنگال و دهۆک و شاخی ئەزمەر و سنوری رانیە و قەڵادزی و لە نوێترن بۆردومانیشدا لە سنوری قەزای ماوەتی سەربە پارێزگای سلێمانی هێرشکردۆتە سەر ئوتومبێلێکی گەریلاکانی پەکەکە، جەستەی لەت لەت بووی گەریلاکان ناخی هەموو کوردێکی بەشەرەف دەهەژێنێت.

بەردەوامی هێرشەکانی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە وای کردوە نەک هەر گەریلاکانی پەکەکە لە هەر بۆردومانێکدا گریمانەی ئەوە بکرێت کە سەرکردەی باڵای ئەو حیزبەش،شەهیدبکرێت، کە

ئەمەش نیشـانەی چـالاکبوونی بێ سـنووری دەزگـای هەواڵگـری تورکیـایە لە باشـوری کوردسـتان. ئەم دۆخەی هـاتۆتە ئـاراوە بەرئەنجامی شکستی حوکومڕانی کوردیە لە باشوری کوردستان چـونکە هێرشـکردنە سـەرخاکی وڵاتێکی تـر پێشـێلکردنی هەمـوو بەهـا دەسـتوری و بـڕگە یاسـایە نێودەوڵەتیەکـانە، کەچـی دەسەڵاتداری باشـور نەک هەربێ دەنگ و بێ هەڵوێستن، بەڵکو ڕێگایانداوە بەدرێژایی زیاتر لە (٣٥)کیلۆمەتر لەناوخاکی هەرێمدا هێزەکانی تورکیـان بـوونی هەبێـت و چەنـدین بارەگایی کـردۆتەوە، لە دوای سـاڵی (٢٠١٧)،وە هەر هێزێکـی تورکیـا هـاتبێتە هەر نـاوچەیەکی باشـوری کوردسـتان ئامـادە نەبـووە بەجێی بهێڵێـت، ئەم هێزانە بەردەوامیشـن لەسـەر پێشـڕەوی کە زۆرجـار جگە لە شەهیدکردنی گەریلاکانی پەکەکە هاوڵاتیانی ناوچەکەشی کردوە بەقوربانی و زەرەرو زیانی گیانی وماڵیان لێداون. لەت لەت بوونی جەستەی گەریلاکان بەردەوام دەبێت، چـونکە ئەم دوو حیزبەی لەباشوری کوردستان حـوکمی ڕەهـای کوردستان دەکەن، تاوەکو ئێسـتا گرێـدراوی هەردوو وڵاتـانی تورکیـا و ئێـرانن لە پێنـاو بەژەوەنـدی ئـابوری خۆیانـدا ئامادەنین گۆڕانکاری لە سیاسـتەی گشتی و سیاسەتی دەرەوەیاندا بکەن.

بەهـۆی پـارتیەوە هەژمـوونی تورکیـا بە بەردەوامـی ڕوو لەزیـادبوونە لە هەرێـمی کوردسـتان، شـەهیدکردنی بەردەوامی گەریلاکان و هێرشکردنە سەریان لەهەر جوڵەیەکیاندا، گومانیش دەخـانە سـەر تواناکانی باشـوری کوردسـتان لە ڕووی ئەمنەیەوە.

بە بۆچوونی من گرفتی گەورە نەبوونی هێزی نیشتمانیە کە لە ئێستادا هێزە ئەمنیەکانی باشوری کوردستان جگە لەوەی دابەشبوون بەسەر هەردوو حیزبدا هێزی شەخس و بەرپرسیش دروستبووە کە لە جیاتی ئینتمانی نیشتمانی ئینتمایان بۆ شەخس و حیزب یاخود بڕێک مووچەی مانگانە هەیە، لە کاتێکدا کە ئەم هێزانە شایستەی ژیانی شەرەفمەندانەن. باشترین چارەسەر بۆ کۆتایی هاتن بە شەهیدکردنی گەریلاکان گەڕانەوەیە بۆ پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان و دیدگای نەوشیروان مستەفا بۆ پرسی پارچەکانی تری کوردستان، کە بریتیە لەوی پێویستە پەیوەندیەکانی باشوری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لە ڕێگای حکومەتەوە بێت و لەسەر حسابی بەرژوەندی پارچەکانی ترنەبێت، چونکە باشوری کوردستان لە ژێر بەرپرسیاریتی گەورەدایە بەرامبەر پارچەکانی تری کوردستان، کە زمان و کلتورو ئاین و نەتەوەیان لە ژێر مەترسی لەناوبردندایە، پێویستە هەرچی هێزەکانی باشوری کوردستانە سەرجەمیان هێزی نیشتمانی تۆکەمە بن و هەموو پێداویستیەکیان بۆ دابین بکرێت، لە جیاتی پاراستنی باخی بەرپرس و ماڵ و بەکارهێنانیان لە ناڕەزایەتیەکانی ناوخۆ و سەنگەرگرتن بەرامبەر هێزەکانی پارچەکانی تری کوردستان،بەرگری کردن لە سنورەکانی باشوری کوردستان ئەرکی سەرشانیان بێت و ئامادەبن بۆ هەر هاوکاریەک بۆ بەشەکانی تر و بە ئەرکی خۆیانی بزانن و پیشەکەیان بە پیرۆز بزانن.

درەنگ یان زوو لە پێناو باشوری کوردستان و پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێت ئەم پرۆژەیە هەر جێبەجێبکرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەم جۆرە سیاسەت کردنە ئەوا نەک هێرش بۆ سەرگەریلاکان بەردوام دەبێت بەڵکو ژیانی هەر هاوڵاتیەکی باشوری کوردستانیش لەمەترسیدادەبێت، هەروەها هەرکاتێک ئەم وڵاتە داگیرکەرانە بیانەویت دەتوانن ئەم خۆبەڕێوەبەریە دەستووریەی لە باشوری کوردستان هەیە و ناونراوە هەرێمی کوردستان بەهۆی لاوازی و نەبوونی پایەکانی دەوڵەتداری بڕوخێنن.

# دیسانەوە ڕیفراندۆم

سێ ساڵ تێپەردەبێت بەسەر بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان کە لە لایەن زۆربەی حیزب و لایەنە کوردستانیەکانەوە لە باشوری کوردستان بڕیاری لەسەردرا، لەوکاتەدا بەدوو ئاراستە داوا دەکرا ڕیفراندۆم نەکرێت یاخود دەنگی نەخێر بەرزبکرێتەوە کەمەیان ئەوەندەی مەرامی حیزبی و شەخسی بوو ئەوەندە دڵسۆزی نەبوو، بەڵام ئاراستەی دووەمیان کە بەشێک لە  ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و کەسانی دڵسۆز هاواریان کرد کە ڕیفراندۆم حەقە و ڕێگایە بۆ سەربەخۆی

کوردستان، بەڵام ئێستا کاتی نیە چونکە لە چارەکە سەدەی ڕابردووی حوکمرانی جووت حیزبدا هیچ پایەکی دەوڵەتی کوردی نەچەسپێنراوە و کاریشی بەشێوەی کرداری بۆنەکراوە، بەڵام دواجار ڕیفراندۆم کە پێشتر کارتێکی فشاری بەهێز بوو بەدەست سەرکردایەتی سیاسی کوردە وە ئەنجامدرا، حوکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەک هەرخۆی نەگرت لەبەردەم تەحەداو ڕووبەڕوونەوەکاندا کە وڵاتانی ناوچەکە وەک پیشەی هەمیشەیان کەوتبوونە هەڕەشە لێکردنی. هەروەها عێراقیش چەندین سزای هەرێمی کوردستانیدا کە لەدەرئەنجامدا ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەریان لێکەوتەوە و کورد لە قەزای دووزخورماتوو ئەوەی پێی کرا لە جینۆسایدا کەمتر نەبوو نیوەی خاکی کوردستانیش بەهۆی خیانەتەوە لە دەستدا.

لە پاش سێ ساڵ لەم ڕووداوە بەشێک لە حیزبە کوردیەکان لە بەغداد خەریکی شەڕەی وەرگرتنی وەزارەتدان و ئەوانەش ئەکەنە کاندید بانگی سەربەخۆی کوردستانیان دەدا بەگوێی خەڵکیدا، بەهۆی شکست هێنانی ڕیفراندۆمەوە هەمووان یەکتر تۆمەتباردەکەن کە ئەم دێڕە هەمان ئەو قسەی بیرخستمەوە کە دەڵێت( کەوتن هەتیوە و سەرکەوتن هەزارباوکی هەیە) کە بە دڵنیاوە ئەگەر ڕیفراندۆم سەرکەوتوو بوایە لەو کاتەدا کە سەرکەوتنی بۆ ئەوکاتیش ئەگەرێکی لاوازبوو، ئەوا ئێستا چۆن

عیلمانی و ئیسلامی خۆی بەخاوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەزانێت ئەوا ئاوها لە ڕیفراندۆمیشیان دەڕوانی.

ئەوەی گرنگە لە پاش ئەم بچووکبوونەوەی قەوارەی باشوری کوردستانە لەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی هاتنە ئاراوە و لە ناوخۆی کوردستانیشدا دۆخی ژیانی هاوڵاتی لەو پەڕی سەختیدایە سەرکردایەی سیاسی کورد چی کردوە بۆ ئەوی لە ئایندەدا هەرچۆنێک بووە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دەربازی بێت، ئایا پایەکانی دەوڵەتی دروستکردوە؟ ئایا لە ڕیگای کەرتی کشتوکاڵەوە کاری کردوە بۆ دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی خۆراک؟ ئایا حیزبەکوردیەکان توانیویانە و هەوڵیانداوە پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی دروسبکەن، لە رووی بازرگانی پەیوەندی پتەوی وای هەیە کە ئەم وڵاتانە لایەنی ئابووریان توشی شکستبیت بێ باشوری کوردستان و نەتوانن هەڕەشەی داخستنی سنووری لێبکەن؟ ئایا حکومەتی هەرێم چی کردوە و دەکات بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی بۆ ئەوەی گەنجەکانی کاری دەستکەوێت و ڕێگای کۆچ هەڵنەبژێرت؟

حکومەتی هەرێم هەوڵیداوە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی حکومەت و هێزە ئەمنیەکان لە دەستی حیزب دەربازی بێت و ببن بە دەزگا و

هێزی نیشتمانی؟ ئایا چی کراوە بۆ ئەوەی تاکی کورد ئیتمایی بۆخاک و نیشتمانەکەی بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئێستا کەسانێک فێربوون بە ئاشکرا لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان شانازی بە دیکتاتۆرێکی وەک سەدامەوە دەکەن؟ ئێستا دۆخێک خوڵقاوە کە ئەوانەی چەکی بەرگری لەشەرفی میللەتیان لەشان کردبوو شەرم لەخەباتەکەیان دەکەن و ئەوانەی جاش و خۆفرۆش بوون بە شانازیەوە جاشایەتیەکەیان بە هاوڵاتی دەفرۆشنەوە!

وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەها ئاراستەی هەردوو حیزبی حکومرانی زیاتر لە چارەکەسەدەیەکی باشوری کوردستان بێت، ئەوا پارت و لایەنەکانی تریش بەرکەوتەیان هەیە لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە کە ڕەنگە بۆ ئەم دۆخە زۆری وەڵامی پرسیارەکان ئەوبێت کە هیچ نەکراوە، بەڵام ئەوەی گرنگە کەی دەکرێت؟ کێ دوور لە ژاوەژاو هەرای ڕاگەیاندن بە بێدەنگی کورد لە باشوری کوردستان ڕزگاردەکات، بەڵام مەرجی پێشوەختەی دەوڵەت دروستکردنی هەرێمێکی بەهێزە دورستکردنی تاکێکی بە ئینتمایە بۆ خاک و نیشتمان کە دروستکردنی ئەم مرۆڤە هێندەی پێویستی بە ژیانێکی شەرەفمەندانە و دەسەڵاتێکی دادپەروەرە هێندە پێویستی بە فرۆشتنەوەی دروشمی گەورە و بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە

نیە کە شەخس بەرپرس و حیزب خۆی پێ گەورە بکات ئەویش نان نەبێت بیخوات.

## ١١٠ ڕۆژ ئازاری ژنێک

لە ماوەی ڕابردوودا کە شەپۆلی دووەم ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕووی لە کوردستان کرد، تا ئێستاش بەردەوامە، بۆیە هۆی گیان لە دەستدانی سەدان هاونیشتمانی، بەڵام بە ئازارترینیان ژنێکی تەمەن بیست ساڵی خەڵکی شاری خانەقین بوو، لە نەتەوەی کورد کە ١١٠ ڕۆژ بە ئازاری ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە نەخۆشخانە بوو. چەند ڕۆژی ڕابردوودا گیانی لە دەستدا، بەڵام کەس لە ئازارەکانی ئەم ژنە تێنەگیشت، میدیای کوردی تەنها وەک هەواڵێکی ئاسایی بڵاوکردەوە.

لە کاتێکدا دەتوانرا پێش مەرگی لە ڕێگای هەڵمەتی میدیای بەرفراوانەوە هەوڵبدرێت لە پێناو چارەسەرکردنی ئەم ژنەدا ڕاستە ڤایرۆسی کۆرۆنا تا وەکو ئێستا چارەسەرێکی تایبەتی نیە و جیهان پێوە گیرۆدە بووە، بەڵام خۆ هەموان دڵنیاین لەوەی کە سیستەمی تەندروستی وڵاتی تر لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتووترە، لەولاشەوە ڕێکخراوەکانی ژنان کە زۆربەی هەرە زۆریان گرێدراوی حیزبن و ساڵانە و مانگانە بودجە و مووچەی

تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت و لەسەر چەندین پرسی لاوەکی بە چەندین ڕۆژ قسە دەکەن و میدیا داگیر دەکەن، بەڵام بە هەموویان نەیانتوانی و هەوڵیان نەدا هاوکاربن لەوەی ئەم ژنە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت بەو هیوایەی چارەسەرێکی بۆ بکرێت.

زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیش کە بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەیان بە دیار تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەسەردەبەن هەفتە نیە کەسێک نەکەن بە ناوێکی گەورە و کچە مۆدیلێکی نوێ دروست نەکەن، چەندین بەخشراو و خاوەن پێداویستی تایبەت نەکەن بە مایەی خۆشی خۆیان و ئازاردانی ئەوان، ئەم زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیە بە بەردەوامی سەرقاڵی جنێودانە بە ئەو دراما کوردی و تورکیانەی پەخش دەکرێت، لەگەڵ جنێودان بە کچە مۆدێل و چالاکەکانی تری فەیسبووک، بەڵام هەرخۆیان بینەری بەردەوامی ئەم دراما و کەسانەن و زۆربەی کاتەکانییان بە دیار فیدیۆ ڕاستەوخۆکانییانەوە بەسەردەبەن، ئەم کەسانە لە بۆنە ئاینەکاندا دەم ڕاستی دینی ئیسلامن و زۆرترین هێرش دەکەنە سەر ئەو کەسانەی هەر بۆچوونێکیان هەبێت جیاواز لەوان، بەڵام کەمترین ڕەوشت و ئاکاری ئیسلام و موسوڵمانی ڕاستەقینە یان تێدا نیە، کە دەکرا ئەم لەشکرە لە تۆڕە کۆمەڵایتیەکان ئەگەر ڕۆشنبیری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان هەبوایە ببوونایەتە، گەورەترین کارتی فشار لەسەر دەسەڵات لە کاتی بوونی حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا کە ئازارچەشتنی ئەو

هاونیشتمانیە خانەقینیە و لە بەهاری تەمەنیدا بوو، بە ئامانجی هەوڵدان بۆ چارەسەکردنی.

هەروەها ئەم لەشکرە ئەگەر لەم جۆرە حاڵەتانەدا کاریگەری یان بە ئاراستەی باشە هەبوایە بە دڵنیاوە لە بوارەکانی تریشدا کاریگەریان دەبوو کە ڕەنگە هێندە بوونایەتە فشار لەسەر حکومەت دۆخی کوردستان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەوە ئێستا بە جۆرێکی تر بوایە دۆخی کوردستان نەک بەو جۆرە سەختەی ئێستا کە لە سەرجەم بوارەکانی خزمەتگوزاری و دابینکردنی مووچەدا شکستی هێناوە.

# پێرست


پێشەکی ........................................................................... ٤

سەرکردەکانی کورد و درۆ ...................................................... ٦

موزایەدەکردن بە ناوی پێشمەرگەوە .................................... ٩

خولانەوە لەناو بازنەی بۆشدا .............................................. ١١

بۆچی شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردی ڕوونادات؟ ................. ١٥

ئۆپۆزسیۆن بوونی گۆڕان هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێ ........ ١٩

دەوڵەتی کوردیش کرایە قوربانی بیرکردنەوەی خێڵ! ........... ٢١

کورد لە داعشەوە بۆ ڕیفراندۆم و هەڵبژاردن .................... ٢٣

دیسانەوە مادەی ١٤٠ ........................................................ ٢٦

ئێمە و مەرگی سپی .......................................................... ٣٠

کاریگەری بایکۆتی کاڵای تورکی دەرکەوت ........................ ٣٣

کۆمەڵگای خەوتوو ........................................................... ٣٦

کۆمەڵگای پڕ لە جنێو ...................................................... ٤٠

گەنجان و حیزب ............................................................... ٤٣

بێ ئومێدکردنی گەنجان ....... ...................................... ٤٥

چیم دی؟ ....................................................................... ...... ٤٨
تەقەی بەناو خۆشی ........................................................ .... ٥١
کلتووری دەنگدان لە کۆمەڵگای کوردیدا ........................... ٥٤
بانگەشەی هەڵبژاردن و ترازانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ..... ٥٦
هونەری سەرناوک و خوارناوک .................................. ٥٨
کرۆزانەوە بۆ بڕیار ............................................................ ٦٠
زیادبوونی ڕووداوەکانی کووشتن ........................................ ٦٣
پرۆسەی هاوسەرگیری لە مەترسیدایە! ............................. ٦٦
قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر گوندەکان ............. ٧٠
زانکۆ و کتێب .................................................................. ٧٤
لە زانکۆکانی کوردستان چی دەگوزەرێت؟ .......................... ٧٦
هونەر و ماچەکەی زانکۆ ................................................. ٧٩
ئەرێ سەدام فریشتە بوو؟ .......................................... ..... ٨١
پیرەمێرد و چەپ ....................................................... .. ٨٦
تۆ مرۆڤ نیت ........................................................... ٩١
ڕۆشنبیری کورد کێیە؟ .................................................. ٩٤
کوردستان لەسەردەمی کۆرۆنادا.......................................... ٩٩
کتێب و هاوێرگە ........................................................... ١٠٢
هەڵەبجە ئازارێکی بەردەوام ........................................... ١٠٥
مافیاکانی کوردایەتی ........................................... ١٠٨
تاکەی جەستەی گەریلابە لەت لەت کراوی ببینین؟.... ١١٢

دیسانەوە ڕیفراندۆم ............................................... ١١٥
ئازارەکانی ژنێک ........................................................ ١١٩

